ڕووداو
RÛDAW
ژماره (569) دووشه‌ممه 2019/9/9 – 18ی گه‌لاوێژ 2719 (750) دینار

مێردی ژنه کوژراوه‌که‌ی به‌رده‌م دادگای هه‌ولێر:

# له‌گه‌ڵ ته‌قاندنی یه‌که‌م فیشه‌ک په‌شیمان بوومه‌وه

**ڕووداو– هه‌ولێر**

ئاکۆ قاسم، ئه‌و پیاوه‌ی ژنه‌که‌ی خۆی له‌ پێش دادگای هه‌ولێر کوشت قسه‌ بۆ (ڕووداو) ده‌کات و ده‌ڵێت 22 مانگ بوو چاوه‌ڕێی ئازادبوونی ژنه‌که‌ی ده‌کرد له‌ زیندان، تاوه‌کو بیکوژێ، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ته‌قاندنی یه‌که‌م فیشه‌ک په‌شیمان بووه‌ته‌وه.

رۆژی 2019/9/1 ئافره‌تێکی ته‌مه‌ن 27 ساڵ، به‌ناوی شادیه‌ جاسم حه‌مه‌د، له‌به‌رده‌م دادگای تێهه‌ڵچوونه‌وه‌ی هه‌ولێر، له‌لایه‌ن هاوژینه‌که‌یه‌وه‌ کوژرا. هه‌فته‌یه‌ک دوای ئه‌و ڕووداوه‌، هاوژینی شادیه‌ که‌ ناوی ئاکۆیه‌، قسه‌ی بۆ (ڕووداو) کرد و ده‌ڵێت له‌و کاته‌ی هاوژینه‌که‌ی به‌ تۆمه‌تی "ناپاکی" له‌ زیندان بووه‌، چاوه‌ڕێی ئازادبوونی کردووه‌، بۆ ئه‌وه‌ی که‌ هاته‌ ده‌ره‌وه‌ بیکوژێت، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ته‌قاندنی یه‌که‌م فیشه‌ک و بینینی خوێنی شادیه‌، په‌شیمان بووه‌ته‌وه.

ئاکۆ ده‌ڵێت هه‌تا ژنه‌که‌ی خیانه‌تی لێنه‌کردبوو، ژن و مێردێکی زۆر به‌خته‌وه‌ر بوون، به‌ڵام دوای ئه‌وه‌ ئیدی به‌ ژنی خۆی نه‌زانیوه. ئاکۆ ده‌ڵێت به‌یانییه‌ک که‌ به‌ ئاگا هاتووه‌، هاوژینه‌که‌ی به‌ ڕووتی له‌گه‌ڵ زاوایه‌کی خۆی بینیوه..

شادیه‌ سوور بوو له‌سه‌ر جیابوونه‌وه‌، ئاکۆش سووربوو له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ شادیه‌ بژی. ئاکۆ ده‌ڵێت: "په‌شیمان نیم له‌وه‌ی لێی جیانه‌بوومه‌وه‌ چونکه‌ به‌ڕاستی خۆشمده‌ویست، به‌ڵام په‌شیمانم له‌ کوشتنی".

«2



دەیڤید ڕۆمانۆ:

## هەنگاوە ئەرێنییەکەی حکومەتی هەرێم

19

## "له کەلار زەویی زیندانیانی سیاسی دەدرێتە کادیرانی یەکێتی"

4



جەعفەر شێخ مستەفا بۆ (ڕووداو):

## من هێشتا فەرماندەی یەکەکانی حەفتام

3

له 12 وەزیر پێکدێ

# حکومەت ئەنجوومەنێک بۆ چاکسازی پێکدێنێ

**ڕووداو– سلێمانی**

حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان ئه‌نجوومه‌نێک بۆ چاکسازی پێکدێنێ، یاریده‌ده‌ری سه‌رۆکی حکومه‌ت بۆ چاکسازی ده‌بێته‌ سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نه‌که‌ و 12 وه‌زیریش ده‌بنه‌ ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نه‌که.

حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان چاوه‌ڕێی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕانه‌ ناوی یاریده‌ده‌ری سه‌رۆکوه‌زیران بۆ چاکسازی بداتێ، به‌ڵام ئه‌ندامێکی جڤاتی نیشتیمانی ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌ ده‌ڵێت، به‌هۆی گۆڕینی به‌ربژێره‌که‌یان بۆ وه‌رگرتنی ئه‌و پۆسته‌، ناوی به‌ربژێره‌ نوێیه‌که‌یان هێشتا نه‌داوه‌ته‌ سه‌رۆک وه‌زیران.

سه‌رچاوه‌یه‌کی ئاگادار له‌ حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانه‌وه‌، دواکه‌وتنی ناوی به‌ربژێره‌کانی گۆڕان و یه‌کێتی بۆ پۆسته‌کانی یاریده‌ده‌ری سه‌رۆکی حکومه‌ت، بریکاری وه‌زیره‌کان، به‌ کێشه‌ نازانێت، به‌ڵام ده‌ڵێت "داوا له‌ بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان و یه‌کێتی کراوه‌، ناوه‌کانیان ڕه‌وانه‌ بکه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موو پۆسته‌کان پڕبکرێنه‌وه".

هێمن شێخانی، ئه‌ندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان ده‌ڵێت، دواکه‌وتنی یه‌کلاکردنه‌وه‌ی ناوی به‌ربژێره‌کانی ئه‌وان بۆ یاریده‌ده‌ری سه‌رۆکی حکومه‌ت و پۆسته‌کانی دیکه‌، دوو هۆکاری هه‌یه: "ڕێکخه‌ری گشتی بڕیاریداوه‌ هیچ ئه‌ندامێکی خانه‌ی ڕاپه‌ڕاندن ئه‌و پۆسته‌ وه‌رنه‌گرێت، هه‌ربۆیه‌ کاک جه‌لال جه‌وهه‌ر له‌ ناوه‌کاندا نه‌ماوه‌ و که‌سانی دیکه‌ به‌ربژێر ده‌کرێن".

سه‌باره‌ت به‌ ناوی به‌ربژێرانی پۆسته‌کانی دیکه‌، شێخانی ده‌ڵێ "بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان ڕۆژی 14ی ئه‌م مانگه‌ی ده‌ستنیشان کردووه‌ بۆ هه‌ڵبژاردنی خانه‌ی ڕاپه‌ڕاندن و ڕێکخه‌ری گشتی، به‌ هه‌موو ئه‌گه‌ره‌کان ناردنی ناوه‌کان بۆ دوای ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌ دواده‌که‌وێت و ده‌که‌وێته‌ دوای 14ی مانگ".

سه‌رچاوه‌یه‌کی ئاگادار له‌ بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان به‌ (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند: "تاوه‌کو ئێستاش جه‌لال جه‌وهه‌ر، ده‌یه‌وێ پۆستی یاریده‌ده‌ری سه‌رۆکی حکومه‌ت بۆ چاکسازی وه‌ربگرێت، به‌ڵام دوو به‌ربژێری دیکه‌ دانراون، ئه‌وانیش شوان قلیاسانی، ئه‌ندامی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان و کاردۆ محه‌مه‌د، په‌رله‌مانتاری پێشووی گۆڕان له‌ په‌رله‌مانی کوردستان، به‌ڵام چانسی شوان قلیاسانی به‌هێزتره".



بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان ده‌یه‌وێت به‌ وه‌رگرتنی پۆستی یاریده‌ده‌ری سه‌رۆکی حکومه‌ت پرسی چاکسازی بباته‌ نێو حکومه‌ت. ئه‌ندامه‌که‌ی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان زانیاریی نوێ ئاشکرا ده‌کات له‌باره‌ی شێوازی ده‌ستبه‌کاربوونی به‌ربژێره‌ یه‌کلانه‌بووه‌که‌یان و ده‌ڵێ "ئه‌نجوومه‌نێکی نوێی له‌نێو ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران بۆ دروستده‌کرێت و سه‌رپه‌رشتی ئه‌و ئه‌نجوومه‌نه‌ ده‌کات".

هێمن شێخانی، له‌باره‌ی ئه‌نجوومه‌نه‌ نوێیه‌که‌وه‌ ده‌ڵێ: "12 وه‌زیری حکومه‌ت ئه‌ندامی ئه‌و ئه‌نجوومه‌نه‌ ده‌بن و یاریده‌ده‌ره‌که‌ی سه‌رۆکی حکومه‌ت بۆ چاکسازی سه‌رپه‌رشتییان ده‌کات".

«3

## "کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح بە کەمتر لە سکرتێر ڕازی نابن"

**ڕووداو– سلێمانی**

یه‌کێتی نیشتمانیی کوردستان له‌ دوایین کۆبوونه‌وه‌ی سه‌رکردایه‌تیدا ڕۆژی حه‌وتی کانوونی یه‌که‌می ئه‌مساڵی دیاریکرد بۆ به‌ستنی کۆنگره‌ی چواره‌م. ئێستا یه‌کلاکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامانی کۆنگره‌ بووه‌ته‌ مژاری ئه‌و حیزبه.

فه‌رید ئه‌سه‌سه‌رد، ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی یه‌کێتی ده‌ڵێ، هێشتا میکانیزمی دیاریکردنی ئه‌ندامانی کۆنگره‌ دیار نییه‌ "به‌ڵام به‌پێی په‌یڕه‌وی ناوخۆ هه‌ر له‌ ئێستاوه‌ به‌شێک له‌ ئه‌ندامانی کۆنگره‌ دیارن". گوتیشی پارێزگای سلێمانی به‌و پێیه‌ی زۆرترین ئه‌ندام و ده‌نگده‌ری یه‌کێتی لێیه‌، ئه‌ندامی له‌ هه‌ر پارێزگایه‌ک زۆرتر ده‌بێت.

یه‌کێک له‌ کێشه‌کانی سه‌رکرده‌کانی یه‌کێتی شێوازی کۆنگره‌که‌ بوو. که‌ هه‌ندێکیان داوای ته‌وافوقی نێوان باڵه‌کان له‌ ده‌که‌ن. سه‌رچاوه‌یه‌کی ئاگاداری یه‌کێتی باسی دوایین کۆبوونه‌وه‌ی مه‌کته‌بی سیاسی حیزبه‌که‌ی کرد بۆ دیاریکردنی ڕۆژی کۆنگره‌ و گوتی: "له‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌ هه‌ندێک له‌ به‌شداربووان باسیان له‌ پێویستیی ڕێککه‌وتن کرد، به‌ڵام دواجار ڕێککه‌وتن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و پرسه‌ هه‌ڵبگرن بۆ لیژنه‌ی ئاماده‌کاری کۆنگره".

ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌ گوتیشی، باڵه‌کان هێشتا بۆخۆشیان نازانن ئه‌وه‌ چۆن ده‌بێت و به‌ چ بارێکدا ده‌که‌وێت "به‌ڵام ئێستا کاک کۆسره‌ت داوای ئه‌وه‌ ده‌کات وه‌ک که‌سی یه‌که‌می یه‌کێتی بمێنێته‌وه‌ و به‌رهه‌م ساڵحیش چاوی له‌وه‌یه‌، چونکه‌ ئه‌و دوو که‌سه‌ هه‌موو پۆسته‌کانیان تاقی کردووه‌ته‌وه‌ و به‌ که‌متر له‌ سکرتێری ڕازی نابن".

به‌پێی په‌یڕه‌و و پرۆگرامی یه‌کێتی، زیاتر له‌ 500 که‌س له‌ ئه‌ندامانی کۆنگره‌ وه‌ک ئه‌ندامانی مسۆگه‌رن. ئه‌وانیش: ئه‌ندامانی مه‌کته‌بی سیاسی، سه‌رکردایه‌تی، ئه‌نجوومه‌نی ناوه‌ند و په‌رله‌مانتارانی یه‌کێتی، تێکۆشه‌ره‌ دێرینه‌کان و ئه‌ندامانی پێشووی سه‌رکردایه‌تی. به‌ڵام جگه‌ له‌وانه‌، هه‌ر په‌یڕه‌وی ناوخۆی یه‌کێتی ده‌سه‌ڵاتی ئه‌وه‌ی داوه‌ته‌ سکرتێری گشتی که‌ 120 که‌س سه‌ربخات بۆ کۆنگره‌، ئاخۆ دوای تاڵه‌بانی، ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ له‌ده‌ستی کێدایه؟

ئه‌ندامێکی سه‌رکردایه‌تی یه‌کێتی که‌ نه‌یویست ناوی بڵاوبکرێته‌وه‌، ده‌ڵێ: "ئه‌و 120 که‌سه‌ بووه‌ته‌ بابه‌تێکی گرنگ که‌ ده‌بێت یه‌کلایی بکرێته‌وه‌، چونکه‌ کاک کۆسره‌ت ناتوانێ ئه‌وانه‌ سه‌ربخات، هه‌ربۆیه‌ چه‌ند پێشنیازێک هه‌ن، بۆچوونێک ده‌ڵێ دابه‌ش بکرێن به‌سه‌ر ئه‌ندامانی مه‌کته‌بی سیاسیدا و بۆچوونێکی دیکه‌ داوا ده‌کات وه‌ک پشکی ئۆرگانه‌ جیاوازه‌کانی یه‌کێتی دابه‌ش بکرێن".

«4

## هێڵی ئاسمانیی عێراق 51 ملیۆن دۆلار قەرزداری فڕۆکەخانەی هەولێرە

**ڕووداو – هه‌ولێر**

ژماره‌ی گه‌شته‌کانی هه‌ردوو فڕۆکه‌خانه‌که‌ی هه‌رێمی کوردستان (هه‌ولێر و سلێمانی) ڕۆژ به‌ ڕۆژ له‌ زیادبووندان، هه‌ردووکیشیان چاویان له‌وه‌یه‌ تاوه‌کو کۆتایی ئه‌مساڵ ببنه‌ خاوه‌نی ریکۆردێکی نوێ له‌ ژماره‌ی گه‌شت و گه‌شتیاران.

ته‌لار فایه‌ق، به‌ڕێوه‌به‌ری گشتیی فڕۆکه‌خانه‌ی نێوده‌وڵه‌تیی هه‌ولێر به‌ (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند "له‌ حه‌وت مانگی ڕابردوودا 1،104،463 گه‌شتیار له‌ فڕۆکه‌خانه‌ی هه‌ولێره‌وه‌ گه‌شتیان کردووه‌. به‌راورد به‌ ساڵی ڕابردوو ژماره‌ی گه‌شتیارانمان به‌ڕێژه‌ی 11.8% زیادی کردووه". گوتیشی "گه‌شبینین له‌ کۆتایی ئه‌مساڵ ژماره‌ی گه‌شتیارانمان بگاته‌ 2 ملیۆن گه‌شتیار".

ته‌لار فایه‌ق ئاماژه‌ به‌ زیادبوونی داهاتی فڕۆکه‌خانه‌ی هه‌ولێر ده‌دات و ده‌ڵێت: "ساڵی 2017 هیچ پاره‌یه‌کمان له‌ وه‌زاره‌تی دارایی وه‌رنه‌گرتووه‌، چه‌ند پرۆژه‌یه‌کی ستراتیژیمان بۆ گه‌شه‌پێدانی فڕۆکه‌خانه‌ له‌سه‌ر داهاتی خۆمان جێبه‌جێ کردووه‌. ئێستا خه‌رجی و داهاتمان له‌یه‌کتر نزیکه‌ و گه‌یشتووینه‌ته‌ ئاستی خۆبژێوی. پاره‌یه‌کی زۆریشمان له‌لای هێڵه‌ ئاسمانییه‌کانه‌، بۆ نموونه‌ 51 ملیۆن دۆلار قه‌رزمان لای هێڵی ئاسمانیی عێراقییه".

به‌پێی داتاکانی ده‌سته‌ی ئاماری هه‌رێمی کوردستان که‌ پشتی به‌ ئاماری هه‌ردوو فڕۆکه‌خانه‌ی نێوده‌وڵه‌تیی هه‌ولێر و سلێمانی به‌ستووه‌، له‌ ماوه‌ی چوار ساڵی ڕابردوودا 8 ملیۆن و 516 هه‌زار گه‌شتیار (4،305،437 هاتوو و 4،210،593 ڕۆیشتوو) له‌ ڕێگه‌ی فڕین و نیشتنه‌وه‌ی 97،696 فڕۆکه‌ له‌ هه‌ردوو فڕۆکه‌خانه‌ی نێوده‌وڵه‌تیی هه‌ولێر و سلێمانی گه‌شتیان کردووه‌. له‌م ژماره‌یه‌ش 5،488،843 که‌س گه‌شتیان بۆ ده‌ره‌وه‌ کردووه‌ و 3،027،187 گه‌شتیش بۆ ناوخۆ بووه.

«8

## دوو بەرپرسی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەستگیر دەکرێن

**ڕووداو – هه‌ولێر**

دوو به‌رپرسی وه‌زاره‌تی سامانه‌ سرووشتییه‌کان که‌ به‌ هه‌وڵدان بۆ هێنانی سووته‌مه‌نیی کواڵیتی خراپ تۆمه‌تبارن، له‌لایه‌ن هێزه‌ ئه‌منییه‌کانه‌وه‌ ده‌ستگیرکران. ئه‌ندامێکی ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق ده‌ڵێت به‌ڵگه‌ی ڤیدیۆیی و ده‌نگی و نووسراویان له‌سه‌ر دۆسیه‌که‌ داوه‌ته‌ ده‌سته‌ی ده‌ستپاکیی هه‌رێمی کوردستان.

غالب محه‌مه‌د عه‌لی، ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق به‌ (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند: "دوو به‌رپرسی وه‌زاره‌تی سامانه‌ سرووشتییه‌کان و بازرگانێک هه‌وڵیان داوه‌ به‌نزینی کواڵیتی خراپ هاورده‌ی هه‌رێمی کوردستان بکه‌ن، به‌ڵام ڕێگریم کرد و دۆسیه‌که‌م ئاشکرا کرد".

ئه‌ندامه‌که‌ی ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق ناو و پۆستی ئه‌و که‌سانه‌ ئاشکرا ده‌کات و ده‌ڵێ: "یه‌کێک له‌وانه‌ به‌ناوی (گ.ج)، به‌ڕێوه‌به‌ری گشتییه‌ له‌ وه‌زاره‌تی سامانه‌ سرووشتییه‌کان و (م. ئه‌) که‌ ئه‌ویش ڕاوێژکاره‌ له‌ وه‌زاره‌ته‌که‌، ده‌ستگیرکراون. هه‌روه‌ها بازرگانێکیش که‌ (دکتۆر ئا)ی پێده‌ڵێن، له‌گه‌ڵ ئه‌وان ده‌ستگیرکراوه‌، به‌ڵام دوای دوو هه‌فته‌ به‌ که‌فاله‌ت ئازاد کرا".

به‌گوته‌ی ئه‌ندامه‌که‌ی ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق، به‌ڵگه‌ی سه‌لمێنه‌ر له‌سه‌ر ئه‌وانه‌ هه‌یه‌ "هه‌فته‌ی ڕابردوو ده‌سته‌ی ده‌ستپاکی هه‌رێمی کوردستان بۆ شایه‌تیدان له‌سه‌ر دۆسیه‌که‌ بانگهێشتی هه‌ولێریان کردم. هه‌موو به‌ڵگه‌کانیشم داوه‌ته‌ ده‌سته‌ی ده‌ستپاکی که‌ بریتین له‌ به‌ڵگه‌ی ڤیدیۆیی و ده‌نگی و وێنه‌ و نووسراو".

سه‌باره‌ت به‌و به‌نزینه‌ش که‌ هه‌وڵدراوه‌ هاورده‌ی هه‌رێمی کوردستانی بکه‌ن، غالب محه‌مه‌د گوتی: "به‌نزینه‌که‌ کواڵیتی زۆر خراپ بووه‌، ئه‌گه‌ر ڕێگه‌مان بدابایه‌ بێته‌ هه‌رێمی کوردستان و ساغ بکرابایه‌وه‌، به‌ سه‌دان ئۆتۆمبێلی ده‌سووتاند و خه‌ڵکی ماڵوێران ده‌کرد".

«2

کوردستانی 6

### له رۆژهەڵاتی کوردستان 184 هەزار ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر هەن



ئابووری 8

### بازرگانیی هەرێمی کوردستان و چین پاشەکشە دەکات

ژنان 12

کوردۆ عومەر بۆ (ڕووداو):

### 80%ی توندوتیژیی دژی ژنان بەهۆی مۆبایلە



تاراوگە 11

### تابلۆکانی ژنێکی کورد لە ناودارترین گالەریی نیویۆرک نمایش دەکرێن



راپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە (569) - دووشەممە 2019/9/9





## لە زاخۆ کەسێک باوکی خۆی دەکوژێت

**رووداو- زاخۆ**

ئێوارەی رۆژی 2019/9/8 کەسێک لە زاخۆ بە گوللەیەک باوکی خۆی کوشت. کەسوکارەکەی دەڵێن: بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە بووە. ئەمیر عەلی، بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستیی زاخۆ بە (رووداو)ی راگەیاند، لە زاخۆ لە سێ رۆژدا سێ رووداوی تەقەکردن هەبوون. بەهۆیەوە کەسێک کوژراوە و چوار کەسی دیکەش بە سەختی برینداربوون. بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستی زاخۆ گوتیشی "ئێوارەی 8-9-2019 لە رووداوێکی تەقەکردندا کەسێک باوکە تەمەن 65 ساڵانەکەی خۆی کوشت". بەگوتەی کەسوکاری کە قسەیان بۆ پۆلیس کردووە "ئەو کەسە بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە باوکی خۆی کوشتووە".

### ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لە پێش دادگای هەولێر کوشت قسە بۆ (رووداو) دەکات:

# لەگەڵ تەقاندنی یەکەم فیشەک پەشیمان بوومەوە

رۆژی 1/9/2019 ئافرەتێکی تەمەن 27 ساڵ، بەناوی شادیە جاسم حەمەد، لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر، لەلایەن هاوژینەکەیەوە کوژرا. هەفتەیەک دوای ئەو رووداوە، هاوژینی شادیە کە ناوی ئاکۆیە، قسەی بۆ (رووداو) کرد و دەڵێت لەو کاتەی هاوژینەکەی بە تۆمەتی "ناپاکی" لە زیندان بووە، چاوەڕێی ئازادبوونی کردووە، بۆ ئەوەی کە هاتە دەرەوە بیکوژێت، بەڵام لەگەڵ تەقاندنی یەکەم فیشەک و بینینی خوێنی شادیە، پەشیمان بووەتەوە.

هەڤپەیڤین: دیمەن بورهان
رووداو- هەولێر

### 22 مانگ چاوەڕێی ئازادبوونی شادیەم کرد تا بیکوژم

**رووداو: چەند ساڵ بوو خێزانتان پێکهێنابوو؟**
**ئاکۆ:** هەشت ساڵ بوو، بەڵام لە ساڵی 2017 کە خیانەتی لێکردم، ئیدی بە ژنی خۆمم نەزانی.

**رووداو: ژیانی خێزانیتان چۆن بوو؟**
**ئاکۆ:** هەتا خیانەتی لێنەکردم ژن و مێردێکی بەختەوەر بووین، چونکە پێش ئەوەی ببینە هاوژینیش چەند ساڵێک پەیوەندیمان هەبوو، ئامۆزای یەکدی بووین، شادیەش منی زۆر خۆشدەویست.

**رووداو: مەسەلەی خیانەتەکە چۆن بوو؟**
**ئاکۆ:** رۆژی 2017/11/17 هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو، بەئاگا هاتم بینیم شادیە لەسەر جێگاکەی نەماوە. گوێم لە دەنگێکی نزم بوو لە ژووری دواوە، کە چووم لەگەڵ (م)ی زاوامان بە رووتی بوون. ئەوەی بە خەیاڵمدا نەدەهات ئەو خیانەتە بوو. (م) جگە لەوەی زاوامان بوو، هاورێی منداڵیشم بوو. ئەژنۆم شکا، پەلاماری (م)مدا، بەڵام هێزم لێبڕابوو. ئەو بەهێزتر بوو، دەستی لەملم نا خەریک بوو بمخنکێنێ. پێکەوە رایانکرد و خۆیان رادەستی پۆلیس کرد.

**رووداو: هەڵوێستی ماڵی باوکی شادیە چی بوو؟**
**ئاکۆ:** هەڵوێستی هەموو کەس بەرامبەر من خراپ بوو، هەمووان بە سەرشۆڕیان دەزانیم. رووم نەبوو بچمە هیچ جێگایەک. تەنیا دوو مانگ ئیشم کرد، هەتا ئازادبوون لە ژوورەوە نەهاتمە دەرەوە، وەک شێتم لێ هاتبوو، بەردەوام بیرم دەکردەوە. هەمووان وەک بێغیرەت سەیریان دەکردم. چۆن پیاوێک لەماڵەکەت ببینی و نەیکوژی! لەولاوە خوشکەکەم دەبینی بە خۆی و سێ منداڵەوە بەهۆی ژنی منەوە ماڵی لێ تێکچووبوو، بۆیە 22 مانگ چاوەڕێی ئازادبوونیان بووم تا بیانکوژم، بەڵام (م) بە نهێنی ئازاد کرابوو، ئێستا هەڵاتووە و دەڵێن لە دەرەوەی وڵاتە.

**رووداو: ئەو دەمانچەیەی شادیەت پێ کوشت هی کێ بوو؟**
**ئاکۆ:** هی خۆم بوو، پێشتر هەمبوو.

**رووداو: پلانی کوشتنەکەت چۆن دانا؟**
**ئاکۆ:** شادیە سوور بوو لەسەر جیابوونەوە، منیش سوور بووم لەسەر هێنانەوەی، دوای چوارجار دانیشتنی دادگا، بەهۆی سووربوونم لە هێنانەوەی و لێخۆشبوونی، دادگا بڕیاری دا کێشەکەمان بنێرێ بۆ ئاشتەوایی خێزان، بەو هیوایەی چارەسەر ببێ. رۆژی یەکشەممە چاودێریی شادیەم کرد. پاش ئەوەی لە دادگا هاتە دەرەوە، راستەوخۆ بەرەورووی رۆیشتم و دەمانچەکەم لەسەر سەری دانا: پێیگوتم: "ئاکۆ نەکەی هەڵەی وا نەکەی، یەکسەر گوللەیەکم لە سەری دا.

### نەمزانی شادیەم لێ دەبێتە مۆتەکە

**رووداو: کە تەقەت لێکرد پەشیمان نەبوویتەوە؟**
**ئاکۆ:** بەڵێ. لەگەڵ یەکەمین فیشەک و بینینی خوێنی شادیە پەشیمان بوومەوە، بەڵام وەک فیلمێک ناپاکییەکەم هاتە پێش چاو کە بەڕووتی لە باوەشی (م) بوو، بۆیە شەش گوللەم تەقاند تا دڵم ئیسراحەت بکات، بەڵام نەمزانی شادیە دەبێت بە مۆتەکە و ناهێڵێ تا لە ژیاندا بم ئیسراحەت بکەم. پەشیمان نیم لەوەی لێی جیانەبوومەوە چونکە بەڕاستی خۆشمدەویست، شادیەش منی خۆشدەویست، بەڵام پەشیمانم لە کوشتنی.


ئاکۆ قاسم و شادیە جاسم

# دوو بەرپرسی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەستگیر دەکرێن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو — هەولێر**

دوو بەرپرسی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کە بە هەوڵدان بۆ هێنانی سووتەمەنیی کواڵیتی خراپ تۆمەتبارن، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران. ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت بەڵگەی ڤیدیۆیی و دەنگی و نووسراویان لەسەر دۆسیەکە داوەتە دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان.

غالب محەممەد عەلی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوو بەرپرسی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و بازرگانێک هەوڵیان داوە بەنزینی کواڵیتی خراپ هاوردەی هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام رێگریم کرد و دۆسیەکەم ئاشکرا کرد، بۆیە ئەو کەسانە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون".

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ناو و پۆستی ئەو کەسانە ئاشکرا دەکات و دەڵێ: "یەکێک لەوانە بەناوی (گ.ج)، بەڕێوەبەری گشتییە لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و (م. ئە) کە ئەویش راوێژکارە لە وەزارەتەکە، دەستگیرکراون. هەروەها بازرگانێکیش کە (دکتۆر ئا)ی پێدەڵێن، لەگەڵ ئەوان دەستگیرکراوە، بەڵام دوای دوو هەفتە بە کەفالەت ئازاد کرا".

غالب محەممەد گوتیشی: "ئەو بازرگان و مافیایانە پۆستەکانیان بەکارهێناوە بۆ ئەو گەندەڵییە و هەوڵیانداوە لەسەر گیرفان و ژیان و وێرانکردنی ماڵی خەڵکی هەرێمی کوردستان خۆیان سوودمەند و دەوڵەمەند بکەن، بۆ ئەمەش چەند رێگەی بەرتیلدانیان گرتووەتەبەر، هەموو ئەو بەڵگانەشمان لەلایە، بۆیە ئەگەر لێکۆڵینەوەی ورد لە دۆسیەکەدا بکرێت، پێموایە خەڵکی دیکەش هەن کە لەو دۆسیەیەدا تێوەگلابن، چونکە ئەوە گەندەڵییەکی گەورە و مەترسیدارە و بە دوو کەس و سێ کەسی نێو وەزارەت ناکرێت".

بەگوتەی ئەندامەکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵگەی سەلمێنەر لەسەر ئەوانە هەیە "هەفتەی رابردوو دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بۆ شایەتیدان لەسەر دۆسیەکە بانگێشتی هەولێریان کردم. هەموو بەڵگەکانیشم داوەتە دەستەی دەستپاکی کە بریتین لە بەڵگەی ڤیدیۆیی و دەنگی و وێنە و نووسراو، سەرۆک و ئەندامانی دەستەکە هەماهەنگ بوون لەگەڵمان و زۆر بەجددی کاریان لەسەر دۆسیەکە کرد، بەڵێنیشیان داوە لەم هەفتەیە کاری لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە تەواو بکەن و رەوانەی دادگای هەولێری بکەن بۆ دادگاییکردنیان".

### بەڵگەی ڤیدیۆیی، دەنگی و نووسراومان لەسەر گەندەڵیی ئەو دوو بەرپرسە هەیە

پەرلەمانتارێکی عێراق

سەبارەت بەو بەنزینەش کە هەوڵدراوە هاوردەی هەرێمی کوردستانی بکەن، غالب محەممەد گوتی: "بەنزینەکە کواڵیتی زۆر خراپ بووە، ئەگەر رێگەمان بدابایە بێتە هەرێمی کوردستان و ساغ بکرابایەوە، بە سەدان ئۆتۆمبێلی دەسووتاند و خەڵکی ماڵوێران دەکرد".

پەرلەمانتارەکەی عێراق هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی بەڵگەکان دەکات ئەگەر دۆسیەکە پشتگوێ بخرێ: "ئێمە دۆسیەکەمان ئاشکرا کردووە و دەستی لێهەڵناگرین، ئەگەر بڕیارە کابینەی نۆیەم چاکسازی بکات، دەبێت یەکەم مەلەف کە چاکسازی راستەقینەی تێدا بکرێت مەلەفی نەوت و سووتەمەنی بێ، لەسەر دۆسیەکە شایەت و بەڵگەی ڤیدیۆیی و دەنگیی سەلمێنەر لەبەردەستن، بۆیە دەبێت سزایەکی دادپەروەرانە بدرێن، ئەگەر لە دادگاش کەمتەرخەمی لە دۆسیەکەدا بکرێت یان دەستوەردان لە دۆسیەکەدا هەبێت، هەموو بەڵگەکان بڵاودەکەمەوە".

د.ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "دۆسیەی ئەو دوو بەرپرسەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەلای ئێمەیە و لیژنەیەک بە وردی لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەن، بەڵام بۆ سەلامەتی لێکۆڵینەوە ناتوانین هیچ وردەکارییەک ئاشکرا بکەین".

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی گوتیشی: "ئێستا دۆسیەکە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە و هەرکاتێک کارەکانی لەلای ئێمە تەواو بوون، دۆسیەکەیان رەوانەی دادگا دەکەین".

# گەنجێکی هەولێر لە دێرەلووک بێسەروشوێن دەبێ

**ناسر عەلی**
**رووداو — دهۆک**

ماوەی سێ رۆژە گەنجێکی دانیشتووی شاری هەولێر کە لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ گەشت چووەتە گەلیی شێران لە سنووری ناحیەی دێرەلووک، بێسەروشوێنە. پۆلیس هاوڕێکانی گەنجەکەی بۆ لێکۆڵینەوە دەستبەسەرکردوون. بەرگری شارستانیش گومان دەکات گەنجەکە لە ئاودا خنکابێ.

عیماد عوسمان، تەمەن 22 ساڵ، رۆژی 2019/9/6 لەگەڵ چوار هاوڕێی بە مەبەستی گەشت لە هەولێرەوە روو لە سەیرانگای گەلیی شێران دەکەن لە سنووری ناحیەی دێرەلووک، بەڵام لەوێ بێسەروشوێن دەبێ.

مزەفەر فازڵ، باوکی یەکێک لە هاوڕێکانی عیماد کە لەگەڵ کەسوکاری عیماد و گەنجەکانی دیکە لە گەلیی شێران بەدوای عیمادا دەگەڕان، گوتی: "ئەو پێنج گەنجە هاوڕێی نزیکی یەکدین، هەموویان لە خواردنگەیەک کار دەکەن. ئەو رۆژە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش هاتوونەتە ئێرە. نزیکی سەعات 11، عیماد بە ناوی وێنەگرتن لە هاوڕێکانی دوورکەوتووەتەوە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە لایان. هەتا ئێستاش چارەنووسی دیار نییە".

مزەفەر ئاماژەی بەوەدا کە کوڕەکەی ئەو و سێ هاوڕێکەی دیکەی عیماد لەو رۆژەوە لەلای پۆلیس دەستبەسەرن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ. مزەفەر سوپاسی خەڵکی ناوچەکەی کرد و گوتی: "سێ رۆژە پۆلیس، ئاسایش، بەرگریی شارستانی و خەڵکی ناوچەکە بەدوای عیمادا دەگەڕێن".

ئیحسان سەنعان، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی بەرگریی شارستانی لە دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەر لە یەکەم ساتی ئاگادارکردنەوەمان لە دیارنەمانی ئەو گەنجە، تیمەکانمان چوونە شوێنەکە. سێ رۆژە بەدوای عیمادا دەگەڕێین، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا تاکە نەعلێکی دۆزراوەتەوە، بۆیە گوماندەکرێت کەوتبێتە ناو ئاو و خنکابێت".

سامی ئوشانە، بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلووک دەڵێت: "هەر دوای ونبوونی ئەو گەنجە، هەر چوار هاوڕێکەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ. ئەوان دەڵێن عیماد لەگەڵ ئێمە بووە، روخسەتی لێوەرگرتین و گوتی تا ئەو سەرە دەچم، بەڵام نەگەڕایەوە. هاوڕێکانی بەو رووداوە شۆک بوون، بەڵام ئەوان تا ئەو کاتەی پێویست بێ لەلای پۆلیس دەمێننەوە".

دوای دیارنەمانی ئەو گەنجە، لە هەندێک پەیجی فەیسبووک وا بڵاوکرایەوە کە ئەو گەنجە بریندار بووە و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بردوویانە بۆ لای خۆیان، بەڵام بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلووک ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە و گوتی: "ئەو قسانە دوورن لە راستی و هیچ شتێک لەبارەی چارەنووسی ئەو گەنجە نازانرێ، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و بەرگری شارستانی و خەڵکی ناوچەکە بەردەوام بەدوایدا دەگەڕێن".


عیماد عوسمان بەناوی وێنەگرتنەوە لەهاوڕێکانی دابڕا و بێسەروشوێن بوو

### براکەی پێشتر پیاوێک و ژنەکەی خۆی کوشتووە

# کامێرامانێک لە تۆڵەی تاوانی برایەکی دەکوژرێت

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

کامێرامانێکی کوردستان تیڤی لە تۆڵەی کوژرانی کەسێک بە دەستی براکەی، رۆژی یەکشەممە لە دهۆک کوژرا. کەسوکارەکەی دەڵێن کێشەکەیان لەگەڵ ماڵی کوژراوەکە چارەسەر کردبوو، بکوژەکەش سزای خۆی وەرگرتووە.

سەرلەبەیانی رۆژی 2019/9/8 چیا موسڵیح، کامێرامانی کوردستان تیڤی و دانیشتووی گوندی بێسرێی سەر بە شاری دهۆک، لەکاتی هاتنی بۆ دەوام لە نووسینگەی دهۆکی ئەو کەناڵە، تەقەی لێکرا و کوژرا.

بڵند کندریان کە ئامۆزای چیایە، وردەکاریی ئەو رووداوە دەگێڕێتەوە کە چیای تێدا بووە و قوربانی و دەڵێت: "ساڵێک لەمەوبەر برایەکی چیا بەناوی میللەت، لە سەنتەری شاری دهۆک پیاوێکی کوشت لەسەر ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی هەبووە، پاشان ژنەکەی خۆیشی کوشت، دواتریش خۆی رادەستی پۆلیس کرد".

میللەت خاوەنی پێنج منداڵە و چیاش باوکی پێنج منداڵە، بەهۆی ئەو رووداوەوە ئێستا 10 منداڵ بێ دایک و باوکن. دوای ئەوەی میللەت خۆی رادەستی پۆلیس کرد، لە دادگا دۆسیەی بۆ کرایەوە و دادگایی کرا، دادوەر بە تاوانی کوشتنی دوو کەس، سزای 12 ساڵ بەندکردنی بۆ دەرکرد.

بڵند دەڵێت: "ئێمە چەندینجار لە رێگەی حیزب و کەسایەتی و پیاوماقوڵی ناوچەکە داوای سوڵحمان لە بنەماڵەی ئەو کەسە کرد کە بە دەستی میللەت کوژرا، بەڵام ئەوان رازی نەبوون و گوتیان دەبێ بکوژرێتەوە. ئێمە لاریمان نەبوو، بەڵام حکومەت رازی نەبوو، گوتیان ئەو لە زیندانە و سزای خۆی وەردەگرێ".

چیا بووە قوربانیی تاوانێک کە دەستی ئەو و کەسوکارەکەشی تێدا نەبووە. بڵند دەڵێت: "کوشتنی ئەو پیاوە لەسەر شەرەف بوو، دواتریش برای چیا سزای خۆی وەرگرت. چیا هیچ پەیوەندییەکی بەو کێشەیەوە نەبوو، بۆیە ئەوەی بەرامبەری کرا، تاوانێکی گەورەیە، پێنج منداڵ لە هیچ و خۆڕایی بێ باوک بوون".

پێشتر کێشەی لەو جۆرە لە سنووری پارێزگای دهۆک روویانداوە، لە مەسەلەی خوێندا بە دەگمەن تۆڵە لە کەسوکاری بکوژ دەکرێتەوە، وەک ئەوەی بەرامبەر چیا کرا.

هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند: "سەرلەبەیانی رۆژی 2019/9/8 کامێرامانێکی کوردستان تیڤی کە لە نووسینگەی دهۆکی ئەو کەناڵە کاری دەکرد، لە کاتی هاتنی بۆ دەوام تەقەی لێکراوە".

گوتیشی: " تۆمەتبارەکان دیارن کێن و سێ کەس بوون، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراون، پۆلیس دۆسیەی بۆ رووداوەکە کردووەتەوە و دادوەریش فەرمانی دەستگیرکردنی تەقەکەرەکانی دەرکردووە".


چیا موسڵیح کامێرامانی کوردستان تیڤی بوو

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 569 ) - دووشەممە 2019/9/9

## عەلی باپیر: داوام لە بارزانی کرد حسابمان بۆ بکەن



**ڕووداو- هەولێر**

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ڕایگەیاند، داوام لە بارزانی کرد حسابمان بۆ بکەن، ڕاستە ئێمە ئۆپۆزیسیۆنین، بەڵام دژی حکومەت نین.

ڕۆژی 2019/9/8 عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە پیرمام سەردانی مەسعوود بارزانی کرد و گفتوگۆیان لەبارەی چەند پرسێک کرد. عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لەبارەی کۆبوونەوەی لەگەڵ بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند "لە کۆبوونەوەکەدا گوتم دەبێ هەرسێ لایەنەکەی پێکهێنەری حکومەت (پارتی، یەکێتی و گۆڕان) تەنیا بیر لە چارەسەری کێشەکانی هەولێر و بەغدا نەکەنەوە، چونکە دەنگی کورد بێهێز دەکات، ئێمەش ئەو لایەنانەی کە ئۆپۆزیسیۆنین دەبێت حسابمان بۆ بکەن، چونکە بۆ خۆتان و بۆ ڕەوشەکە وا باشە".

### لە 12 وەزیر پێکدێ

# حکومەت ئەنجوومەنێک بۆ چاکسازی پێکدێنێ

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی بزووتنەوەی گۆڕانە ناوی یاریدەدەری سەرۆکوەزیران بۆ چاکسازی بداتێ، بەڵام ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی ئەو بزووتنەوەیە دەڵێت، بەهۆی گۆڕینی بەربژێرەکەیان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، ناوی بەربژێرە نوێیەکەیان هێشتا نەداوەتە سەرۆک وەزیران.

دوای تێپەڕینی 280 ڕۆژ بەسەر هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوول، ڕۆژی 2019/7/10، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی پەرلەمانتارانی وەرگرت و سەرۆک و جێگر و وەزیرەکانی کابینەی نوێ دەستبەکار بوون، بەڵام هێشتا یاریدەدەری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری چاکسازی دەستبەکار نەبووە. ئەوە لەکاتێکدایە ئەو پۆستە لە کاتی دانوستاندنەکاندا گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا و یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بوو، چونکە یەکێتی سەرەتا ڕازی نەبوو سەرۆکی حکومەت بێجگە لە جێگر، یاریدەدەریشی هەبێ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، دواکەوتنی ناوی بەربژێرەکانی گۆڕان و یەکێتی بۆ پۆستەکانی یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت، بریکاری وەزیرەکان، ئەنجوومەنی ئاسایش و نوێنەرایەتییەکانی دەرەوە بە کێشە نازانێت. بەڵام دەڵێت "داوا لە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی کراوە، ناوەکانیان ڕەوانە بکەن بۆ ئەوەی هەموو پۆستەکان پڕبکرێنەوە".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ژمارەیەک پۆستی بریکاری وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی و نوێنەرایەتی دەرەوەی هەیە کە هێشتا ناوەکانی بۆ ئامادە نەکردوون. بڕیارەکەی کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ گۆڕینی تەواوی تیمی یەکێتی لە خوار وەزارەتەکانەوە، پرۆسەکەی مت کردووە.

هێمن شێخانی، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت، دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی ناوی بەربژێرەکانی ئەوان بۆ یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت و پۆستەکانی دیکە، دوو هۆکاری هەیە: "ڕێکخەری گشتی بڕیاریداوە هیچ ئەندامێکی خانەی ڕاپەڕاندن ئەو پۆستە وەرنەگرێت، هەربۆیە کاک جەلال جەوهەر لە ناوەکاندا نەماوە و کەسانی دیکە بەربژێر دەکرێن".

سەبارەت بە ناوی بەربژێرانی پۆستەکانی دیکە، شێخانی دەڵێ "بزووتنەوەی گۆڕان ڕۆژی 14ی ئەم مانگەی دەستنیشان کردووە بۆ هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی، بە هەموو ئەگەرەکان ناردنی ناوەکان بۆ دوای ئەو هەڵبژاردنە دوادەکەوێت و دەکەوێتە دوای 14ی مانگ".

لە دیاریکردنی ناوی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، بزووتنەوەی گۆڕان کاتی زۆری پێویست بوو بۆ ئەوەی لە نێوان مستەفا سەید قادر، محەممەد تۆفیق ڕەحیم، جەمال محەممەد، مۆر لە ناوی یەکێکیان بدات. دواجار سەرپشککردنی عومەر سەید عەلی، لەلایەن جڤاتی نیشتیمانییەوە، بە قازانجی مستەفای سەید قادر شکایەوە بەو پێیەی سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی خۆی کە نابێت هیچ ئەندامێکی خانەی ڕاپەڕاندن ئەو پۆستە وەربگرێت.

کابینەی نۆیەم لە 22 وەزارەت پێکهاتووە کە سێیان وەزیری هەرێمن، بەڵام سەرۆکی حکومەت بۆ کاروبارەکانی چاکسازی و دارایی و سامانە سروشتییەکان، سێ یاریدەدەری هەیە.

ئاشتی هەورامی کە لە کابینەی ڕابردوو وەزیری سامانە سروشتییەکان بوو، مانگی ڕابردوو بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت کرایە یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری وزە. هەفتەی ڕابردووش ڕێباز حەملان، وەزیری پێشووی دارایی، وەک یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ وەبەرهێنان و ڕازە دەستبەکار بوو.

تاوەکو چەند هەفتەیەک پێش ئێستا، یەکێتی پێداگیریی دەکرد لەسەر ئەوەی پۆستی ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە بەدەست خۆیەوە بمێنێتەوە و نەیداتە گۆڕان کە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و پارتی، ئەو پۆستە بۆ گۆڕانە. هێمن شێخانی دەڵێ "بێگومان ئەوە پۆستی گۆڕانە و لە ڕێککەوتنی نێوان ئێمە و پارتی جێگیر بووە"، بەڵام هۆکاری پڕنەکردنەوەی گێڕایەوە بۆ ئەوەی دەیانەوێ لەگەڵ پۆستەکانی دیکە وەریبگرن "4 بریکاری وەزیر و 3 نوێنەرایەتی دەرەوەی حکومەت و 2 ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشمان وەرگرتووە و بڕاوەتەوە".

گوتیشی: "یەکێتی لە دوایین ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی، ڕازی بووە ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە بدرێتە گۆڕان".

پۆستی وەزیری پێشمەرگە، شۆڕش ئیسماعیل، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وەریگرتووە و تاوەکو ئێستاش جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگەیە. جەبار یاوەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "من ئاگاداری دانوستاندنی نێوان حیزبەکان نیم بۆ پێکهێنانی حکومەت و کاریشم بەوە نییە، بەڵام هەر کاتێک بە نووسراوی فەرمی داوام لێکرا، ئەو پۆستە دەدەمە ئەو کەسەی بۆی دەستنیشان دەکرێت و ئەو ئەمانەتەی لامە دەیدەمەوە و هیچ کێشەیەکم نییە".

سەرچاوە ئاگادارەکەی نێو بزووتنەوەی گۆڕان زانیاری زۆرتری بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "تاوەکو ئێستاش جەلال جەوهەر، دەیەوێ پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ چاکسازی وەربگرێت، بەڵام دوو بەربژێری دیکە دانراون، ئەوانیش شوان قلیاسانی، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان و کاردۆ محەممەد، پەرلەمانتاری پێشووی گۆڕانن لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام چانسی شوان قلیاسانی بەهێزترە".

### یاسای ئەنجوومەنی وەزیران هەموار دەکرێتەوە؟

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە دەستبەکاربوونی یاریدەدەرانی سەرۆکی حکومەت پێویستی بە هەمواردکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران هەبێت "بەڵام بەو مەرجەی بە پلەی وەزیر دانەمەزرێنرابن". جەلال محەممەد دەڵێ "ئەگەر یاریدەدەرەکانی سەرۆکی حکومەت دەسەڵاتی لێپرسینەوە لە وەزیریان هەبێت، ئەوە بێگومان دەبێت یاسای ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەستبەکاربوونیان هەموار بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر تەنیا کاروباری ڕاوێژکارییان هەبێت، ئەوا پێویست ناکات".

### ئەنجوومەنێک بۆ چاکسازی

بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت بە وەرگرتنی پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت پرسی چاکسازی بباتە نێو حکومەت. ئەندامەکەی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان زانیاریی نوێ ئاشکرا دەکات لەبارەی شێوازی دەستبەکاربوونی بەربژێرە یەکلانەبووەکەیان و دەڵێ "ئەنجوومەنێکی نوێی لەنێو ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دروستدەکرێت و سەرپەرشتی ئەو ئەنجوومەنە دەکات".

هێمن شێخانی، لەبارەی ئەنجوومەنە نوێیەکەوە دەڵێ: "لەگەڵ دەستبەکاربوونی یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت، ئەنجوومەنێکی 12 کەسی بۆ سەرپەرشتیی چاکسازی دروستدەکرێت. 12 وەزیری حکومەت ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە دەبن و یاریدەدەرەکەی سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتییان دەکات".

> **ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان:**
> **دوای هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی، ناوی بەربژێرەکەمان دەدەینە سەرۆکی حکومەت**

> **بزووتنەوەی گۆڕان بەربژێری یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ چاکسازی دەگۆڕێت**

> **شوان قلیاسانی و کاردۆ محەممەد بەربژێرن بۆ پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ چاکسازی**



### جەعفەر شێخ مستەفا، بەربژێری یەکێتی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

# کورد ناتوانێ بە ئاسانی بگەڕێتەوە کەرکووک



جەعفەر شێخ مستەفا، لەلایەن یەکێتییەوە بەربژێرە بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان. بەڵام لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) داوا دەکات وەک فەرماندەی یەکەکانی حەفتای هێزی پێشمەرگە بناسێنرێ. شێخ جەعفەر مستەفا کە لە کابینەی حەوتدا وەزیری پێشمەرگە بووە، سەبارەت بە کارکردن لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، پێیوایە بۆ ئەو تاقیکراوەیە و دەڵێ "پێشتر کارم لەگەڵ کردووە و دەتوانم بڵێم ئەو تەنیا سەیری کارکردنی دەکرد. کێ کاری باشتر و جوانتری کردووە و کێ دڵسۆزترە".

**هەڤپەیڤین: خونچە تەها**
**ڕووداو- سلێمانی**

**ڕووداو: وەک فەرماندەی هێزەکانی حەفتا ناوت ببەم یان جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

**شێخ جەعفەر:** من تاوەکو ئێستاش فەرماندەی هێزەکانی حەفتام، چونکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە فەرمانی دەستبەکاربوونم بۆ دەرنەکراوە وەک جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان. هەرکاتێک فەرمانی دەستبەکاربوونم پێگەیشت، دەتوانی وەک جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بمناسێنی. دیارە کاک نێچیرڤان بەهۆی ئیش و کار لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوو، چاوەڕێم فەرمانی دەستبەکاربوونم واژۆ بکات.

**ڕووداو: هێزەکانی حەفتا و هەشتا، کامیان زۆرتر خزمەتکراون، دەگوترێ هێزەکانی هەشتا زۆرتر خزمەتکراون؟**

**شێخ جەعفەر:** هێزەکانی هەشتاش ئەو خزمەتە زۆرە نەکراون کە باس دەکرێت. شتی وانییە. ئێستا هێزەکانی زێرەڤانی، یان هێزە تایبەتەکانی دیکە هەن، ئەوانە بێگومان لەڕووی چەک و کەرەستەی سەربازی و ڕاهێنان و بودجەوە لە هێزەکانی حەفتا و هەشتا باشترن. بایەخی زۆرتر بە ئەوان دراوە. هەروەها لەڕووی ژمارەشەوە زۆر زیاترن لە هێزەکانی حەفتا و هەشتا. کاتێک ئێمە فەرماندەی یەکەکانی حەفتا بووین، میزانییەی پێویستمان لەبەردەست نەبوو.

**ڕووداو: کارکردن لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی خۆشە؟**

**شێخ جەعفەر:** من لەبارەی کاک نێچیرڤانەوە ئەزموونم زۆرە. ماوەیەک کە ئەو سەرۆکی حکومەت بوو، من وەزیری پێشمەرگە بووم. بەڕاستی لە ئەدای کارکردنی، لە مامەڵەی، لە گوێگرتنی لە تیمەکەی، لە هەموو ئەوانە زۆر ڕازی بووم. ڕۆژێک لە ڕۆژان هەستم نەکردووە جیاوازی بکات لە نێوان کەسێک و کەسێکی دیکە. یان لایەنێک و لایەنێکی دیکە. دەتوانم بڵێم ئەو تەنیا سەیری کارکردنی دەکرد. کێ کاری باشتر و جوانتری کردووە و کێ دڵسۆزترە.

**ڕووداو: ئەی پێتوایە کاروبارەکان لە کابینەی نۆیەم چۆن دەبێت؟**

**شێخ جەعفەر:** قۆناغەکان زۆر جیاوازن. بۆ نموونە، ڕۆژگارێک کە کاک نێچیرڤان بارزانی بووە سەرۆکی حکومەت، قۆناغێکی ئێجگار سەخت بوو. شەڕی قێزەونی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی و یەکخستنی ئیدارەکان و هێزەکانی پێشمەرگەی لەبەردەم بوو. کارکردن بۆ یەکخستنی ئەوانە و لەو قۆناغەدا، یان دروستکردنی متمانە لە نێوان پارتی و یەکێتی زۆر زۆر قورس بوو. کاک نێچیرڤان ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەبوو لەوەی بتوانێ ئەو ئیدارە جیاوازانە یەکبخات و تێبگەی کە گۆڕانکاری ڕوویداوە.

**ڕووداو: خەڵکی کوردستان قۆناغی سەختی زۆری تێپەڕاند و بڕواش دەکات سەختیی دیکە تێپەڕێنرێن، بەڵام خەڵک بڕوا بە یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە ناکەن؟**

**شێخ جەعفەر:** پێموایە هیچ قورس نییە و ئەزموونمان هەیە. ئەوەندەمان ئەزموون هەیە بڵێین زۆریش قورس نییە. ئێمە 12 لیوای پێشمەرگەمان یەکخست. ئەو لیوایانە هێزی هەموو لایەنەکانی تێدابوو، تەنانەت هێزی سۆشیالیست و شیوعی و لایەنەکانی دیکەش. ئەو لیوایانە تاقیکرانەوە لە شەڕی داعشدا کە هەموویان لە یەک سەنگەردا بەرگرییان دەکرد، بەڵام زەحمەتی بەردەم یەکخستنی هێزەکان زۆرە و خاڵێک و دوو خاڵ نییە.

یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە بودجەی پێویستە، ئێمە لەو ڕۆژگارەدا بودجەی پێویستمان لەبەردەست نەبوو تاوەکو هەموو پێداویستییەکانی یەکخستنی ئەو هێزانە دابین بکەین.

**ڕووداو: بۆچی یەکخستنی ئەو هێزانە ئەوەندە لەسەر بودجە وەستاوە؟**

**شێخ جەعفەر:** بودجەی پێویستە و پارەی زۆری دەوێ. چونکە دەبێ بزانی کە یەکخستنی پێشمەرگە پێویستی بە دروستکردنی سەربازگە هەیە. پێویستی بە دروستکردنی ناوەندی ڕاهێنان و مەشق هەیە. بەبێ دروستکردنی سەربازگە بۆ نیشتەجێبوونی ئەو هێزانە و ناوەندی مەشق و ڕاهێنان، ئەوە ناکرێت.

**ڕووداو: لەڕووی ڕاهێنان و سەربازگە و پێویستییەکانەوە، کام هێزەیان باشترە؟ هێزەکانی حەفتا یان هەشتا؟**

**شێخ جەعفەر:** دەتوانی بڵێی وەک یەکن. ئەوە نییە کە بڵێی زۆر جیاوازن، پێشتریش گوتم لە شەڕی داعش وەک یەک شەڕیان کردووە و ڕووبەڕووی دوژمن بوونەتەوە.

**ڕووداو: ئەگەر یەکێتی تۆیان سەرپشک بکردایە، لە شوێنی خۆت کێت دەکردە فەرماندەی یەکەکانی حەفتا؟**

**شێخ جەعفەر:** ئێمە لە فەرماندەیی یەکەکانی حەفتا، کۆمەڵێک فەرماندە و کەسی باشمان هەیە کە ئەزموونی زۆریان هەیە و ڕۆڵی فەرماندەیان بینیوە و هەموویان شیاو و لێهاتوون.

**ڕووداو: بەڵام تۆ کێت دەستنیشان دەکرد؟**

**شێخ جەعفەر:** مستەفا چاوڕەش، فەرماندەیەکی لێهاتووە و هەروەها یەکێک لە فەرماندەکان کاک مەحموود سەنگاوییە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسییە و بە درێژایی ساڵانێک فەرماندەی میحوەرێک بووە و بەردەوام لە سەنگەرەکانی شەڕ بووە. ئێمە کاک ئاسۆ ئەڵمانیمان هەیە، ڕاستە بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووک بووە، بەڵام هەروا سەرپەرشتی بەرەیەکی شەڕی کردووە. کاک حامیدی حاجی غالی و زۆر کەسی دیکە. بەڵام کاک مستەفا چاوڕەش، پێشتریش لە شاخ بەرپرسی هەموومان بووە و لێرەش بەرپرسی مەڵبەندی پێشمەرگە بووە.

**ڕووداو: ئێستا زۆر باسی گەڕانەوەی کورد دەکرێت بۆ کەرکووک، دەتوانێ وا بە ئاسانی بگەڕێتەوە؟**

**شێخ جەعفەر:** نەخێر بە ئاسانی ناتوانێ و ئاسانیش نییە.

**ڕووداو: بۆ ئاسان نییە؟**

**شێخ جەعفەر:** لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا عەرەبە شۆڤێنییەکان، یان حیزبە تورکمانە توندڕەوەکان دژی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەن بۆ کەرکووک.

حکومەتی عێراقیش هەروا کێشەیە لەبەردەم ئەو مەسەلەیەدا. هەرچەندە سەرۆکوەزیرانی عێراق نییەتی باشی هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، بەڵام بەداخەوە کێشە لە بەردەمی دروستدەکرێت.

> **من هێشتا فەرماندەی یەکەکانی حەفتام**

> **لە ئەدای نێچیرڤان بارزانی و گوێگرتنی لە تیمەکەی زۆر ڕازی بووم**

> **یەکخستنی پێشمەرگە کارێکی زۆر قورس نییە**

## کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح چاویان لە سکرتێرییە

# کێ 120 کەسەکەی تاڵەبانی دەباتە نێو هۆڵی کۆنگرە؟

ئەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا رۆژی حەوتی کانوونی یەکەمی ئەمساڵی دیاریکرد بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەم. ئێستا یەکلاکردنەوەی ئەندامانی کۆنگرە بووەتە مژاری ئەو حیزبە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "لەو پارێزگایانەی دەنگی یەکێتی زۆرترن تێیدا، ئەندامی زۆرتر دەچێتە نێو کۆنگرە".

مانگێک لەمەوبەر، مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی لەگەڵ مەڵبەندەکانی ئەو حیزبە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی ساز کرد. ئەگەرچی داوا کرابوو رۆژی 2019/11/21 کە رۆژی شەهیدی یەکێتییە کۆنگرە بکرێ، بەڵام لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە رۆژی 2019/9/7 لە سلێمانی، بڕیار درا دوای سێ مانگی دیکە کۆنگرە ببەسترێ.

هەر لە ئێستاوە باڵەکانی یەکێتی کار لەسەر ئەوە دەکەن کە زۆرترین ئەندامیان لەنێو هۆڵی کۆنگرە هەبێت.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، هێشتا میکانیزمی دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرە دیار نییە "بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەر لە ئێستاوە بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرە دیارن".

وەک فەرید ئەسەسەرد باسی دەکات "دەبێت 1000 کەس بچنە نێو کۆنگرەی چوارەم، ئەوانەش دەبێت بگونجێنرێن لەگەڵ پشکی ناوچەکان و مەڵبەندەکانی یەکێتی، ئەوەش رێوشوێنێکی هونەرییە و نابێتە کێشەی بەردەم پرۆسەی ئامادەکاری، چونکە ئەوەی کێشە بوو، رۆژی بەستنی کۆنگرە بوو، ئەویش چارەسەر کرا".

وەک ئەسەسەرد گوتی، پارێزگای سلێمانی بەو پێیەی زۆرترین ئەندام و دەنگدەری یەکێتی لێیە، ئەندامی لە هەر پارێزگایەک زۆرتر دەبێت.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی سەرکردەکانی یەکێتی شێوازی کۆنگرەکە بوو. لە کۆنگرەی سێیەمدا، تاڵەبانی لەگەڵ ئەوەبوو کۆنگرەیەکی تەوافوقی بکرێ، بۆ ئەوەی هیچ باڵێکی یەکێتی هەست بە بەشخوراوی نەکات. بەڵام بافڵ تاڵەبانی، هەرجۆرە رێککەوتنێکی پێشوەختەی لەوجۆرە رەتدەکاتەوە و پێشتر لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی گرووپی بەستنی کۆنگرە رایگەیاندبوو "کۆنگرەی راستەقینە و بێ تەوافوق دەبەستین".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە مشتومڕە نێوخۆییەکانی یەکێتی باسی دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی کرد بۆ دیاریکردنی رۆژی کۆنگرە و گوتی: "لەو کۆبوونەوەیەش هەندێک لە بەشداربووان باسیان لە پێویستیی رێککەوتن کرد بۆ ئەوەی هیچ لایەک بە کێشەوە لە کۆنگرە نەیەنە دەرەوە، بەڵام دواجار رێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەو پرسە هەڵبگرن بۆ لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی، باڵەکان هێشتا بۆخۆشیان نازانن ئەوە چۆن دەبێت و بە چ بارێکدا دەکەوێت "بەڵام ئێستا کاک کۆسرەت داوای ئەوە دەکات وەک کەسی یەکەمی یەکێتی بمێنێتەوە و بەرهەم ساڵحیش چاوی لەوەیە، چونکە ئەو دوو کەسە هەموو پۆستەکانیان تاقی کردووەتەوە و بە کەمتر لە سکرتێری رازی نابن. بەڵام بافڵ تاڵەبانی لەو چوار ساڵەدا نایەوێت ببێتە سکرتێر، چونکە نایەوێت دەورووبەرەکەی لەدەستبدات و دەشزانێ کەسێکی نزیک لەخۆی ئەو پۆستە وەربگرێت، مانای وایە بۆ خۆی سکرتێرە".

بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی نێوخۆی یەکێتی، زیاتر لە 500 کەس لە ئەندامانی کۆنگرە وەک ئەندامانی مسۆگەرن. ئەوانیش: ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، ئەنجوومەنی ناوەند و پەرلەمانتارانی یەکێتی، تێکۆشەرە دێرینەکان و ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتی. بەڵام جگە لەوانە، هەر پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی دەسەڵاتی ئەوەی داوەتە سکرتێری گشتی کە 120 کەس سەربخات بۆ کۆنگرە، ئاخۆ دوای تاڵەبانی، ئەو دەسەڵاتە لەدەستی کێدایە؟

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "ئەو 120 کەسە بووەتە بابەتێکی گرنگ کە دەبێت یەکلایی بکرێتەوە، چونکە کاک کۆسرەت ناتوانێ ئەوانە سەربخات، هەربۆیە چەند پێشنیازێک هەن، بۆچوونێک دەڵێ دابەش بکرێن بەسەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا و بۆچوونێکی دیکە داوا دەکات وەک پشکی ئۆرگانە جیاوازەکانی یەکێتی دابەش بکرێن".

دەبوو لە مانگی ئاداری 2013، یەکێتی چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، بەڵام لەبری کۆنگرە لە 2013/10/10 پلینیۆمی کرد و دواتر بڕیار بوو لە 2018/3/7 کۆنگرە ببەستێ، بەڵام بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی کۆنگرەکە نەکرا.

جەمیل هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "ئەو ناوانەی دەمێننەوە، بە هەڵبژاردنی کۆمیتە و مەڵبەندەکان دەبێت و بەشێک لە ئامادەکارییەکانیش پەیڕەوی ناوخۆ دیاری کردووە".

ئەو کادرانەی یەکێتی کە ببوونە هێزی گوشار بەسەر حیزبەکەیانەوە بۆ بەستنی کۆنگرە، تەنیا بە بەستنی کۆنگرە رازی نابن و گۆڕانکارییان دەوێ لەنێو یەکێتیدا بۆ چوار ساڵی داهاتوو. ژوان ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی دەڵێ: "یەکێتی لەدوای مام جەلالەوە نە پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکان پەیوەندی دروستن و نە بەڕێوەبردنی یەکێتیش باش بووە. دەبێت یەکێتی بخرێتەوە سەر سکەی دروستی خۆی".

ئەو کادیرەی یەکێتی دژی سیستمی هاوسەرۆکییە بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی و دەڵێت: "دەبێت کەسێک کەسی یەکەم بێت و ئیشوکارەکان بەشێوەیەکی راستەقینەی حیزبییانە بەڕێوەببرێن".



بەرهەم ساڵح و کۆسرەت رەسوڵ
(فۆتۆ: رووداو)

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی:

زۆرترین ئەندامانی کۆنگرە لە پارێزگای سلێمانی دەبن

# یەکێتی: بۆ هەڵبژاردن لە کەرکووک بە نووسراوی فەرمی داوای لیستی هاوبەش دەکەین

جەمال ئەحمەد جەمیل
رووداو- سلێمانی

بەرپرسانی پارتی و یەکێتی، لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ ئەوەی عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک رازی بکەن بە دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ شارەکە. ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە پارتییە دەڵێ: "بەبێ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، مەحاڵە بگەڕێینەوە".

دانانی پارێزگاری کەرکووک یەکێک لە پێشمەرجەکانی یەکێتی بوو بۆ دانوستاندن لەگەڵ پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت، دواجار پارتی و یەکێتی لەسەر دانانی تەیب جەبار رێککەوتن بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک، بەڵام بەربژێرەکە هێشتا هەر لە سلێمانییە.

جوان حەسەن عارف، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، هەندێک لایەنی تورکمانی بە بەربەستی بەردەم پێکهاتن دەزانێ و دەڵێ "تورکمان داوای پۆستی پارێزگار و 32%ی پۆستەکان دەکات، زۆریش جەختی لەسەر دەکەنەوە". بەڵام عەرەبەکان، وەک ئەو باسی دەکات نەرمییان نواندووە "داوای پۆستی جێگری پارێزگار، یان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا دەکەن، بەڵام بە رێککەوتنی نووسراو".

جوان حەسەن عارف گوتی کە هیچ کاتێک دیاری نەکراوە بۆ دانانی پارێزگار "هەرچەندە لەڕووی یاساییەوە هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام لایەنەکان، زیاتر هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی پارێزگار دەدەن، بەبڕوای من ئەوەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە دەیانەوێت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکاری بهێنن بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر و جوڵاندنی هەستی دەنگدەرانیان. ئێمە وەک کورد هەوڵی جددی دەدەین ئەم مانگە پارێزگار دابنێین، بەڵام لایەنەکانی

دیکە هەوڵدەدەن گفتوگۆکان درێژ بکەنەوە، چونکە لە بەرژەوەندی ئەوانە".

پارتی و یەکێتی لیژنەی هاوبەشیان پێکهێناوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان، بەڵام گفتوگۆکانی زۆرتر بردووەتە بەغدا. چونکە تێگەیشتوون لەوەی تاوەکو لەگەڵ بەغدا رێکنەکەون ئاسان نییە گرێی کەرکووک بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان هەوڵی نێوبژیوانی دەدات.

هەرچەندە کۆتایی هەفتەی رابردوو وادەی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بوو بە ئامادەبوونی نوێنەری یوئێن، بەڵام کۆبوونەوەکە دواخرا.

نەجات حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە تورکمانە، دەڵێ عەرەب داوای جێگری پارێزگار، یان سەرۆکی ئەنجوومەنیان کردووە، لەگەڵ جێگری ئەنجوومەنی قەزای کەرکووک، ئەگەر ئەوەیان پێبدرێت، بەدڵنیاییەوە بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دەکەن. دەمێنێتەوە تورکمانەکان. گوتیشی: "ئەگەر فراکسیۆنی برایەتی یان عەرەب و تورکمانەکان بیانەوێت یەک لایەنە بڕیار بدەن پۆستەکان بۆ خۆیان بێت، بەتایبەت پۆستە باڵاکان، ئەوە هەڵە دەکەن".

نەجات حەسەن، باسی پێشنیازێکی نوێی خۆی دەکات کە داوێتی بە لایەنەکان و دەڵێ: "ئەوەی جێگری پارێزگار وەردەگرێت بە پۆستی زیاتر قەرەبوو بکرێتەوە، یان پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەن وەربگرێ، بە پۆستی کەمتر لە جێگری پارێزگار و زیاتر لە بەڕێوەبەری گشتی قەرەبوو بکرێتەوە".

بەرپرسێکی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، رێککەوتن و پێکهاتنی لەم جۆرە لە کەرکووک بە ئاسان نابینێ و دەڵێت: "پارتی راستە بە بەربژێرەکەی یەکێتی رازی بووە، بەڵام پێداگیری لەسەر نەگەڕانەوە بۆ کەرکووک یارمەتی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە نادات".

محەممەد کەمال، بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک دەڵێت: "ئەگەر بارودۆخ ئاسایی بووەوە وەک ئەوەی رێککەوتنمان لەسەری هەیە و توانیمان بارەگاکانمان دابنێینەوە، ئەوا دەگەڕێینەوە و بەشداری کۆبوونەوەکان دەکەین، بەپێچەوانەوە ئەگەر لەگەڵ تورکمان و عەرەب بگەینە رێککەوتن لەسەر دانانی پارێزگار، بەڵام بارودۆخ ئاسایی نەکرێتەوە، مەحاڵە بگەڕێینەوە کەرکووک".

جوان حەسەن، لەو بڕوایەدایە بەبێ گەڕانەوەی پارتی دۆخی کەرکووک ئاسایی ناکرێتەوە و دانانی پارێزگاریش ئاسان نابێت "چونکە پارتی رێککەوتنی لەگەڵ بەغدا هەیە، بەبێ جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنە ناگەڕێتەوە کەرکووک، بە نەگەڕانەوەی ئەوانیش، ناتوانرێت پارێزگار دابنرێت".

### یەکێتی داوای یەک لیستی دەکات

کەمتر لە حەوت مانگی دیکە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەڕێوەدەچێ، پارتی، یەکێتی و لایەنە کوردییەکانی کەرکووک دەیانەوێت لیستێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دروستبکەن.

پێشتر خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی بڕیاری حیزبەکەی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک رایگەیاندبوو کە "ئێمە پێمانباشە بە یەک لیست بەشداری بکەین. بۆ ئەو کارەش پارتی هەنگاوی ناوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە".

رەوەند مەلا مەحموود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئێمە یەکلایی بووینەتەوە لەوەی هەموو لایەنەکان بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەین. گوتیشی: "بە نووسراوی فەرمی داوا لە لایەنەکان دەکەین بۆ دروستکردنی لیستێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردن".

# "لە کەلار زەویی زیندانیانی سیاسی دەدرێتە کادیرانی یەکێتی"

شکار ئەحمەد
رووداو — هەولێر

ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت زەوییەکی 613 دۆنمی لە کەلار بەناوی دابەشکردنی بەسەر زیندانیانی سیاسی ئیفراز کراوە، بەڵام بە هەزاران کەس لە کۆمیتە و مەڵبەندەکانی یەکێتی ناویان تۆمارکراوە بۆ ئەو زەوییانە. سەرۆکی شارەوانیی کەلاریش دەڵێت زەوییەکە دەدرێتە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانیش.

دابان محەممەد، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە کەلار زەوییەکی کشتوکاڵی کە رووبەرەکەی 613 دۆنمە و بەهاکەی سەدان ملیۆن دۆلارە، رەگەزەکەی لە کشتوکاڵییەوە گۆڕدراوە و خراوەتە سەر وەزارەتی شارەوانی بەناوی دابەشکردنی بەسەر زیندانیانی سیاسی و کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی زیندانی سیاسین و بڕیارە زەوییان بدرێتێ، زۆرنین و بەوپێیە بێ، هەر یەکێکیان دۆنمێک زەوی بەردەکەوێ".

گوتیشی: "وەزارەتی کشتوکاڵ داوای روونکردنەوەی لێکردوون و ئێمەش وەکو لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی بۆ دەکەین".

بەگوتەی پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان: "لەلایەن کۆمیتە و مەڵبەندەکانی یەکێتی لە گەرمیان ناوی 2500 کەسی

هیچ حیزبێک مافی بەسەر ئەو زەوییانەوە نییە

سەرۆکی شارەوانیی کەلار

حیزبی نووسراوە بۆ ئەوەی لەو زەوییانە سوودمەند بن و ناوەکانیش ئامادەکراون".

گوتیشی: "دابەشکردنی ئەو زەوییانە بەسەر کادیرانی یەکێتی پەیوەندی بە باڵباڵێنی نێو یەکێتییەوە هەیە. ئەو باڵەی بە ماڵە گەورەکەی یەکێتی ناودەبرێت، دەیانەوێت شوێن و زەویە باشەکانی کەلار بدەنە کەسە دەستڕۆیشتووەکانی خۆیان لەو ناوچەیە".

بەڵام ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانیی کەلار ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە و دەڵێت: "ئەو زەویانە لەنێو سنووری شارەوانییە و بە نووسراوی فەرمی داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ کراوە و ئەوانیش لە ساڵی 2018 کوژانەوەیان بۆ کردووە کە ئەو زەویانە بۆ فراوانبوونی شارەوانیی کەلارە. زیاتریش بۆ زیندانیانی سیاسی و کەسوکاری ئەو شەهید و ئەنفالانەیە کە ناویان هاتووەتەوە و زەوییان وەرنەگرتووە. نزیکەی 980 بۆ 1000 کەس دەبن. ئێمە ئێستا لە قۆناغی دیزاینکردنی زەوییەکەین بۆ ئەوەی شەقام و خزمەتگوزارییەکانی دیاری بکرێن".

سەرۆکی شارەوانی کەلار گوتیشی: "بەشێک لەو زەوییانە باخی خەڵکی لەسەرە و زەوی کشتوکاڵین و مافی قەرەبووبوویان هەیە، کە دیزاینمان کرد پارچەکانمان بۆ جیادەکرێتەوە و بێجگە لەو زەویانەی بۆ خزمەتگوزاری تەرخان دەکرێن، ئەوەی دیکەی دابەش دەکرێن بەسەر زیندانیانی سیاسی و کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان. زەوییە روکنەکانیش دەفرۆشرێن و پرۆژەکانی شارەوانیان پێ جێبەجێ دەکرێ".

سەرۆکی شارەوانیی کەلار رەتیکردەوە زەوییەکان بدرێنە کادیر و لایەنگرانی یەکێتی و گوتی: "هیچ حیزبێک مافی بەسەر ئەو زەوییانەوە نییە".

ئەندامەکەی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان باس لە زەوییەکی دیکەش دەکات کە هەر لە کەلار دراوە بە کەسێک. دابان محەممەد گوتی: "ئەو کەسە زەوییەکی لەنێو بازاڕی کەلار پێدراوە کە بایی 20 ملیۆن دۆلارە، رەنگە پرۆژەیەکی لەسەر دروست بکات، هەر بایی یەک ملیۆن دۆلار بێ".

دابان محەممەد پێیوایە لەدوای مەلەفی نەوت، ئەو مەلەفەی زۆرترین گەندەڵی

15 هەزار سکاڵا لەسەر کێشەی زەویوزار تۆمارکراون کە زۆربەیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی و گەرمیانن

گوتەبێژی داواکاری گشتی

تێداکراوە لە هەرێمی کوردستان، مەلەفی وەبەرهێنان و زەوییەکانی شارەوانییە. ئەو دەڵێت "لە تەنیشت فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی خەڵک هەیە بەبێ ئەوەی مۆڵەتی هەبێت ئێستا نەخشەی بۆ زەوییەک کێشاوە و ئیشی لەسەر دەکات. خەریکی دروستکردنی 45 پێشانگای ئۆتۆمبێلە، ئەمە لە قەڵادزێ و شارەکانی دیکەش کراوە".

بەقسەی گوتەبێژی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان، زۆربەی ئەو زەویانەی کێشەیان تێدایە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و گەرمیانن. حاکم دڵشاد فائیز لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "زۆربەی ئەو زەویانەی کێشەی گەورەیان لەسەرە زەوی کشتوکاڵی و شارەوانین".

حاکم دڵشاد فائیز هەروەها دەڵێت: "تاوەکو ئێستا زیاتر لە 15 هەزار سکاڵا لەسەر کێشەی زەویوزار تۆمار کراون کە بەشی زۆریان لە سنووری پارێزگای سلێمانی و گەرمیانن، بەشێک لەو سکاڵایانەمان داوەتە دادگا و یەکلایی کراونەتەوە و کێشەکە چارەسەر بووە، بەشێکی زۆریشیان هێشتا ماون".

## جۆناسان ویڵکس، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# دەمانەوێ پەیوەندیی فراوانتر لە بواری پەروەردە دابمەزرێنین


(فۆتۆ: ڕووداو)

بە عەرەبییەکی زۆرباش قسە دەکات، حەز دەکات لە داهاتوودا فێری زمانی کوردیش ببێ. جۆناسان ویڵکس، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەڵێت بەگوێرەی ئەو ڕاپرسیانەی کردوویانە، وەبەرهێنەر و خاوەنکارانی بەریتانیا حەز دەکەن بێنە عێراق و هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدەن لە ساڵی داهاتوودا ئەوە بەدی بهێنن. جۆناسان زۆر پەسنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەدات، بەڵام دەڵێت هێشتا هەر گڵۆپی زەرد بۆ ئەو بەریتانیانە هەڵدەکەن کە دەیانەوێ سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

**هەڤپەیڤین: شاهۆ ئەمین**
**ڕووداو - هەولێر**

**ڕووداو: تۆ بە عەرەبییەکی زۆر باش قسە دەکەی و پێشتریش ئەزموونی کارکردنت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر بووە. هەتا چەندە بە ئاسانی دەزانی لەگەڵ کولتوور و خەڵکی عێراق و کوردستاندا تێکەڵ بی، بە تایبەت لەو ڕێگەیەوە کە عێراقییەکان سیاسەتی لەسەر دەکەن؟**

**جۆناسان ویڵکس:** کارەکان ئاسانترن کاتێک زمانی وڵاتەکە دەزانی، داوای لێبوردن دەکەم کە کوردی نازانم. دەمەوێ لە داهاتوودا فێری بم. هەمیشە بە باشم زانیوە شارەزایی لە وڵاتەکە پەیدا بکەم و توانای قسەکردنم بە زمانی ئەو وڵاتە هەبێت کە کاری تێدا دەکەم.

**ڕووداو: دیدگای حکومەتی بەریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

**جۆناسان ویڵکس:** بەم دواییانە د.بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق، سەردانێکی لەندەنی کرد و چاوی بە بۆریس جۆنسن کەوت کە ئەوکات پاڵێوراو بوو ببێتە سەرۆک وەزیران. شتێکی ڕوونە کە بۆریس جۆنسن بیرۆکەی باشی هەیە لەبارەی ئەو هەلانەی لە عێراق هەن بە گشتی، بەتایبەتیش لەبارەی هەرێمی کوردستان کە پێشتر سەردانی کردووە. بەڵام بێگومان هێشتا کێشەی ئەمنی لە عێراق هەن، داعش هێشتا ماوە و هەڵمەتی دژی داعش بەردەوامە. لە هەمانکاتدا دەمانەوێ لەسەر ئاستی ئابووریش کار بکەین. ڕاپرسییەکان نیشانی دەدەن کە خاوەنکار و کۆمپانیاکان دەیانەوێ بێنە عێراق، ئێمەش دەمانەوێ کەرتی تایبەتی بەریتانیا بەشدار بێت لە بوژانەوەی ئابووریی عێراق. بۆیە لە بواری ئەمنی، هەم لە بواری بزنس، ئێستا بە کاتێکی پڕ هیوا دادەنرێت. چەند ڕەهەندێکی ئەرێنی هەن و دەمانەوێ لە ساڵی ئایندەدا بەدییان بهێنین.

**ڕووداو: قسەیەکی باشت هەیە بۆ خوێندکارە کوردەکان، بە تایبەتی لەو پرۆگرامەی کە چیڤنینگی ناوە و بەریتانیا دەیدات بە خوێندکاری کورد؟**

**جۆناسان ویڵکس:** پیرۆزبایی لە زیاتر لە دە خوێندکاری کورد دەکەین کە لەڕێی ئەو پرۆگرامەوە دەچن لە بەریتانیا ماستەر دەخوێنن. ئەوەش نیوەی ژمارەی ئەو خوێندکارانەیە کە لە پرۆگرامەکە وەرگیراون. دەمەوێ لێرەوە پیرۆزباییان لێ بکەم، ئەگەر خۆیان یان کەسوکاریان ئەم بەرنامەیە ببینن، ئەمە شتێکی گرنگە. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی چیڤنینگ گرنگترین پرۆگرامە، بەڵام بە گشتی دەمانەوێ پەیوەندیی فراوانتر لە بواری پەروەردە بونیادبنێین لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان. لێرە کونسوڵخانەی بەریتانیا چالاکە. لەڕێی ئەو خوێندکارانەوە کە بەشدارن لە پرۆگرامی چیڤنینگ، دەمانەوێ ئەو پردە مرۆییە دروست بکەین لەنێوان هەردوو وڵات. بۆ ئەوەی سوودی بۆ بەرژەوەندی هەردوو وڵات هەبێت، پەیوەندییەکان لە بوارەکانی بزنس، کولتوور و پەروەردەدا بگەیەنینە ئاستێکی نوێ.

**ڕووداو: وەک دەزانن ئەوە سێ ساڵە بەڵای شەڕی داعش هەتا ڕادەیەک لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش دوور کەوتووەتەوە. بەڵام لە ڕووی ئابووریشەوە هەندێک کەموکوڕی هەیە، چۆن دەڕواننە هەرێمی کوردستان لەو چوار ساڵەی داهاتوو کە حکومەتێکی تازەی هەیە؟**

> ئەگەر ئابووری گەشە بکات، خەڵکی عێراق وڵات بەجێناهێڵن و ئەوەش وەرگرتنی ڤیزا ئاسان دەکات

**جۆناسان ویڵکس:** لە کۆبوونەوەمدا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان باسی ئەم بابەتەمان کرد. ئاشکرایە کە ئێستا گەشبینی زۆر هەیە بەراورد بە شەش حەوت ساڵی ڕابردوو. دوای شەڕی داعش و ئاڵۆزییەکانی دوای گشتپرسییەکە، ئێستا پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا ئاراستەیەکی دروستیان وەرگرتووە، شتێکی گرنگە هەردوولا بگەنە ڕێککەوتن لەسەر داهاتی نەوت. بە گشتی ڕەوشی ناوچەکە ئاڵۆزە، بەڵام قابیلی کۆنترۆڵکردنەوەیە. پێموانییە هیچ لایەنێک لە ناوچەکە ململانێی بوێت. بەریتانیاش لەڕووی دیپلۆماسییەوە ئەوەی لە دەستی بێت دەیکات بۆ ئەوەی ڕەوشەکە هێور بکاتەوە. ئەگەر ئێمە بتوانین ڕێگری بکەین لەوەی هەرێمی کوردستان و بەغدا بچنە نێو ململانێوە، ئەوە پێمووایە دەتوانین گەشەسەندنی ئابووریی باش بەدی بهێنین. لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو خاڵە هاوڕا بووین کە ئێمە وەک بەریتانیا هاوکاری هەرێمی کوردستان دەبین بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی هەلی کار و خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی کورد دابین بکرێن، بەجۆرێک لە شەش مانگی داهاتوودا هەموو تاکە کەسێک هەست بکات حکومەت کاری باش دەکات. ئەمە ئامانجێکی گەورەیە، بەڵام بناغەمان بۆی داڕشتووە. گفتوگۆی باشمان لەسەر هەموو بابەتەکان کرد. لە ئێستاوە کار دەکەین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە.

**ڕووداو: سەرەڕای ئەو هەڵمەت و گوشارە نێودەوڵەتییە، داعش هەر ماوە. جیهان چۆن دەتوانێ لەو دوژمنە ڕزگاری بێ؟ ئایا هەر ئاوا وەک هەڕەشەیەک لەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیە دەمێنێتەوە؟**

> دەمانەوێ کورد بەشێک بن لە پرۆسەی سیاسیی سووریا

**جۆناسان ویڵکس:** بەڵێ. گرنگە هەموو کەسێک بزانێت داعش هێشتا ماوە. لە چەند ناوچەیەک خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە. بۆیە پێویستە هەڵمەتەکە لەدژی ئەو ڕێکخراوە بەردەوام بێت. هاوپەیمانیی دژی داعش کە بەریتانیا ئەندامێکی سەرەکییەتی، پابەندین بە پشتگیریکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان. پێویستە هەموومان باشتر هەماهەنگی بکەین. هانی هەولێر و بەغدا دەدەین میکانیزمە ئەمنییە هاوبەشەکان چالاک بکەن. پێویستە کێشەی دارایی و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە چارەسەر بکەین. هەروەها پێویستە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان یەکلایی بکرێتەوە، چونکە ئێستا چەکدارانی داعش بەزۆری لەو ناوچانە خۆیان شاردووەتەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان سەرکردایەتی هەوڵێک دەکات لە کەرکووک و شنگال. بێگومان دەشزانین کە گفتوگۆی نێوان بەغدا و هەولێر هەر دێتەوە سەر ماددەی 140ی دەستوور. بۆیە ئێمە ئەوەی لە دەستمان بێت دەیکەین بۆ ڕەخساندنی ڕەوشێکی ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشە ئاڵۆزانە.

**ڕووداو: گوتت تازەگی سەرۆکوەزیران مەسروور بارزانیت بینیوە، بۆ ئاسانکاری و پێدانی ڤیزا هیچ ڕێککەوتنێکی کۆنکریتی کراوە؟**

**جۆناسان ویڵکس:** باسی بابەتی ڤیزامان کرد. ئێمە هانی هەموو عێراقییەکان دەدەین لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاریی ڤیزا هەموو بەڵگەنامەکان پێشکەش بکەن و خزمەتگوزارییەکی پێشکەوتوو بەکاربهێنن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی هەموو ئەو زانیارییەی داوا کراوە دابینی بکەن. چونکە هەندێ کەس ڤیزای بۆ نایەتەوە تەنیا لەبەرئەوەی زانیاری داواکراو و بەڵگەنامە پێویستەکانی هاوپێچ نەکردووە. هەروەها گرنگە خەڵک بەڵگە بخەنەڕوو کە مووچە و داهاتیان چەندە و دڵنیایی بدەن لەوەی دەتوانن خەرجی مانەوەیان لە بەریتانیا دابین بکەن. کارەکە زۆر ئاسانترە بۆ ئەوانەی حسابی بانکییان هەیە. زۆربەی خەڵکی عێراق حسابی بانکییان نییە، بەڵام ئەوانەی دەیانەوێ ڤیزا وەربگرن پێویستە حسابی بانکییان هەبێت و داهاتی مانگانەیان بخەنە سەر ئەو حسابە بانکییە. ئەمە بەشێکە لە کێشەیەکی گەورەتر، ئەگەر ئابووری گەشە بکات، ئەگەر هەلی کار بڕەخسێت، خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق بە یەکجاری وڵات بەجێناهێڵن. ئەوە وادەکات وەرگرتنی ڤیزا ئاسان بێت. کاتێک بزانرێت عێراق لەو وڵاتانە نییە کە خەڵکەکەی کۆچ دەکەن، ئەوکات پێدانی ڤیزا ئاسانتر دەبێ بۆ گەشتیاران و ئەوانەی دەیانەوێ بۆ خوێندن و وەبەرهێنان بچنە وڵاتێکی دیکە. بۆ ئەمەش پێویستە کەرتی تایبەت بەهێز بکرێت. پێویستە هەلی کار بڕەخسێت. بایەخ بە بزنسی بچووک بدرێت. بۆ ئەوەش پێویستتان بە کەرتی بانکی متمانەپێکراوە. یەکێک لەو هۆکارانەی خەڵک حسابی بانکییان نییە ئەوەیە متمانە بە بانکەکان ناکەن. بانکە نێودەوڵەتی و لۆکاڵییەکان ئامادەییەکی بەهێزیان نییە. ئەمە چاکسازی ڕیشەییە کە لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق کاری لەسەر دەکەین، لە هەمانکاتدا لێرەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کەرتی بانکی بەهێز دروست بکرێت کە جێی متمانەی خەڵک بێت. ئەمە سوودی بۆ ئابووری دەبێت، سوودیشی بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە داوای ڤیزا دەکەن.

> گڵۆپی زەرد هەڵدەکەین بۆ ئەو گەشتیارانەی بەریتانیا کە دەیانەوێ بێنە کوردستان

**ڕووداو: هەزاران کوردی باشووری کوردستان و لەوانەیە هەزارانیش لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لە بەریتانیا نیشتەجێن. ئەمانە کاتێک داوای مافی پەنابەرێتییان کردووە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس ڕایانکردووە و ناچار بوون ژمارەیەک یان زانیارییەک بە هەڵە بدەن، ئێستا ئەوانە بۆ نوێکردنەوەی پاسپۆرت یان بردنی منداڵەکانیان کێشەی گەورەیان تووش بووە، چۆن دەتوانن چارەسەری ئەوە بکەن؟**

**جۆناسان ویڵکس:** ناتوانم باسی کەیسی دیاریکراو بکەم، بەڵام بە گشتی ئەمە کێشەیەکی گەورەیە. خەڵکی عێراق، کورد و پێکهاتەکانی دیکە،

> لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی مەسەلەی ڤیزامان کرد

هەوڵدەدەن بەنایاسایی خۆیان بگەیەننە بەریتانیا. دەزانین زۆربەیان پەنابەری ئابوورین، داوای مافی پەنابەریی سیاسی ناکەن، تەنیا داهاتوویەکیان دەوێت بۆ خۆیان و خێزانەکانیان. لەبەرئەوەیە کە گەشەکردنی ئابووری پێویستە، چونکە پێویستە داهاتوویەک هەبێت بۆ گەنجانی کوردی بەهرەمەند لە هەرێمی کوردستان. کاتێک ئەو زەمالەیە دەدەینە خوێندکارە یەکەمەکان بۆ ئەوەی لە بەریتانیا ماستەر بخوێنن، دەمانەوێ بگەڕێنەوە ئێرە و سەرکردایەتی گەشەسەندن و بونیادنانەوەی وڵاتەکەیان بکەن.

**ڕووداو: بەڵام ئەوانەی من باسیان دەکەم هاووڵاتیی بەریتانین، واتە ڕەگەزنامەی بەریتانییان هەیە، بەڵام هەڵەیەک لە وردەکاری دۆکیۆمێنتەکەیاندا هەیە، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی لەدایکبوونیاندا. چی دەکەن بۆ ئەوەی کێشەی ئەوانە چارەسەر ببێ، چونکە ئەوان دەیانەوێ پاسپۆرتەکەیان نوێ بکەنەوە، بەڵام نایاندەنەوە؟**

**جۆناسان ویڵکس:** ڕاستە، ئێمە کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی کونسوڵخانەکانمان بۆ هاووڵاتیانی بەریتانییە. بۆ ئەوەی ماوەی پاسپۆرت و دۆکۆمێنتەکانیان بەسەرنەچێ. ئێمە تیمی تایبەت بە کۆنسوڵخانەکانمان لە بەغدا هەیە کە کارەکەیان هەموو عێراق دەگرێتەوە، بەڵام سەردانی هەولێریش دەکەن. بەشێوەیەکی گشتیش ئێمە هانی ئەو خەڵکە دەدەین کە پاسپۆرتی بەریتانیایان هەیە و لە هەمانکاتدا پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی بەشێک بن لە پەرەسەندنی ئەو هاوبەشییە ئابوورییە. بۆیە ئێمە هەم خزمەتگوزاریی کونسوڵخانەکانیان پێشکەش دەکەین و هەم دەمانەوێ ئەوان بە بەردەوام سەردانی ئێرە بکەن و بەشێک بن لەو هاوبەشییە گەشەسەندووەی لە بواری ئابووری و بزنسدا هەمانە.

> گرنگە بەغدا و هەولێر بگەنە ڕێککەوتن لەسەر داهاتی نەوت

**ڕووداو: ئێوە لەگەڵ ئەڵمانیا و لەگەڵ ئەمریکییەکان یارمەتیدەرن بۆ چاکسازی لە هێزی پێشمەرگەدا. هەتا ئێستا بە کردەنی چیتان بۆ ئەوە کردووە؟**

**جۆناسان ویڵکس:** بێگومان ساڵی ڕابردوو خاو دەڕۆیشتینە پێشەوە، ئەویش بەهۆی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتەوە بوو، بەڵام پێکهاتنی حکومەتی نوێ و هەڵوێست و سیاسەت و پرۆگرامی بەرایی زۆر دڵخۆشکەرە، ئێمە لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی پێشمەرگە و وەزیری نوێ بۆ کاروباری پێشمەرگە دانیشتووین، پابەندبوون بە چاکسازی هەیە، بەڵام تێشدەگەین کە ئەمە چەندە کارێکی قورسە، چونکە هەوڵێکە پەیوەندی بە پەرەپێدانی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەم لەڕووی سیاسی و هەم لەڕووی سەربازییەوە. هەموو لایەنەکان خەمی ئەوەیانە ئەمە بە جۆرێک بکرێ کە یەکریزی هەرێمی کوردستانی لەسەر بنیات بنرێ و شەڕ و گرژی لێنەکەوێتەوە. ئێمە هەستمان بەوە کردووە و ڕێزی لێدەگرین و دەزانین ئەوانەی کە سەرکردایەتی ئەو پرۆسەیە دەکەن، دەبێ ئیدارەی مەلەفە سیاسییەکەش بکەن، بەڵام ئێمە لەگەڵیان دەبین بۆ ئەوەی پشتیوانی تەکنیکییان پێشکەش بکەین. بەم دواییانەش ئێمە لێکتێگەیشتنێکی هاوکاریی سەربازیمان بۆ هەموو

> یەکێک لە گرفتەکانی خەڵک لە وەرگرتنی ڤیزا نەبوونی حیسابی بانکییە

عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە واژۆ کردووە کە ڕاهێنانی ئەفسەرەکان لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق و پێشمەرگە لەخۆدەگرێ.

**ڕووداو: لە گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، هەم هەولێر و هەم بەغدا بە جۆرێک لە جۆرەکان گیریان خواردووە و نازانن چۆن مامەڵە بکەن. بە بڕوای تۆ هەولێر و بەغدا چۆن دەتوانن خۆیان لەو بەریەرەکانێیەی نێوان ئێران و ئەمریکا دووربخەنەوە؟**

**جۆناسان ویڵکس:** هەمیشە ئەوەم بە سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی عێراق گوتووە کە ئێمە دەزانین عێراق دەیەوێ لە دەرەوەی ئەو بەریەرەکانێیەدا بمێنێتەوە، عێراق بەشی خۆی تەحەدای لە پێشە و هەموو ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە دەکرێ بەدی بێن پێچەوانە دەبنەوە ئەگەر عێراق پەلکێشی شەڕێکی ناوچەیی بکرێ. تاکە ڕێگە بۆ عێراق ئەوەیە بەرژەوەندییەکانی ڕوون بکاتەوە کە بریتییە لەوەی نابێ خاکی ئەو بەکاربهێنرێ بۆ هەڕەشەکردن لە هیچ وڵاتێکی ناوچەکە، وەک چۆن نابێ لەلایەن وڵاتێکی دیکەشەوە بەکاربهێنرێ بۆ هەڕەشەکردن لە وڵاتانی دیکە. ئەگەر وڵاتێک ڕێزی لەو سیاسەت و بەرژەوەندییەی عێراق نەگرت، ئەوە ئەو وڵاتە ڕێز لە سەروەری و سەربەخۆیی عێراق ناگرێ. پێموایە ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ ئیدارەکردنی ئەم ریسکە. لە کاتێکدا ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ ئێرانییەکان و ئەمریکییەکان و ئەوانی دیکەش هەیە، هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین ئاڵۆزییەکان

> خەڵکی ئێرە متمانەیان بە بانکەکان نییە، بۆیە حیسابی بانکی ناکەنەوە

کاڵ بکەینەوە. من پێموانییە هیچ لایەنێک بەڕاستی شەڕ و پێکدادانێکی گەورەی بوێ. بۆیە دۆخەکە ئیدارە دەکرێ، بەڵام مەترسییەکە ئەوەیە شتێکی بێ ئەنقەست و بەهەڵە ڕووبدات، لەو حاڵەتەدا ئەوە ئەرکی دیپلۆماتیکی هەموومانە، واتە ئەوانەی لەو شەڕەدا بەشدار نین، کە گەرەنتی ئەوە بکەن هیچ تێگەیشتنێکی هەڵە نایەتە ئاراوە، هەرچەند هەڵەش دەکرێ. پێموایە چانسێکی باشمان هەیە ئەوە بکەین، بەڵام بێگومان دەمانەوێ دیالۆگ بەردەوام بێ.

**ڕووداو: بۆ تۆ، تیمەکە و ئەو پاسەوانانەش کە لەگەڵتن، هەتا چەندە عێراق و کوردستان سەلامەتە بۆ ئەوەی بگەڕێن؟**

**جۆناسان ویڵکس:** ئێمە هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە پارێزراوترین ناوچەکانی عێراق دەزانین. ئاشکرایە کە هەڕەشەکانی جارانی داعش لە کەرکووک و مەخموور و شوێنەکانی دیکە هەیە و سفر نییە. بەڵام هێزە ئەمنییەکانی کورد ئاستێکی باشی ئاسایشیان دەستەبەر کردووە. بێگومان من هەست دەکەم کارکردن لە کوردستان ئاسانترە لەوەی لە بەشی زۆری عێراق کار بکەین. کاتێک لەگەڵ بزنسمانەکانی بەریتانیا قسە دەکەم، پێیاندەڵێم کە ئامۆژگاریی من بۆ گەشت ئەوەیە هەرێمی کوردستان گڵۆپی زەردە، سەوز نییە، واتە تۆ دەبێ ئاگادار بی، بەڵام ئێمە ناڵێین سەردانی هەرێمی کوردستان مەکەن. بێگومان هەندێک ناوچەی دیکە هەن،

> دەمەوێ لە داهاتوودا فێری زمانی کوردی ببم

> گفتوگۆی نێوان بەغدا و هەولێر هەر دێتەوە سەر ماددەی 140

وەک ناوچە ڕزگارکراوەکان کە داعشیان لێبووە و هەتا ئێستاش لێیەتی و زۆر مەترسیدارن و ئێمە ئامۆژگاری هیچ کەس ناکەین بچێتە ئەو ناوچانە. بەڵام دەزانین کە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئەو ناوچانە پێویستە درێژە بە هەڵمەتی دژی داعش بدەین، چونکە ئەوان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، واتە لەسەر سنووری هەرێمی کوردستانن.

**ڕووداو: بەم دواییە شاندێکتان چووبووە سووریا، دەمەوێ بزانم مەبەستتان لە ناردنی ئەو شاندە چییە، بە تایبەتی لە بەشی ڕۆژئاوای کوردستان؟**

**جۆناسان ویڵکس:** دوو شت هەیە کە ئێستا لەبارەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بیریان لێدەکەینەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە دڵنیابینەوە لەوەی شەڕ ڕوونادات، چونکە ئەمە لێشاوی پەنابەران و کۆمەڵێک لێکەوتەی نێگەتیڤی دیکەی بۆ وڵاتانی دراوسێ دەبێت. خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە وەک دەزانین زۆر خەڵکی دەستبەسەر لەوێ هەن هەندێکیان پەیوەندییان بە بەریتانیاوە هەیە و چەکدار و خێزانی داعشن. ئێمە هەوڵدەدەین ئیدارەی ئەو کەیسانە بکەین، بە جۆرێک کە نەبن بە

> هێزە ئەمنییەکانی کوردستان ئاستێکی باشی ئاسایشیان دەستەبەر کردووە

هەڕەشەیەکی زیاتر بۆ ئێمە و هیچ هاوپەیمانێکمان لە ناوچەکە. ئەوەی لە دەستمان بێ دەیکەین بۆ ئەوەی کوردی سووریا بەشێک بن لە پرۆسەی سیاسیی سووریا.

**ڕووداو: گیراوەکانی ئێوە ژمارەیان چەندە لەوێ؟**

**جۆناسان ویڵکس:** ژمارەیان کەمە، ناگەنە ژمارەی سەتەکان، لە دەیەکاندان.

**ڕووداو: چۆن بڕیار لەبارەی چارەنووسیانەوە دەدەن، دەیانبەنەوە بەریتانیا؟**

**جۆناسان ویڵکس:** نایانگەڕێنینەوە بۆ بەریتانیا. ئێمە سەرقاڵی گفتوگۆین لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق کە ئاخۆ دەتوانین لە عێراق مامەڵە لەگەڵ ئەو کەیسانەدا بکەین؟ کۆمەڵێک کێشە هەیە لەبارەی سزای لە سێدارەدانەوە کە مەسەلەکە ئاڵۆز دەکات. ئێمە تەنیا کاتێک دەتوانین شتێک لەمبارەوە لەگەڵ عێراقییەکان بکەین، ئەگەر ڕێز لە یاسا و بەرژەوەندییەکانی عێراق بگرین.

# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 184 هەزار ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر هەن

## لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵات تاقیگەی دروستکردنی مادەی دەستکردی شیشە دامەزراون

**ڕووداو- سنە**

تاوەکو ساڵانێک لەمەوبەر، شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوێنترین ناوچەی ئێران بوون لەڕووی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە، بەڵام ئێستا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاماری ئاڵوودەبووان و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بەرەو هەڵکشان دەچێ.

بەپێی ئاماری فەرمیی دەوڵەت، ژمارەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە ئێران گەیشتووەتە 2 ملیۆن و 808 هەزار کەس، بەڵام کارناسان و پسپۆڕانی ئەو بوارە دەڵێن ئەوەی حکومەت ئاشکرای کردووە تەنیا 30%ی بەکارهێنەران دەبێ.

بەپێی ئامارەکان 50%ی تووشبووان تەمەنیان لە 29 ساڵ کەمترە. 11%ی بەکارهێنەرانیش لە ڕەگەزی مێن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تاوەکو سەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی 1979 بە دەگمەن بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەری تێدابووە، ئێستا لە هەر چوار پارێزگاکە (سنە، ورمێ، ئیلام و کرماشان) زیاتر لە 184 هەزار ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر هەن کە 10%یان لە ڕەگەزی مێن، بەڵام ئەم ئامارانە ئاماری دەزگا فەرمییەکانی ئێرانن و لەبەر زۆر هۆکار قەت ئاماری ڕاستەقینە ڕاناگەیەنرێ.

بەپێی هەندێک بەڵگە و قسەی شرۆڤەکارانی سیاسی، سەرەتای بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نەوەتەکان، کاتێک هاشمی ڕەفسنجانی بڕیاری دا محەممەد ڕەزا ڕەحیمی، بکرێتە پارێزگاری سنە.

ڕەحیمی کە لە ساڵی 1993 تاوەکو 1997 پارێزگاری سنە بوو، دەگێڕنەوە کە گوایە گوتوویەتی "چەکم لە دەستی لاوانی کورد دەرهێنا و وارفوورم دانە دەستی". (وافوور ئامێری تایبەت بە کێشانی تریاکە).



بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە ئێران 2 ملیۆن و 808 هەزار کەسن

ئاماری فەرمی

(فۆتۆ: ڕووداو)

ئاڵوودەبوویەکی مادەی هۆشبەر لە یەکێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەرچەندە ئامارێکی ڕوون و بڕواپێکراو سەبارەت بە گەشەسەندنی ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەر لەبەردەست نییە و دەستڕاگەیشتن بە ئامارێکی وەها مەحاڵە، بەڵام یەک لەوانەی ئەم ئامارەی هەبووە، عەبدوڵڵا ڕەمەزانزادەیە کە دوای ڕەحیمی بووە پارێزگاری سنە. ئەو هەرگیز ئەو ئامارانەی نەدرکاندووە.

10 ساڵ دوای نەمانی لە پۆستەکەیدا، ڕەمەزانزادە لە گفتوگۆیەکدا گوتی، ئەوکات ئاماری ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر بەردەوام ڕووی لە هەڵکشان دەکرد. کاتێک لێی دەپرسن: خەڵک پێیانوایە هەڵکشانی ئاماری تووشبووانی مادەی هۆشبەر لە کوردستان شتێکی ئەنقەستە، ئەو دەڵێ: "بەڵێ، خەڵک بە ئاشکرا دەیانگوت حکومەت چەکی لە دەستی لاوەکانمان دەرهێنا و وافووری دانێ. دەیانگوت ئەمە بەرنامەی حکومەتە کە منداڵەکانمان تووشی مادەی هۆشبەر بکات. ئێمەش هەرچەندە هەوڵمان دەدا پێیانبڵێین کە ئێمە وەک نوێنەری دەوڵەت بەرنامەیەکی وەهامان نییە، بەڵام کەس بڕوای نەدەکرد".

بە گوتەی چاودێرێکی کۆمەڵایەتی کە لەبەر هۆکاری ئەمنی نایەوێ ناوی ئاشکرا بکات، لەسەردەمی ڕەحیمیدا ئەو سەربازانەی ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەر بوون، کاتێک سەرپێچییان دەکرد، سزاکەیان ئەوە بوو کە دەگوازرانەوە بۆ ڕۆژهەڵات، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ئاڵوودەبوون بڵاوبکەنەوە. تۆمەتێک کە سەلماندنی ئاسان نییە.

بەڵام چالاکێکی مەدەنی خەڵکی شاری کامیاران کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێت: "باش لەبیرمە ئەو کاتانە کەسێک بە ناوی "مەحموود ئەمانوڵاهی" کە خۆی ئەفسەرێکی گەورەی هێزەکانی سوپای سنە بوو، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن هاتبووە کامیاران و ڕەخنەی لە دۆخی ئەوسای سنە دەگرت و دەیگوت: ئێستا لە کوردستان کڕینی تریاک و مادەی هۆشبەر لە کڕینی شەکر لە دووکانێک ئاسانترە. بەگوتەی ئەو، ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە حکومەتی ئێران توانیویەتی داخوازییە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکانی گەلی کورد تا ئاستی خەمی ڕزگارکردنی منداڵەکانیان لە داوی ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەر، دابەزێنێ".

ڕەحمان حەریری، بەرپرسی دەزگای بەرەنگاربوونەوەی ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەر لە سنە پێیوایە گرفتەکە هەر ئاڵوودەبوون نییە، بەڵکو دەرئەنجامەکەیەتی، چونکە بە گوتەی ئەو "70%ی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تەڵاق، دزی و خۆکوشتن، هۆکارەکەی ئاڵوودەبوونە بە ماددەی هۆشبەر".

هەر لەوبارەوە نەجیب حوسێنی، جێگری دەزگای ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ئێران بە پشتبەستن بە داتا دەڵێت: "65%ی توندوتیژی خێزانی، 55%ی تەڵاق، 30%ی ئازاردانی منداڵ، 25%ی تاوانەکانی کوشتن، هۆکارەکەیان ئاڵوودەبوونە بە ماددەی هۆشبەر".

هەرچەندە حکومەتی ئێران، زۆری و بەربڵاویی ماددەی هۆشبەر بۆ هاوسنووری لەگەڵ ئەفغانستان دەگێڕێتەوە، بەڵام لە زۆر شوێنی ئێران ماددەی هۆشبەری وەکو خەشخاش و ماریوانا دەچێنرێ. لە زۆربەی شارەکانی کوردستان وەک مەهاباد، سەردەشت، بۆکان، سەقز و دیواندەرە، تاقیگەی دروستکردنی مادەی دەستکردی شیشە دامەزراون. شۆفێرێکی لۆریی دانیشتووی شاری سەقز بە ناوی محەممەد عەزیزی بە (ڕووداو)ی گوت کە چەندینجار لە تارانەوە کەرەستە و ماتریاڵی سەرەکیی مادەی شیشەی بۆ شارەکانی مەهاباد و سەردەشت گواستووەتەوە.

کۆتایی مانگی ڕابردوو، کەناڵی فەرمیی هەواڵی ئێران بڵاوی کردەوە، پێنج کێڵگەی چاندنی ماریوانا لە ناوچەی کەلاتەرزانی سەر بە شاری سنە لەناوبراوە کە بەهاکەی بە 500 هەزار دۆلار خەمڵێنراوە.

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر، تەنیا لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی 2019دا لە پارێزگای سنە زیاتر لە 590 کیلۆگرام مادەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە کە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 270% زیادی کردووە. ئەمەش نیگەرانیی چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی ناوچەکەی زیاتر کردووە و دەڵێن ئاماژەیە بۆ زیادبوونی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر.

# کەمپی ئەلهۆل... بۆمبێک چاوەڕێی تەقینەوەیە

**ڕووداو- هەولێر**

ناوە فەرمییەکەی ئەلهۆلە، بەڵام ئافرەتەکانی کەمپەکە پێیدەڵێن "جەبەل باغۆز". ئەوەش وەک یادکردنەوەی دوایین قەڵای داعش کە مانگ لەمەوبەر مێردە داعشەکانیان تێدا کوژرا. کەمپەکە لەو دەگمەن شوێنانەیە کە هێشتا بیروباوەڕی داعشی بە ئاشکرا تێدا پەیڕەو دەکرێ و تۆوی داعشی داهاتووی تێدا دەچێنرێ.

مەزلوم کۆبانێ، بەرپرسێکی باڵای هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)، لەبارەی مەترسیی ئەو کەمپە بە ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی دەڵێ: "ئەم کەمپە بۆمبێکی تەوقیتکراوە و چاوەڕێی تەقینەوەی دەکرێ. هیچ چارەسەرێکی نییە. تەنانەت ئەگەر بیانییەکانیش بنێردرێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، دیسان زۆرینەی دەستبەسەرەکان سووری و عێراقین کە ئەگەر بیرکردنەوەی ڕادیکاڵ لە مێشکیان دەرنەکرێ، لە داهاتوودا کێشەمان بۆ دروست دەکات".

کەمپی ئەلهۆل لە پارێزگای حەسەکە هەتا سەرەتای ئەمساڵ تەنیا 10 هەزار کەسی تێدابوو کە لە دەست داعش ڕایانکردبوو. بەڵام لە کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی باغۆز کە مانگ و نیوێک درێژەی کێشا، زیاتر لە 64 هەزار ئافرەت و منداڵی داعش بەرەو ئەو کەمپە ڕایانکرد.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی گاردیەن، تەنیا 400 پاسەوان پارێزگاری لە ئاسایشی کەمپەکە دەکەن، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتەکان دەیانەوێ دەست لە پاسەوانەکان، فەرمانبەرانی ڕێکخراوە هاریکارە نێودەوڵەتییەکان و هەر کەسێک بوەشێنن کە پەیڕەوی لە ڕێساکانی داعش ناکات.

بەرپرسانی کەمپەکە دەڵێن تا ئێستا بەلایەنی کەمەوە دوو ئافرەت لەلایەن ژنە داعشەکانەوە کوژراون، مانگی ڕابردووش ئافرەتێک لەسەر نەپۆشینی نیقاب نەوەکەی خۆی خنکاند. ڕێکخراوی یەزدا بۆ پشتگیری لە کۆمەڵگای ئێزدی ڕایگەیاند، ئافرەتێکی شوێنبزری ئێزدی لە ماوەی ڕابردوودا لە ئەلهۆل کوژراوە.

**هیچ پاسەوانێک توخنی بەشی ئافرەتانی کەمپی ئەلهۆل ناکەوێت**

ئافرەتێک بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی باسی دۆخی خزمەتگوزاری و ئەمنیی کەمپەکە بۆ (گاردیەن) دەکات و دەڵێت: "کاتێک منداڵەکەم نەخۆش دەکەوێ، دەرمانم دەستناکەوێ، تەوالێتەکان پڕبوون، سەرباری هەموو ئەوانەش ئەو ئافرەتانە دێن و چادرەکەت دەسووتێنن و لە منداڵەکانت دەدەن، تەنیا لەبەر ئەوەی دەتوانن ئەوە بکەن".

کەمپەکە پەرژین کراوە، هێزەکانی هەسەدە و ئاسایشی ڕۆژئاوا دەیپارێزن. بەڵام هەم پاسەوانەکان و هەم دانیشتووانی کەمپەکەش دەزانن دەسەڵات لە دەستی کێدایە. ئەیلوول، سەرۆکی کاروباری ئەمنیی کەمپەکە باسکی بەهۆی هێرشی یەکێک لە دانیشتووانی کەمپەکەوە شین بووەتەوە.

ئەو بە ڕۆژنامەی (گاردیەن) دەڵێ: "ناخۆشترین شت ئەوەیە ئافرەتەکان منداڵەکانیان هاندەدەن بەردمان تێبگرن. ئەوان بە منداڵەکانیان دەڵێن کە ئێمە باوکی ئەوانمان کوشتووە".

زۆربەی ئەو ڕاپۆرتانەی لەبارەی کەمپی ئەلهۆلەوە نووسراون، ئاماژەن بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی و هێزە لۆکاڵەکان ئامادەگی وەرگرتن و کۆنترۆڵکردنی ئەو لێشاوەی ئافرەتان و منداڵانی داعشیان نەبووە. دۆخی ئەمنی و خزمەتگوزارییەکانی کەمپەکە بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەمە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی گاردیەن، لە سێ مانگی ڕابردوودا هیچ پاسەوانێک نەیوێراوە بچێتە ناو ئەو بەشەی کەمپەکەوە کە 12 هەزار ئافرەت و منداڵی بیانی داعشی تێدایە، چونکە دوایین جار کە بەمەبەستی گەڕان بە دوای چەکدا ئەو بەشەیان پشکنی، ناڕەزایەتییەکی سەرتاسەری هەموو کەمپەکەی گرتەوە و هاتبوونە بەر دەرگای "جەبەل باغۆز".

حاڵی پاسەوانانی بەشە عێراقی و سوورییەکەی کەمپەکەش زۆر باشتر نییە. هێزی ئەمنیی کەمپەکە تیمی گاردیەن دەبەنە ئەو بەشەوە. تیمەکە بەم جۆرە باسی جەولەکەی خۆیان دەکەن: "نائارامیی یەکێک لە سەربازەکان بە ئاشکرا دیار بوو. بە نیگەرانییەوە دەستی بە چەکەکەیەوە گرتبوو، هەر چەند خولەک جارێک بە تیمی گاردیەنی دەگوت پەلە بکەن، دوو لە هاوکارەکانیشی ئامادە نەبوون پیکەپەکە جێبهێڵن و بێنە ناو ئەو بەشەوە".

ئەیلوول دەڵێت ڕۆژانە خەڵک بە قاچاخ لە کەمپەکە دەردەچن یان دێنە ناو کەمپەکەوە، ئەوەش ترسی ئەوەی دروستکردووە کە ئافرەتانی پلەباڵای داعش لە کەمپەکە ڕابکەن. مانگی ڕابردوو پێنج لە دەستبەسەرانی کەمپەکە 2000 دۆلاریان بە کۆمەڵێک پاسەوانی کەمپەکە دابوو بۆ ئەوەی ڕێگەیان بدەن دەربچن، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە ئیدلب پێیانزانرابوو.

هێزە ئەمنییەکان و هاریکارە نێودەوڵەتییەکان کە قسەیان بۆ ڕاپۆرتەکە کردووە، لەسەر ئەوە کۆکن کە دۆخی کەمپەکە "ناسەقامگیرە" و هیچکات دۆخێکی هاوشێوەی دۆخی کەمپی ئەلهۆلیان نەبینیوە. حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە 31 هەزار هاووڵاتیی عێراقی ناو کەمپەکە وەربگرێتەوە، بەڵام گرووپەکانی مافی مرۆڤ هۆشداری دەدەن لەوەی دۆخی ئێستای ئەلهۆل لە عێراقیش دووبارە دەبێتەوە.



ئافرەتەکانی کەمپی ئەلهۆل ناویان لە کەمپەکە ناوە "جەبەل باغۆز"

## فەرماندەیەکی هەسەدە:

# ئەگەر ناوچەی ئارام سەرنەگرێ، لەگەڵ ئەسەد ڕێکدەکەوین

**ڕووداو- هەولێر**

فەرماندەیەکی باڵای هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) هۆشداری دەدات کە داعش لە هەندێک ناوچەی سووریا سەریهەڵداوەتەوە و داوای پشتگیری زیاتری ئەمریکا دەکات. ئەو دەڵێت: ئەگەر ناوچەی ئارام سەر نەگرێ، لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد ڕێکدەکەون.

مەزلوم کۆبانێ، فەرماندەی گشتیی هەسەدە بە کەناڵی (سی ئێن ئێن)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە کە داعش پێش لە دەستدانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بۆ ئەو قۆناغەی ئێستا خۆی ئامادە کردبوو.

مانگی ڕابردوو، پێنتاگۆن لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە داعش خەریکە سەرهەڵدەداتەوە، دوای ئەوەی کۆشکی سپی بڕیاری کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریای دەرکرد. مەزلوم کۆبانێ دەڵێ: "ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە". هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە داعش لە هەندێک ناوچە دەتوانێ ئازادانە جموجۆڵ بکات، لەوانەش سنووری سووریا و عێراق و ناوچەکانی ڕۆژئاوای فورات کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی لایەنگری حکومەتن.

هێزەکانی هەسەدە لە 2015 بە دەستپێشخەریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و بە پشتیوانی ئەمریکا دامەزرا. ئەو هێزە کە نزیکەی 35 هەزار شەڕڤانی هەیە، لە چوار ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی هێزی پیادەی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعشی لە سووریا گێڕاوە.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو بڕیاری کشانەوەی هەموو هێزەکانی ئەمریکای لە سووریا ڕاگەیاند، دواتر بڕیارەکە بۆ "کەمکردنەوە"ی هێزەکان گۆڕا. کۆبانێ بە کەناڵە ئەمریکییەکە دەڵێ: "بێگومان (کەمکردنەوەی هێزەکان) کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئێمە داناوە".

بەگوتەی فەرماندە کوردەکە، ئەمریکا نیوەی ڕاوێژکارە سەربازییەکانی لە سووریا کشاندووەتەوە، لە کاتێکدا زیاتر لە نیوەی هێزەکانی ئەمریکاش سووریایان جێهێشتووە.

ڕۆژی 2019/9/8 گەڕانی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکا و تورکیا لە ناوچەی ئارامی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەستپێیکرد. تورکیا و ئەمریکا ناوەندێکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان دامەزراندووە کە چاودێری ئەو گەڕانە هاوبەشانە دەکات.

مەزلوم دەڵێ بەشێک لەو هێزانەی ئەمریکا کە لە سووریا ماونەتەوە، سەرقاڵی چاودێریکردنی ناوچەی ئارامن، ئەوەش وایکردووە سەرنجیان پەرت بێ و هەموو فۆکەسیان لەسەر لەناوبردنی پاشماوەکانی داعش نەبێ، هاوکات هەڕەشەکانی تورکیا هەلی دەستوەشاندنی بۆ شانە نوستووەکانی داعش ڕەخساندووە.

چەند مانگێکە واشنتن و ئەنقەرە سەرقاڵی دانوستاندنن لەسەر درێژی و قووڵیی ئەو ناوچەیە کە تورکیا وەک مەرجێک دایناوە بۆ ئەوەی هێرش نەکاتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی خۆسەری. بە گوتەی فەرماندە کوردەکە، هەسەدە لەسەر ناوچەی ئارام ڕێککەوتووە و هەوڵەکانی پەیوەندیدار بە ناوچەکە "بە باشی بەرەوپێش دەچن". ناوچەی ئارام قووڵاییەکەی لە هەندێک شوێن 5 کیلۆمەتر و لە هەندێک شوێنی دیکە 14 کیلۆمەترە.

فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا پشتڕاستی کردووەتەوە، هەسەدە هێزەکانی لەو ناوچانە کشاندووەتەوە کە دەکەونە ناوچەی ئارامەوە. مەزلوم کۆبانێ بە (سی ئێن ئێن) دەڵێ: "ئێمە نەرمیمان نواندووە. دڵنیاشین ئەمریکییەکان ئەو نەرمییەی ئێمە لەبەرچاو دەگرن"، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە لێدوانە توندەکانی تورکیا "پرۆسەکە ئاڵۆز دەکات".

هەفتەی ڕابردوو ژەنەراڵ جۆزێف دانفۆرد، فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند، داعش هێندەی 2017 و 2018 بەهێز نییە "بەڵام هێشتا وجوودێکی بەرچاویان لە عێراق و سووریا ماوە".

گوتیشی: "هەسەدە هەتا ئێستاش پێویستی بە پشتگیریی هاوپەیمانانە". لە کاتێکدا پاراستنی ئاسایشی ناوچە ڕزگارکراوەکان پێویستی بە 50 بۆ 60 هەزار چەکدار هەیە.

فەرماندە کوردەکە وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو لێکدانەوەیە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەوان پێیان باشە ئەمریکا یارمەتیدەریان بێ لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان، داواشی کرد ئەمریکا هاوکارییەکانی لە بواری چەک و تەمەنی و دارایی بۆ هەسەدە زیاتر بکات.

مەزلوم کۆبانێ هۆشداری دا و گوتی: "ئەگەر ڕێککەوتنەکەی ئێستای نێوان ئەمریکا و تورکیا هەڵوەشێتەوە و ئەمریکا بڕیاری جێهێشتنی سووریا بدات، ئەوە هەسەدە پێی باشترە لەگەڵ ڕژێمی سووریا و حکومەتی ڕووسیا بسازێ تا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی تورکیا". کۆبانێ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی دیمەشق و مۆسکۆ بە "بژارەیەکی خراپ" دەزانێ، بەڵام پێیوایە ئەو بژارەیە "خراپییەکەی کەمترە" لە بژارەکانی دیکە.

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# لە تەمەنی 12 ساڵیدا دووگیان بووم



چیرۆکی 30

ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- دهۆک

ئێستاش ئەولە مانای ڕاستەقینەی بەڕێوەبردنی ماڵ و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی خێزان تێناگات. چۆن دەکرێت ئەوەی لە تەنیشم دانیشتووە، چوار ساڵ لەمەوبەر دووگیان بووبێت؟!

چیرۆکەکە ئاڵۆزە و چارەنووسی ئاڵۆزتر. هەرچەندە لەنێو جەرگەی سەرگەردانیی خۆیدا، خودا داعشێکی بۆ نارد کە پێیبڵێ "دەتکەمە کچی خۆم و جێگای باوکت بۆ دەگرمەوە"، بەڵام ڕووداوێکی هاتوچۆ ئەو ئارامییەی لێ شێواند.

پێنج ساڵ لە تەمەنی دلین ڕۆیی، پێنج ساڵ کە بناغەی پێگەیشتنی ئەو بوون و لەبەر ئەوەی لەسەر جوگرافیایەک بەسەری بردووە کە داعش باڵادەست بووە بەسەریدا، بووەتە ئەو کچە خراپپێگەیشتووەی ئێستا. دلین قسە دەکات. کچێک قوربانیی دەستی هەڵەیەکە کە هێشتا ئاسەوارەکەی هەڕەشە لە جیهان دەکات.

دلین تەمەنی 10 ساڵان بوو کاتێک لە مانگی ئابی 2014دا هەواڵ لەنێو گوندەکەیاندا بڵاوبووەوە کە چەکداری ڕیشن گەیشتوونەتە نزیکی گوندەکەیان (گوندی زومان). تەمەنی دلین هی ئەوە نەبوو بزانێ چی ڕوودەدات، بەڵام پیاوەکان و ژنە گەورەکانی بینیبوو کە چۆن پەشۆکابوون: "هەر کەسێکم دەبینی تەلەفۆنێکی بە گوێیەوە نابوو، بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد. کەسوکارەکەی منیش هەر وابوون".

ئەگەرچی موختاری گوند دڵنەوایی خەڵکەکەی دابووەوە کە هیچ ڕوونادات، بەڵام دڵنەوایی هەتا ئەو کاتە بڕی کرد کە هەواڵ هات چەکدارانی داعش بەرەو ئاواییەکەیان دێن. ئیدی ترس و تۆقین گوندەکەی داگرت. ئەوانەی ئۆتۆمبێلیان هەبوو، بەخێرایی لە گوند دەرچوون.

ئەو ڕۆژە خێزانەکەی دلین خۆیان گەیاندبووە گوندی (کورا عەبد)، لەوێ لە ماڵی یەکێک لە پوورەکانی گیرسانەوە، لەوێ پلانیان دانا کە چۆن دەرباز بن، بەڵام چەکدارانی داعش دەتگوت ڕەشەبان، گوند بە گوند و کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەیان ڕادەماڵی. ئەوان هێشتا هەر خەریکی پلاندانان بوون کە داعش گەیشتە گوندی کورا عەبد.

دلین دەڵێت: "لەوێ دەستگیرکراین و گواسترایینەوە بۆ گوندی سیبا شێخ خدر، پیرەکان و گەنجەکانیان لە یەکتری جیاکردەوە. دواتریش ئەو کوڕ و کچانەی زۆر گەنج بوون جیایان کردنەوە. کردیانین بە سێ گروپ".

چەکدارەکانی داعش، دوای هێشتنەوەیان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە گوندی سیبا شێخ خدر، ئەوانیان گواستەوە بۆ گرتووخانەی بەنێوبانگی بادووش.

گرتووخانەی بادووش دەکەوێتە دەوروبەری ناحیەی بادووش بە دووریی 25 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای مووسڵ. ئەوێ ساڵانێکی درێژ شوێنی بەندکردنی گیراوانی سیاسی بوو. دلین لە گرتووخانەکەدا گوێی لە یەکێک لە کچەکان بووە کە گوتوویەتی، خزمێکی نزیکی بەهۆی کاری سیاسی ساڵانێک لەو زیندانە بووە.

"پاش هەفتەیەک، گرتووخانەکە لەلایەن فڕۆکەکانەوە بۆردومان کرا، بە چوار ئۆتۆمبێل کچانی گەنج و ژن و منداڵ گواسترانەوە. من لەگەڵ ژمارەیەک کچ و کوڕ گواسترامەوە بۆ تەلەعفەر".

## خانەی منداڵان

یەکەم حاڵەتی بردنی کچان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، خوشکەکەی خۆی بووە "دوای بردنی خوشکەکەم، من و سێ کچی دیکە ماینەوە، تەمەنمان لە نێوان 9 بۆ 10 ساڵ بوو. کەسێک هاتە نزیکمان و پێیگوتین کە ئێمە نەترسین و دەمانبەنە جێگایەکی دیکە و فێرمان دەکەن چۆن ببینە موسوڵمانێکی باش".

لەوێ جلی درێژی سەرتاپا ڕەشیان دابووە دلین و منداڵەکانی دیکە، فێر دەکران چۆن نوێژ بکەن، لە نوێژەکانیاندا چی دەڵێن. کە ڕەمەزانیش هات دەبێ بەڕۆژوو بن.

دلین و منداڵەکانی دیکە بە ڕۆژ وانەیان پێدەگوترا و بە شەو لە خانەیەک دەهێڵدرانەوە کە بە گوتەی دلین پڕبووە لە منداڵی کچ: "نزیکەی 150 منداڵ دەبوون، هەموو لە دەوروبەری تەمەنی 7 ساڵ و 8 ساڵ و 9 ساڵ بووین، من سەرەتا وامزانی ڕەوزەیە. ئەوێ شوێنێک بوو بۆ کۆکردنەوەی ئەو کچانەی لە خێزانەکانیان دابڕێنرابوون.

دلین، بۆ ماوەی دوو مانگ لەو خانەیە مایەوە کە بەردەوام منداڵی لێ دەبران، بەڵام بەتاڵ نەدەبوو، چونکە منداڵی تازەیان بۆ دەهێنا. کچانیان بە ناونیشانی جۆراوجۆر دەبرد و کچانی دیکەیان بۆ دەهێنا. دلین دەڵێت "کەسێک هات و هاوڕێکەم و کچێکی دیکەی تەمەن 11 ساڵی برد. من هەر لەو ڕۆژانەدا بۆ یەکەمجار براکەمم بینییەوە، براکەم زۆر کز و لاواز بووبوو".

تەمەنی دلین و منداڵەکانی دیکە هی ئەوە نەبوو فام بکەن و بزانن چییان بەسەردێ، هەر قسەیەکیان بۆ کردبوون باوەڕیان کردبوو.

چەکدارێکی تەمەن 25 ساڵەی خەڵکی مووسڵ پێشنیاز دەکات دلینی پێ بفرۆشن و لەگەڵ خۆی بیباتەوە بۆ مووسڵ. هەرچەندە سەرەتا وا دەیکرێ کە بیکاتە کەنیزەکی خۆی، بەڵام وەک بڵێی چەکدارەکە بەزەیی پێدا هاتبووەوە، بۆیە دەستدرێژی نەکردبووە سەری، بەڵام دواتر بە چەکدارێکی دیکەی فرۆشتبووەوە "ئەو چەکدارەش پاش چەند ڕۆژێک پێیگوتم، تۆ زۆر بچووکیت و دیسان بردمییەوە بۆ خانەی منداڵە ئێزدییەکان".

دلین، ئەستەمە ئەو ڕۆژەی بیربچێتەوە کە لە خانەکەدا هێڵێکی بازنەییان بە دەوری جەستەی ساردەوەبووی کچێکی تەمەن 10 ساڵدا کێشا، دوای ئەوەی دەستی چووە گیانی خۆی و خۆی

> چەکدارێکی داعش منی کڕی، بەڵام بەهۆی ئەوەی منداڵ بووم، بردمییەوە بۆ خانەی منداڵان

کوشت. ئەوە یەکەمجاری بوو لە ژیانیدا مردوو ببینێ "هەموو کچەکان بۆی دەگریان، خوشکەکەی بە هیچ بێدەنگ نەدەبوو".

## دەبمە باوکت

ماوەی دوو مانگی دیکە لەنێو خانەی منداڵانی بێ سایە و سێبەردا مایەوە. لەو ماوەیەدا داعشەکان بەو پەروەردە ئایینییەی بەشێنەیی دەستیان دابووێ، ڕۆچووبوونە نێو ناخی ئەوانەوە بەو هیوایەی هیچ ئاسەوارێکی ئێزدیایەتی لە دڵ و مێشکیاندا نەهێڵن. لەو ماوەیەدا مانگی ڕەمەزان هات و سی ڕۆژی تەواو بەڕۆژوو بوون.

هەر لە دوارۆژەکانی مانگی ڕەمەزاندا، خالید، ئەو پیاوەی ئەمیر، یان سەرپەرشتیاری خانەکە بووە، دلین ئاگادار دەکاتەوە لەوەی چیدیکە لەوێ نامێنێتەوە "تۆمان داوەتە ئەبوو عومەر".

ئەبوو عومەر، پیاوێکی باڵابەرزی گۆشتن بووە و ژن و منداڵی هەبووە. تەمەنی لە 50 ساڵ زیاتر بووە. دلین کە چاوی بە ئەبوو عومەر کەوتبوو، زۆر ترسابوو، بەڵام ئەو دڵنیای کردبووەوە کە پێویست ناکات بترسێ. گوتبووی "من تەماعم لە تۆ نەکردووە و وەک کچی خۆم دەبی. تۆ لەماڵەکەی مندا دەژیت وەک منداڵەکانی خۆم".

ئەو تەنیا باوکێکی هەبوو کە هیچی لەبارەی چارەنووسی نەدەزانی، بەڵام دڵیشی بەوە خۆش بوو کە لەنێو ئەو هەموو چەکدارە بە ڕەنگ و ڕوخسار ترسناکەی داعش، پیاوێک وەکو کچی خۆی حیسابی بۆ بکات.

دلین دەڵێت: "بۆ ماوەیەک لە ماڵی ئەبوو عومەر مامەوە، هیچ کێشەیەکم نەبوو، سەرەتا هاوژین و منداڵەکانی زۆر ڕوویان نەدەدامێ، بەڵام بەرە بەرە لەگەڵم کرانەوە و زۆر جیاوازییان پێ نەدەکردم".

ساڵێک بەسەر ئەو ژیانە جێگیرەدا تێپەڕی. لەناکاو ئێوارەیەک ژیانی دلین ئاوەژوو بووەوە، کاتێک هەواڵێکی ناخۆش گەیشتە ماڵەکەی ئەبوو عومەر. هەواڵە ناخۆشەکە ئەوە بوو کە ئەبوو عومەر بە ڕووداوی هاتوچۆ مرد. ڕەنگە دلین لەو دەگمەن کچە ئێزدیانە بووبێ کە بۆ مەرگی چەکدارێکی داعش گریابێ، چونکە مردنی ئەبوو عومەر واتای ئەوە بوو کە جارێکی دیکە بەرەوڕووی چارەنووسی نادیار دەبێتەوە.

## کەسێک دەیکڕێ

دوای تەواوبوونی پرسەی ئەبوو عومەر، دلین تەنیا دوو مانگ لە ماڵی ئەبوو عومەر مایەوە. خێزانەکەی هەواڵێکی ناخۆشتر لە هەواڵی مەرگی ئەبوو عومەریان بە گوێیدا دا.

ئەوکات تەمەنی دلین 12 ساڵ بوو کە لەلایەن خێزانەکەی ئەبوو عومەرەوە درایە چەکدارێکی داعش. چەکدارەکە هەر هەمان ڕۆژ بردی بۆ دادگایەکی داعش کە کاروباری کۆمەڵایەتی وەکو مارەبڕین و تەڵاقی تێدا دەکرا. دلین دەڵێت: "لە دادگاکە بە ڕەسمی مارەی کردم لە خۆی. بردمییە ماڵەوە و پێیگوتم چەند ڕۆژێکی سەرەتا تەرخان دەکات بۆ ئەوەی فێرم بکات چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەم و چۆن ماڵی بۆ بەڕێوە ببەم".

بەڵام پاش تێپەڕینی چەند ڕۆژێک، سوپای عێراق لە چەند لایەکەوە هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر تەلەعفەر و بە چەند کاژێرێک داعش لە پەلوپۆ کەوت: "داوای لێکردم خۆم کۆبکەمەوە بۆ ئەوەی ڕوو بکەینە سووریا، هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی داعش بەرەو سووریا بەڕێکەوتین. ئەوان بە تەواوی ڕووخابوون و پێیانوابوو جارێکی دیکە ناتوانن ئەو شارۆچکەیە بگرنەوە دەست".

چەکدارانی داعش دوای لەدەستدانی تەلەعفەر پەڕینەوە بۆ بەری سووریا، هەندێکیان دەستیان لە کەنیزەکەکانیان بەرنەدەبوو، وەکو ئەو چەکدارەی دلینی لە ماڵی ئەبوو عومەر وەرگرتبوو. چەکدارەکە دلینی لەگەڵ خۆی برد و دوای پێنج ڕۆژ گەیشتبوونە تەبقە.

ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم لەوێ مانەوە. هەرچەندە لە نێوان ئەو و ئەو چەکدارەدا گرێبەستی فەرمیش هەبوو، بەڵام هەر وەکو کەنیزەک ڕەفتاری لەگەڵ دەکرد. داعشە گەنجەکەی هاوژینی حەزی لەوە بوو ئۆتۆمبێلی خۆی هەبێت، بەڵام پارەی نەبوو، بۆیە بیری لە فرۆشتنی دلین کردبووەوە: "منی فرۆشت بە کەسێک و پارەیەکی زۆری وەرگرت. کڕیارەکە چەکدارێکی بیانیی دەوڵەمەند بوو، سێ ژنی دیکەشی هەبوون، تەمەنی نزیکەی 40 ساڵ بوو".

یەکەمین کەس کە دەستدرێژی کردە سەر دلین ئەو چەکدارە بووە. ئەو شەوەی ئەو پیاوە چووە لای، دوو ساڵ زیاتر بەسەر ژیانی دیلێتی ئەودا تێپەڕیبوو: "کەسێکی زۆر دڵڕەق و بێ هەست بوو، تەمەنی من هی ئەو کارە نەبوو، ئەوانەی لە تەمەنی مندا بوون لە کۆڵان یارییان دەکرد".

## منداڵەکەم نایەتە دنیا

دوای تێپەڕینی ماوەیەک، دلین هەستی کرد کەوتووەتە حاڵەتێکی نامۆ. کاتێک باسی خۆی لەلای ژنەکانی دیکە کردبوو، ئەوان تێیانگەیاندبوو کە دەبێتە دایک. هەزاران لێکدانەوەی جیاواز بۆ هاتنی ئەو ڕۆژانەی منداڵێک لە جەستەی ئەو جیادەبێتەوە و دەبێت لەئامێزی بگرێت و هەر بەو منداڵەوە کە خوێنی پیاوێکی داعش لە دەمارەکانی جەستەیدا دێت و دەچێت، چۆن بگەڕێتەوە نێو خێزانەکەی؟

> ئەو چەکدارەی یەکەمجار دەستدرێژی کردە سەرم سێ ژنی دیکەی هەبوو

چەکدارەکە ماوەی سێ ڕۆژ بوو چووبووە بەرەی شەڕ، ڕۆژێک هەواڵی کوژرانی بە دلین گەیشتەوە. بەپێچەوانەی ئەبوو عومەرەوە، دلین نەک فرمێسکێک بە چاوانیدا شۆڕ نەبووەوە، بگرە

> کچێکی 10 ساڵان لە خانەی منداڵان خۆی کوشت

دڵخۆشیش بوو بە لەناوچوونی کەسێک کە بەو تەمەنە کەمەوە دووگیانی کردبوو "هەر ئەوەندەم لە بیرە کە کۆتایی 2017 بوو، کوژرانی ئەو چەند هەفتەیەکی بەسەردا تێنەپەڕیبوو، بەیانییەک ئازارێکی زۆرم بۆ هات. لە کۆتاییدا منداڵەکەم لەبارچوو".

داعش ڕۆژ بە ڕۆژ گەمارۆ دەدرا، چەکدارەکان لە کوچە و کۆڵانەکانی تەبقە بازگەیان دانابوو. دلین بیری لە هەڵاتن دەکردەوە، دەیویست بە هەر نرخێک بێ خۆی ڕزگار بکات، تەنانەت ئەگەر ژیانی خۆی لەسەر دانابێ، بەڵام نەیدەزانی دڵی بۆ کێ بکاتەوە و ئەو ڕازەی لەلا باس بکات. دلین دەڵێت: "هەستم کردبوو دوو لە ژنەکانی ئەو پیاوە هەرچەندە داعشیش بوون، بەڵام حەزیان دەکرد ئەو شارە بەجێبهێڵن و ڕزگاریان ببێ".

دلین، باسی یەکێک لە یاساکانی نێو دەوڵەتەکەی داعش دەکات لەبارەی ژنانی مارەبڕدراو و دەڵێ: "ئەوانەی بە فەرمی ژنی داعش بوون و منداڵیان هەبوو و مێردەکانیان لە شەڕدا دەکوژران، بەڵام نەیاندەویست جارێکی دیکە شوو بکەنەوە، داعش مووچەی مانگانەی بۆ دەبڕینەوە. ئاگاداربووم کە ژنەکانی ئەو چەکدارە مووچەیان بۆ بڕایەوە، بەڵام من لەبەر ئەوەی کەنیزەک بووم، نا".

> لە تەبقە لەگەڵ دوو ژنی داعش هەڵاتین

ڕەوشەکە وای لێهات، خەڵک بە ئاسانی بتوانن داهاتووی داعش بخوێننەوە. دلین و چەند ژنێکی دیکە کەسێکیان دۆزییەوە و لەگەڵی ڕێککەوتن کە بۆ هەر یەکێکیان بڕێک پارە وەربگرێت و بیانپەڕێنێتەوە بەرەو کامپێک لە ئەلهۆل. لە کۆتایی ساڵی 2017 شدا هەر چۆنێک بوو، لە ڕێگای کەسێکی دیکەوە خۆی گەیاندە سنووری باشووری کوردستان و بە کەسوکارەکەی شاد بووەوە.

## 10%ی تەماتەی سلێمانی هەناردەی عێراق دەکرێ

**رووداو- هەولێر**

نزیکەی 10%ی ئەو تەماتەیەی لە سلێمانی بەرهەم دەهێندرێ، رەوانەی شارەکانی عێراق دەکرێ. بەرپرسی سەندیکای عەلوەی سلێمانیش پێشبینی دەکات لە 15ی ئەم مانگەوە رێژەکە بەرزتریش ببێتەوە. سەروەر عەلی، بەرپرسی سەندیکای عەلوەی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند: "هۆکاری بەرزبوونەوەی هەناردەی تەماتەی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەوەیە کە لەم کاتەدا پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، زیاتر پشت بە بەرهەمی تەماتەی قەزای رەبیعە دەبەستن، بەڵام لە دوای 15ی مانگەوە، بەرهەمی ئەو قەزایە روو لەکەمی دەکات، لەدوای ئەو وادەیەش پشت بە بەرهەمی هەرێمی کوردستان دەبەستن". بەپێی ئاماری سەندیکای عەلوەی سلێمانی، رۆژانە 80 بۆ 100 تۆن تەماتە هەناردەی عێراق دەکرێت.



ئابووری
رووداو
ژمارە ( 569 ) - دووشەممە 2019/9/9

# بازرگانیی هەرێمی کوردستان و چین پاشەکشە دەکات

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان، لە دوو ساڵی رابردوودا جموجوڵی بازرگانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چین بەرێژەی 6% کەمی کردووە، پێشبینیش دەکرێ رێژەی پاشەکشێیەکە لە کۆتایی ئەمساڵ بگاتە 20%.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی کە پشتی بە داتای وڵاتانی هەناردەکار بەستووە، لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا بازرگانان بایی زیاتر لە 15 ملیار و 413 ملیۆن دۆلار کاڵایان لە چینەوە هێناوە (ساڵی 2016 بایی 5 ملیار و 255 ملیۆن دۆلار، ساڵی 2017 بایی 5 ملیار و 222 ملیۆن دۆلار و لە ساڵی رابردووش بایی 4 ملیار و 936 ملیۆن دۆلار). بەشی زۆری کاڵاکانیش هەناردەی شارەکانی عێراق کراون و بەشێکیشی بەشێوەی نافەرمی هەناردەی ئێران و سووریا کراوە.

لە داتاکاندا دەردەکەوێت بازرگانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چین لە ساڵی رابردوو بە بەراورد بە ساڵی 2017 بە رێژەی 5.5% و بەراورد بە ساڵی 2016یش بە رێژەی 6.1% پاشەکشەی کردووە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "بەهۆی کەمیی رەسمی گومرگی و ئاسانکاری بۆ بازرگانان، پێشتر بازرگانان بۆ هاوردنی کاڵا باشماخ و حاجی ئۆمەرانیان بەکاردەهێنا، بەڵام لە دوو ساڵی رابردوودا سەرەتا بەهۆی کاریگەریی دانانی خاڵی گومرگی لەنێوان شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و دواتریش بەهۆی گەمارۆی ئابووریی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، ئەم جوڵە بازرگانییە رووی لە کەمی کرد".

نەوزاد ئەدهەم پێشبینی دەکات ئەم جوڵە بازرگانییە کەمتریش ببێتەوە و دەڵێت: "لەدوای یەکخستنی تەعریفەی گومرگی و جێبەجێکردنی لە 17ی شوباتی ئەمساڵ، ئەم جوڵە بازرگانییە مانگ لە دوای مانگ زیاتر پاشەکشێ دەکات، چونکە

> ئاستی پاشەکشەی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چین لە کۆتایی ئەمساڵ دەگاتە 20%
>
> **بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی**

بەشێک لە بازرگانان رێڕەوی بازرگانییان لە بەندەر عەباسەوە بۆ ئوم قەسر گۆڕیوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تێچووی گواستنەوە لەوێ هەرزانترە، بەگوتەی بازرگانانیش لە وەرگرتنی هەندێ رەسمی گومرگی و پشکنین چاوپۆشی دەکرێ".

بەرپرسەکەی وەزارەتی بازرگانی بە داتا کەمبوونەوەی جوڵەی بازرگانی لە خاڵە گومرگییەکانی کوردستان روونده‌کاتەوە و دەڵێت: "ژمارەی وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردنی کاڵا بە بازرگانان بەراورد بە ساڵی رابردوو 50% کەمیکردووە، بۆیە پێشبینی دەکەین لە کۆتایی ئەمساڵ بازرگانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چین 20% پاشەکشێ بکات".

هەرێمی کوردستان لە 103 وڵاتەوە کاڵا هاوردە دەکات، بەڵام زۆرتر لە 14 وڵاتەوە کە بریتین لە: تورکیا، ئێران، چین، ئیمارات، کۆریای باشوور، ئیتاڵیا، ئەمەریکا، ئەڵمانیا، ئوردن، هیندوستان، بەرازیل، فەرەنسا، بەلجیکا و ژاپۆن. لەناو ئەم وڵاتانەش زۆرترین کاڵا لە تورکیا و چین و ئێران و ئیمارات و کۆریای باشوورەوە هاوردە دەکات.

بەپێی داتاکان بازرگانان ساڵی رابردوو بایی 28 ملیار و 692 ملیۆن دۆلار کاڵایان هاوردەی هەرێمی کوردستان کردووە، لەدوای کاڵای تورکی زۆرترین کاڵا کە هاوردە کرابێت کاڵای چینی بووە، بۆیە



لە دوو ساڵی رابردوودا بازرگانیی نێوان چین و هەرێمی کوردستان 6% کەمی کردووە

نزیکەی 17.2%ی ئەم پارەیە بۆ هاوردنی کاڵای چینی رۆیشتووە.

نەجمەدین عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی گروپی کۆمپانیای بانە بۆ گواستنەوەی کاڵا کە زۆرتر کاڵای چینی بۆ بازرگانان بەڕێگەی دەریایی دەگوازێتەوە، دەڵێت: "پێشتر مانگانە 150 کۆنتێنەر کاڵامان لە رێگەی بەندەر عەباسەوە دەهێنا و لە باشماخەوە دەمانهێنایە کوردستان، 80%ی کۆنتێنەرەکانیش کاڵای چینی بوون، ئێستا 90%ی کاڵاکان لە رێگەی ئوم قەسر و 5% لە رێگەی بەندەری مێرسین و 5% کاڵای ئیماراتیش لە رێگەی حاجی ئۆمەرانەوە هاوردە دەکەین، بەڵام هیچ کاڵایەک لە رێگەی باشماخەوە هاوردە ناکەین".

هەڵگرتنی خاڵە گومرگییەکانی نێوان شارەکانی کوردستان و عێراق و یەکخستنی پێناسی گومرگی دەرگای بۆ بازرگانان واڵا کردووە لە جیاتی بەندەر عەباس لەڕێگەی ئوم قەسرەوە کاڵاکانیان هاوردە بکەن. نەجمەدین عەلی دەڵێت: "لە خاڵە سنوورییەکانی کوردستان یاسا و رێنماییەکان 100% وەک خۆی جێبەجێ دەکرێن، بەڵام عێراق ئاسانکاریی زۆر بۆ بازرگانان دەکات و کەمتر لە نیوەی رەسمی گومرگی وەردەگرێت".

بە گوتەی ئەو بازرگانە، زۆربەی ئەو کاڵایانەی بازرگانان لە چینەوە هاوردەی دەکەن، جارێکی دیکە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت، بەشێکێکی بۆ ئێران و سووریا دەچێت "بۆ نموونە ئەو قوماشەی ئێمە لە چینەوە بۆ بازرگانان گواستوومانەتەوە، نزیکەی 25%ی بەشێوەی نافەرمی هەناردەی ئێران و تورکیا و سووریا کراوە، 10%یشی هەناردەی شارەکانی عێراق کراوە".

بەپێی داتاکان، ساڵی 2016 بازرگانان بایی 7 ملیار و 547 ملیۆن دۆلار کاڵایان لە چینەوە بۆ عێراق هاوردووە کە 69.6%ی لە رێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کورستان بووە. هەروەها ساڵی 2017 عێراق بایی 8 ملیار و 330 ملیۆن دۆلار کاڵای هاوردووە کە 62.6%ی لە رێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بووە،

> لە بەندەری ئوم قەسر، چاوپۆشیی زۆر لە پشکنین و رەسمی گومرگی دەکرێ
>
> **بازرگانێکی گواستنەوەی کاڵا**

ساڵی رابردووش بایی 7 ملیار و 918 ملیۆن دۆلار کاڵای چینی هاوردەی عێراق کراوە کە 62.3%ی لە رێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بووە.

شێخ مستەفا عەبدولرەحمان، سەرۆکی گشتی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان دەڵێ: "ئەو هۆکارەی وایکردووە 70%ی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق لەگەڵ چین لە رێگەی بازرگانان و خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بێ، ئەوەیە کە بازرگانانی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ کارگە و بازرگانانی چین هەیە و زۆربەی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی کاڵا لە هەرێمی کوردستانن و نوێنەریان لە هەموو شارەکانی چین هەیە".

شێخ مستەفا پێیوایە یەکخستنی پێناسی گومرگی زیانی گەورەی بە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتان گەیاندووە. گوتیشی: "لە بەندەری ئوم قەسر ئاسانکاریی زۆر بۆ بازرگانان دەکرێت و گومرگی کەمیان لێوەردەگیرێ. بۆ نموونە ئەگەر بارێک 20 تۆن بێت، تەنیا 10 تۆن یان 15 تۆن گومرگ دەکەن، ئەمەش وایکردووە بازرگانان روو لەوێ بکەن".

# فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر خۆی دەژیێنێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

ژمارەی گەشتەکانی هەردوو فڕۆکەخانەکەی هەرێمی کوردستان رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندان، هەردووکیشیان چاویان لەوەیە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ببنە خاوەنی ریکۆردێکی نوێ لە ژمارەی گەشت و گەشتیاران.

بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کە پشتی بە ئاماری هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سلێمانی بەستووە، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا 8 ملیۆن و 516 هەزار گەشتیار (4،305،437 هاتوو و 4،210،593 رۆیشتوو) لە رێگەی فڕین و نیشتنەوەی 97،696 فڕۆکە لە هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سلێمانی گەشتیان کردووە. لەم ژمارەیەش 5،488،843 کەس گەشتیان بۆ دەرەوە کردووە و 3،027،187 گەشتیش بۆ ناوخۆ بووە.

بەپێی داتاکان زۆرترین کەس لە رێگەی فڕۆکەوە لە ساڵی 2016 گەشتیان کردووە کە 2،340،265 گەشتیار بوون، کەمترینیشی ساڵی رابردوو بووە کە 1،843،732 گەشتیار بووە.

لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت ژمارەی گەشتیار لە ساڵی رابردوو بەراورد بە ساڵی 2017 بەرێژەی 11.9% کەمی کردووە. ساڵی 2017یش بەراورد بە ساڵی 2016 بەرێژەی 10.7% کەمی کردووە، بەڵام ژمارەی گەشتیار لە ساڵی 2016 بەراورد بە ساڵی 2015 بە رێژەی 4.3% زیادی کردووە.

زۆرترین خەڵکیش لە رێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەشتیان کردووە. بە جۆرێک لە 4 ساڵی رابردوودا 6،620،367 گەشتیار (3،304،027 رۆیشتوو و 3،316،340 هاتوو) لە رێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەشتیان کردووە کە دەکاتە 77.74%ی کۆی ژمارەی گەشتیاران. هەروەها 1،895،663 گەشتیار (982،360 رۆیشتوو و 913،303 هاتوو) لە رێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە گەشتیان کردووە.

بەپێی داتاکان ژمارەی گەشتیارانی ساڵی رابردووی فڕۆکەخانەی هەولێر 1،533،863 گەشتیار بووە و بەراورد بە ساڵی 2017 بەرێژەی 4.53% و بەراورد بە ساڵی 2016 بەرێژەی 15.5% کەمی کردووە.

تەلار فایق، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دەڵێت: "وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر گشتپرسی، حکومەتی عێراق لە 29ی ئەیلول بۆ ماوەی شەش مانگ سەرجەم گەشتە نێودەوڵەتییەکانی راگرتین، بۆیە ناکرێ ژمارەی گەشتیارانی ساڵی 2017 و 2018 بە ساڵی 2016 بەراورد بکرێت".

تەلار فایەق ئاماری حەوت مانگی رابردوو بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت لە حەوت مانگی رابردوودا 1،104،463 گەشتیار لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەشتیان کردووە. بەراورد بە ساڵی رابردوو ژمارەی گەشتیارانمان بەرێژەی 11.8% زیادی کردووە، ژمارەکەش هەمیشە بەرەو هەڵکشانە، بۆ نموونە لە مانگی حەوت ژمارەی گەشتیارەکانمان گەیشتە 206 هەزار گەشتیار کە رۆژانە بەتێکڕا دەکاتە 6،866 گەشتیار کە ساڵانی رابردوو قەت لەو مانگەدا نەگەیشتووین بەو ژمارەیە، بۆیە گەشبینین لە کۆتایی ئەمساڵ ژمارەی گەشتیارانمان بگاتە 2 ملیۆن گەشتیار".

ئێستا 22 هێڵی فڕۆکەوانی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر هەن، رۆژانە و هەفتانە گەشت بۆ 32 شار لە 19 وڵات دەکەن. تەلار فایەق دەڵێت: "چەند هێڵێکی ئاسمانی زیادبوون، بەو هۆیەوە ژمارەی گەشتی فڕۆکەکان بەراورد بە ساڵی رابردوو 10،9% زیاد بووە، هێڵە ئاسمانییەکانی تورکیا ژمارەی گەشتەکانیان زۆر زیاد کردووە. پێشتر ئەگەر هەفتانە دوو گەشتیان




22 هێڵی فڕۆکەوانی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر هەن

(فۆتۆ: رووداو)

> هێڵی ئاسمانیی عێراق 51 ملیۆن دۆلار قەرزداری فڕۆکەخانەیە
>
> **تەلار فایەق**

هەبووبێ، ئێستا کردوویانە بە 4 تاوەکو 5 گەشت و فڕۆکەکانیش بەردەوام پڕن لە گەشتیار".

تەلار فایەق ئاماژە بە زیادبوونی داهاتی فڕۆکەخانەی هەولێر دەدات و دەڵێت: "ساڵی 2017 هیچ پارەیەکمان لە وەزارەتی دارایی وەرنەگرتووە، چەند پرۆژەیەکی ستراتیژیمان بۆ گەشەپێدانی فڕۆکەخانە لەسەر داهاتی خۆمان جێبەجێ کردووە. ئێستا خەرجی و داهاتمان لەیەکتر نزیکە و گەیشتووینەتە ئاستی خۆبژێوی. پارەیەکی زۆریشمان لەلای هێڵە ئاسمانییەکانە، بۆ نموونە 51 ملیۆن دۆلار قەرزمان لای هێڵی ئاسمانیی عێراقییە".

ئەگەرچی بەهۆی گەمارۆ شەش مانگییەکەی حکومەتی عێراق بۆ سەر هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، زیانێکی گەورەی بە ئابووریی هەرێمی کوردستان و جوڵەی فڕۆکەخانەکان گەیاند، بەڵام زیانەکە زۆرتر بەر فڕۆکەخانەی سلێمانی کەوت، ئەویش بەهۆی گەمارۆی تورکیا بۆ سەر فڕۆکەخانەکە کە تاوەکو 24ی ئایاری 2018 بەردەوام بوو.

ژمارەی گەشتیارانی ساڵی 2018ی فڕۆکەخانەی سلێمانی تەنیا 309،869 گەشتیار بووە، ئەو ژمارەیەش بەراورد بە ساڵی 2017 بەرێژەی 36%

> پێشبینی دەکەین ئەمساڵ ژمارەی گەشتیارانمان لە نیو ملیۆن زیاتر بێ
>
> **تاهیر عەبدوڵڵا**

و بە بەراورد بە ساڵی 2016 بەرێژەی 41% کەمی کردووە، بەڵام ئەمساڵ گەشتکردن لە رێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانی زیادی کردووە.

تاهیرعەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی دەڵێت: "بەهۆی گەمارۆی تورکیا، جگە لە هێڵە ئاسمانییەکانی تورکیا، ئەو هێڵانەشی گەشتیان بەسەر خاکی تورکیادا بوو وەستان، بۆیە ژمارەی گەشتیارانمان لە ساڵی 2018 زۆر کەمی کرد".

تاهیر عەبدوڵڵا گوتیشی: "ئێستا هەموو هێڵە ئاسمانییەکان گەڕاونەتەوە، ئەمساڵ هێڵی ئاسمانیی ستارئێریش زیاد بووە کە گەشتی راستەخۆی هەیە بۆ هۆڵەندا، هێڵی جۆرجیاش زیاد بووە کە بەردەوام گەشتی هەیە. بۆیە گەشبینین ئەمساڵ ژمارەی گەشتیارانمان زۆر زیاتر بێت لە ساڵی 2016 کە نزیکەی 526 هەزار گەشتیار بوو".

بەپێی داتاکانی دەستەی ئامار، فڕۆکەخانەی سلێمانی پێشەنگە لە گواستنەوەی کاڵا. لە سێ ساڵی رابردوودا لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی 314 هەزار تۆن کاڵا گوازراوەتەوە کە 247 هەزار تۆنی لە رێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانی بووە.

# کۆنترۆڵی نرخی نەوت لەدەستی کێیە؟



یادگار سدیق

تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت بوو، کۆنترۆڵی نرخی نەوتیش لەژێر کاریگەریی سیاسەتی وزەی ئەو وڵاتەدا بوو، بەڵام دوای دروستبوونی ڕێکخراوی ئۆپێک و زیادبوونی ئەندامانی ڕێکخراوەکە، بە تایبەت لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کۆنترۆڵی بازاڕی وزە کەوتە دەست ڕێکخراوەکە و قۆرخکارییەکی بەرچاو لەلایەن ئەندامانی ریکخراوەکە لە بازاڕی وزە دروست بوو.

هەرچەندە تا ساڵی 2018 ئۆپێک 72٪ی یەدەگی نەوتی جیهانی کۆنترۆڵ کردبوو، نزیکەی 42%ی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان لە ژێر رکێفی وڵاتانی ئۆپێک بوو، بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گەیشتنی مرۆڤ بە چینە سەختەکانی زەوی و دەرکەوتنی نەوتی بەردینی ئەمریکا، خەریکە سیحری ئۆپێک بەتاڵ دەکاتەوە.

هەنووکە، بازاڕی وزە لەژێر هۆکارگەلێکدا جوڵە دەکات کە خەریکە ئۆپێک دەکەوێتە دەرەوەی ئەو هۆکارانە. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سەرکەوتنی کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە بەرهەمێنانی نەوتی بەردیندا سەرنجی وڵاتانی دیکەشی بۆ خۆی راکێشا. ئێستا چەند وڵاتێکی وەک چین و ئەرجەنتین، سەدان سەکۆی بەرهەمهێنانی نەوتی بەردینیان دامەزراندووە. وڵاتانی دیکەی وەک پۆڵەندا، جەزائیر و ئوسترالیا هەوڵی بەرهەمهێنانی نەوتیان داوە لە چینە سەختەکانی زەوی. پرسی دیاردەی گەرمبوونی گۆی زەوی و گەشەسەندنی وزە پاکەکانی وەک تیشکی خۆر و با، بە قەبارەی خۆیان کاریگەرییان لەسەر بازاڕی وزە هەبووە.

بە گشتی ئەمریکا و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ئاراستەکردنی بازاڕی وزە، بە هەمانشێوە رووداوە ئابوورییەکان، بە تایبەت قەیرانە داراییەکانی وەک قەیرانی دارایی ئاسیا لە ساڵی 1997 و قەیرانی دارایی جیهان لە ساڵانی 2008-2009، جەنگ و هۆکارە جیۆپۆلیتیکیەکانی پرسی ئەتۆمیی ئێران و ئەگەری جەنگی نێوان ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، بوونەتە جوڵێنەری راستەقینەی بازاڕی وزە.

سەرباری کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەندامانی ڕێکخراوی ئۆپێک بۆ نزمترین ئاستی ئازاری 2014، بەڵام ئامارەکانی تایبەت بە ئاستی پابەندبوونی وڵاتانی ڕێکخراوی ئۆپێک بە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان کاریگەرییەکی سنووورداری هەبووە لەسەر نرخەکانی نەوت. بەگوێرەی زانیارییەکانی (رۆیتەرز)، لە مانگی ئابدا بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوی ئۆپێک بە بڕی 80 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە. رۆیتەرز پێداچوونەوەی بە زانیارییەکانی بەرهەمهێنانی مانگی تەمووز کردەوە کە ئاستی بەرهەمهێنان بۆ 110 هەزار بەرمیل بەرز بووەتەوە، ئەمەش بەهۆی پێداچوونەوە بە زانیارییەکانی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران، لیبیا، ڤەنزوێلا، کوێت، نەیجیریا و عێراق. ئەگەر ئۆپێک لە کۆبوونەوەی ئەمجارەدا ئاشکرای بکات پابەندیی ئەندامەکانی بە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان کەمبووەتەوە و پێشبینی بۆ گەشەی خواست لە داهاتوودا کەم بکاتەوە، ئەوە دەبێتە گوشارێکی بەهێز لەسەر نرخی نەوت و لەم ئاستەی ئێستا زیاتر دایدەبەزێنێ. ئەرکی گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ نرخی نەوت لەسەر سعودیە دەبێت تا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەم بکاتەوە و پاڵپشتی نرخەکانی نەوت بکات، بەڵام لە سیناریۆی پێچەوانەدا ئەگەر ئۆپێک بە ئامار ئاشکرای بکات ئاستی پابەندبوونی ئەندامانی بە ڕێککەوتنەکە ئەرێنییە، رەنگە جێگیرییەک لە نرخی نەوت دروست بکات، بەڵام ناتوانێت بە تەنیا ببێتە هۆی دووبارە بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت.

بازاڕەکان بە گرنگییەوە دەڕواننە سیاسەتی ئۆپێک بۆ چارەکی یەکەمی ساڵی داهاتوو کە ڕێکخراوەکە لەگەڵ گوشارە بەهێزەکانی سەر نرخی نەوت، سیاسەتی نوێی دەبێت بۆ بازاڕی وزە. رەنگە یەکێک لە ئەگەرەکان کۆتاییهێنان بێ بە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی نەوت لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە بە تایبەتی رووسیا، ئەمەش رەنگە بازاڕی وزە بە تەواوی بشێوێنێ.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەردەوامی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا، پێشبینی دەکرێت ساڵی داهاتوو نرخی نەوت بە تێکڕا لە ئاستەکانی 60 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک جوڵە بکات. بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە لایەن بەرازیل و کەنەدا و نەرویجەوە، هەروەها پرۆژەکانی راکێشانی هێڵی زیاتر بۆ پەرەپێدانی نەوتی بەردینی ئەمریکا، گوشارەکان لەسەر بازاڕی وزە زیاتر دەبن.

> ”هەنووکە، بازاڕی وزە لەژێر هۆکارگەلێکدا جوڵە دەکات کە خەریکە ئۆپێک دەکەوێتە دەرەوەی ئەو هۆکارانە“

بەگوێرەی زانیارییەکانی بیکر هیوز، ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا بۆ 738 سەکۆ دابەزیوە، ئەوەش نزمترین ئاستی دابەزینی ژمارەی سەکۆکانە لە دوای 10ی تشرینی دووەمی 2017 کە دەتوانێت تاڕادەیەک گوشاری سەر نرخی نەوت کەم بکاتەوە، بەڵام مانەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا لە ئاستێکی بەرزدا کە 12.4 ملیۆن بەرمیلە لە رۆژێکدا، لە کاتێکدا کۆتایی ساڵی 2017 ئاستی بەرهەمهێنانی 9.6 ملیۆن بەرمیل بوو، دەتوانێت قەرەبووی سستبوونی چالاکیی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا بکاتەوە.

ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە چیدی ئۆپێک بە تەنیا ناتوانێت بازاڕی وزە قۆرخ بکات، سەرەڕای کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ئەو ڕێکخراوە و دابەزینی بۆ ژێر 30 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. لەگەڵ ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە، بەڵام وەبەرهێنەران و بازرگانەکان لە بازاڕەکانی وزە بە گرنگییەوە دەڕواننە ئامارەکانی تایبەت بە گەشەی ئابووریی جیهان، بە تایبەت ئامارەکانی کەرتی پیشەسازیی چین و ئەمریکا کە بەردەوامە لە پاشەکشە. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە بواری نەوت و گازدا، هەروەها ئامارەکانی تایبەت بە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا کە دەتوانن نرخی نەوت ئاراستە بکەن، زەنگێکی مەترسیدارە بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، بە تایبەت وڵاتانی کەنداو کە لە قەیرانی چاوەڕوانکراوی ئەمجارەی جیهاندا دووچاری قەیرانێکی سەخت دەبن و بە سانایی ناتوانن دۆخەکە تێپەڕێنن. لە کاتێکدا بەهای پشکی کۆمپانیاکانی ئەمریکا و جیهان لە بەرزترین ئاستدا جوڵە دەکات، بەڵام نرخی نەوت لە ئاستێکی نزم مامەڵەی پێوە دەکرێ.


چیدی ئۆپێک بە تەنیا ناتوانێ بازاڕی وزە کۆنترۆڵ بکات

# بن سەلمان کەرتی وزەی سعودیە دەگۆڕێت

**بەرپرسێکی باڵای ئۆپێک**

**ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەریان لەسەر سیاسەتی وزەی سعودیە نابێ**


گۆڕانکاری لە کەرتی نەوت و وزەی سعودیە ئەو پرسیارەی لە بازاڕی نەوتدا وروژاندووە کە ئاخۆ سیاسەتی نەوتی سعودیە چی بەسەردێ؟

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی رابردوو دوو گۆڕانکاری گەورە لە کەرتی نەوتی سعودیە روویاندا. سەرۆکی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی سعودیە (ئارامکۆ) گۆڕا و دەسەڵاتەکانی وەزارەتی نەوتی سعودیە دابەشکران. ئەم هەنگاوە رێ بۆ فرۆشتنی پشکەکانی ئارامکۆ خۆش دەکات، بەڵام لەلایەکی دیکەوە نیگەرانی سەبارەت بە سیاسەتی نەوتی سعودیە و داهاتووی ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی دروستکردووە.

بەپێی بڕیارێکی حکومەتی سعودیە، خالد فالح، وەزیری نەوتی سعودیە، چیدی سەرۆکی کۆمپانیای ئارامکۆ نییە. پێشتر وەبەرهێنەران نیگەرانییان دەربڕیبوو لەوەی کە کۆمپانیای نەوتی سعودیە و وەزارەتی وزەی سعودیە لەلایەن یەک کەسەوە بەڕێوەدەبردرێن. بەشداریی راستەوخۆی وەزارەتی وزە لە سیاسەت و کارەکانی ئارامکۆ دەستی وەبەرهێنەرە بیانییەکانی لە دانوستاندن و سیاسەتداناندا بەستبوو.

یاسر رومەییان لە شوێنی خالد فالح سەرۆکایەتی ئارامکۆ دەکات. رومەییان کەسێکی نزیک لە محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینە و هاوکات سەرۆکی سندوقی سامانی نیشتمانیی سعودیەشە. شارەزایان پێیانوایە دانانی رومەییان لەو پۆستە پەیوەندی بە پێشینەی کارکردنی هەیە لە کەرتی بانک و ئەو ئەزموونە یارمەتی دەدات لە روانگەی دارایی و وەبەرهێنانەوە پەرە بە کارەکانی ئارامکۆ بدات.

ئەیهەم کامیل، سەرۆکی پرۆگرامی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گروپی ئۆراسیا، بە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی دەڵێ: "یاسر رومەییان وەک موڵکێک سەیری ئارامکۆ دەکات کە دەبێ ئیدارە بکرێ و بەهاکەی بەرز بکرێتەوە، نەک هەر وەک کۆمپانیایەکی نەوتی کە رۆڵی سەرەکیی لە جووڵاندنی ئابووریی سعودیەدا هەیە".

لە سەرەتای 2016 بن سەلمان رایگەیاند، حکومەتەکەی بە نیازە 5%ی پشکەکانی ئارامکۆ بفرۆشێ کە داهاتەکەی بۆ دروستکردنی سندوقێکی گەورەتری سامانی نیشتمانی دەچوو. ساڵی رابردوو ئارامکۆ رایگەیاند کە پلانی فرۆشتنی پشکەکان دوادەخرێ، بەڵام مانگی رابردوو بەرپرسی دارایی کۆمپانیاکە بە وەبەرهێنەرانی راگەیاند کە ئارامکۆ ئامادەگی ئەوەی تێدایە بەشێک لە پشکەکانی بخرێنەوە نێو بۆرسەکان.

سندوقی سامانی نیشتمانی بۆ جۆرێک لە بانکی پەرەپێدانی نیشتمانی دەگۆڕێ کە ئەرکی دابینکردنی سەرمایەی پێویست بۆ پرۆژە زەبەلاحەکەی محەممەد بن سەلمانی لەسەر دەبێ و سەرچاوەی سەرەکیی داراییشی لەلایەن پشک و قازانجەکانی ئارامکۆوە دابین دەکرێ. جیا لەمە سندوقەکە دەبێ بۆرسەیەکی گونجاویش بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پشکەکانی ئارامکۆی تێدا بخرێتەڕوو، سەرنجی وەبەرهێنەرانیش بۆ لای پرۆژە داراییەکانی ئارامکۆ رابکێشێ. کۆی ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کەسێکە کە بیرکردنەوە و ئەزموونێکی دارایی بەهێزی هەبێ.

گۆڕانکارییەکانی کەرتی نەوت و وزەی سعودیە ئەو پرسیارەی لە بازاڕی نەوتدا وروژاندووە کە سیاسەتی نەوت و وزەی سعودیە دوای ئەو گۆڕانکارییانە چی بەسەردێ، بە تایبەتی ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت کە ماوەی نزیک سێ ساڵە ئۆپێک بە سەرکردایەتی سعودیە لەگەڵ 10 وڵاتی دیکە جێبەجێی دەکەن.

ژمارەیەک سەرچاوەی باڵای ئۆپێک بە ئاژانسی (رۆیتەرز)یان راگەیاندووە کە سعودیە لەسەر سیاسەتی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بەردەوام دەبێ، لە کاتێکدا سعودیە دەیەوێ لە کاتی فرۆشتنی پشکەکانی ئارامکۆدا نرخی یەک بەرمیل نەوت بە لایەنی کەمەوە لە سەرووی 60 دۆلار بێ.

کاربەدەستێکی نەوتی سعودیە بە ئاژانسە بەریتانییەکەی راگەیاندووە سیاسەتی سعودیە لە سێ ساڵی رابردوودا بریتی بووە لە هاوسەنگکردنەوەی بازاڕ و کەمکردنەوەی نەوتی ئەمبارەکان، مادام ریازیش خەریکی ئامادەکارییە بۆ فرۆشتنی پشکەکانی ئارامکۆ، ئەستەمە ئەو سیاسەتە گۆڕانی بەسەردا بێ.

چەند رۆژێک پێش ئەوەی خالد فالح لە پۆستی سەرۆکایەتی ئارامکۆ لابدرێ، وەزارەتەکەشی بەسەر دوو وەزارەتدا دابەشکرا: وەزارەتی نەوت و وەزارەتی پیشەسازی و سەرچاوە کانزاییەکان. دوای ئەو گۆڕانکارییە فالح تەنیا وەزارەتی نەوتی لە ژێر دەستدا مایەوە، بەڵام کەمتر لە هەفتەیەک لەو پۆستەدا مایەوە. شەوی 2019/9/7 لە پۆستەکەی لادرا و عەبدولعەزیزی برای محەممەد بن سەلمان لە شوێنەکەی دانرا.

بەرپرسانی نەوت و دارایی رووسیا لای خۆیانەوە رایانگەیاندووە، ئامادەن درێژە بەو سیاسەتە بدەن کە رووسیا و ئۆپێک بۆ گەڕاندنەوەی باڵانسی نەوتی بازاڕەکان گرتوویانەتەبەر.

هەفتەی رابردوو، ئەلێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی رووسیا رایگەیاند: "ئێمە لەسەر هاوکارییە نێودەوڵەتییەکەی خۆمان بەردەوام دەبین، ئەمە بۆ راگرتنی سەقامگیریی بازاڕەکان زۆر گرنگە".

ئاماژەی بەوەشدا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی سعودیە دەکات و ئامادەکاری دەکات بۆ گەشتەکەی ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا کە بڕیارە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ سەردانی ریاز بکات.

پەیوەندیی نێوان ریاز و مۆسکۆ لەبواری نەوت لە کۆتایی 2016 وە پەرەی سەند، کاتێک هەردوو وڵات سەرکردایەتی هەوڵێکیان کرد بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت. بەرهەمی ئەو هاوئاهەنگییە ڕێککەوتنێک بوو کە لە کانوونی دووەمی 2017 وە جێبەجێ دەکرێ و هەتا ئێستا چەندین جار ماوەکەی درێژکراوەتەوە.

کیریل دیمیتریڤ، سەرۆکی سندوقی سامانی نیشتمانیی رووسیا، لەبارەی هاوکارییەکانی نێوان مۆسکۆ و ریاز گوتبووی: "سعودیە هاوبەشێکی زۆر سەرەکیی ئێمەیە. خالد فالح رۆڵێکی یەکجار گەورەی گێڕاوە لە گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ بازاڕەکانی نەوتی جیهان. ئێمە پلانی وەبەرهێنانی هاوبەشمان لەگەڵ ئارامکۆ هەیە، پلانەکەشمان لە شوێنی خۆی ماوە".



هۆزکێی نێزدی دەکرێنە فیلم

32 فیلم بەشداری لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئاشتیدا دەکەن

# فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتیی فیلم لە کەمپی ئاوارەکان بەڕێوەدەچێ

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم دەیەوێ کوردستان وەک پشتیوانێکی ئاشتی و پێکەوەژیان بخاتە سەر نەخشەی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی فیلم




"هیچ فەرشێکی سووری پڕوپووچمان نابێ"

ئاڵێکساندرا ئاکیلیسکی بەڕێوەبەری فێستیڤاڵەکە

ئایسەل بوراک، خانمە گۆرانیبێژی کورد بۆ (ڕووداو):

# ئێستا لە باکووری کوردستان ڕێ بە کۆنسێرتی کراوە نادرێت

دژی ئەوەم بەناوی نوێگەری دەستکاری گۆرانی ڕەسەن بکرێ

زۆر حەز لە دەنگبێژەکانی ناوچەی بۆتان و بادینان دەکەم

دوو ساڵ کارم کردووە تاوەکو توانیومە گۆرانییەکی بۆ تۆمار بکەم

یەکەم ژنم گۆرانیم لەسەر سەرشۆڕ زاوا لە بادینان گوتووە







لە سوێد دوو کورد بەشداری کێبڕکێی باشترین شوفێر پاس دەکەن

پێشانگاکەی 45 ڕۆژ بەردەوام دەبێ

# تابلۆکانی ژنێکی کورد لە گالەرییە ناودارەکەی نیویۆرک نمایش دەکرێن





هەیف قارەمان چوارەم جارە لە گالەری جێک شێنمەن پێشانگا دەکاتەوە

زۆرینەیان تاراوگەنشینن

# لە سوێد 25 هەزار خانەنشین لە ژێر هێڵی هەژاریدان

زۆربەی ئەوانەی هەژارن، خانەنشینەکانن، کەمی پارەی سۆشیالیان وەرگرتووە و ئیشی ڕەشیشیان لەگەڵ کردووە

شارەزایەکی ئابووری

ئەو سوێدییانەی هاوتەمەنی منن، سێ جار زیاتر لە من سەفەر دەکەن، منیش بە حەسرەتی سەفەری کوردستانەوەم

خانەنشینێکی کورد لە سوێد



باجی کاری ڕەش دەدەن



## لە چەمچەماڵ ژنێک بە تاپڕ دەکوژرێت

**ڕووداو- چەمچەماڵ**

ڕۆژی 2019/9/7 لە چەمچەماڵ ژنێک بە چەکی تاپڕ کوژرا، کەسوکارەکەی دەڵێن فیشەکەکەی لەدەست دەرچووە و پۆلیس لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکات.
ئەیوب حەمەغەریب، جێگری بەڕێوەبەری تەندروستیی چەمچەماڵ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تەرمی ژنێک (فەهیمە ئەحمەد مشرەف)ـە و لەدایکبووی 1993 گەیەندرایە نەخۆشخانەی چەمچەماڵ، کە بە گوتەی کەسوکارەکیی فیشەکی تاپڕ لە دەستی دەرچووە، بۆ زانینی هۆکاری مردنەکەشی تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کراوە".
سەرچاوەیەک لە پۆلیسی چەمچەماڵیش ڕایگەیاند: "لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە و هێشتا نەزانراوە کە خۆی کوشتووە یان کوژراوە".

## کوردۆ عومەر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بۆ (ڕووداو):

# 80%ی توندوتیژیی دژی ژنان بەهۆی مۆبایلە



کوردۆ عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەڵێت تاوەکو خەڵک بە وریایی و هۆشیارییەوە ئامێرەکانی پەیوەندی بەکارنەهێنن، توندوتیژیی خێزانی هەر بەردەوام دەبێ. ئەو دەڵێت: "80%ی کێشەکانی ئەمڕۆ بەهۆی مۆبایلەوەیە". ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیی ئەو بەڕێوەبەرەیە، ئەوەیە کە دەڵێت "کوشتن لەسەر شەرەف، خۆکوشتن و خۆسووتاندنی ئافرەتان کەمی کردووە"، هاوکات سکاڵای ئافرەتان لە دەست توندوتیژی زیاد بووە.

**هەڤپەیڤین: دیار عادل**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: ئاستی توندوتیژیی خێزانی بەراورد بە ساڵانی پێشوو چۆنە؟**

**کوردۆ عومەر:** دیارە ئامرازەکان و جۆری توندوتیژییەکان جیاوازن. بۆ نموونە سکاڵا تۆمارکردن، توندوتیژیی سێکسی، کوشتن و خۆکوشتن و خۆسووتاندن. دەکرێت بڵێین خۆشبەختانە کوشتن لەسەر شەرەف و خۆکوشتن و خۆسووتاندن کەمی کردووە، بەڵام تۆمارکردنی سکاڵا بەردەوام زیاد دەکات.

**ڕووداو: لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیکەی 5000 ژن سکاڵایان تۆمار کردووە کە 1000ی زیاترە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، هۆکارەکەی چییە؟**

**کوردۆ عومەر:** کۆمەڵێک هۆکار هەن، یەکێک لەوانە هۆشیاربوونەوەی هاووڵاتیانە بەهۆی کۆڕ و سمینارەکانی ئێمە. خاڵی دووەم هێڵی گەرمی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتانە کە ژمارە (119)یە، هاووڵاتی دەتوانێ بەو ژمارەیە لە ڕێگەی کۆرەک و ئاسیا و زەین، بەبێ

> **ئێمە دەمانەوێت 50%ی کارمەندان و ئەفسەرانمان ژن بن**

بەرامبەر پەیوەندیمان پێوە بکات. خاڵێکی دیکە زۆربوونی نووسینگەکانی ئێمەیە.

**ڕووداو: تا چەند توانیوتانە هاوسەنگیی جێندەری لە پۆست و ئەرکەکانی نێو بەڕێوەبەرایەتییەکەتان بپارێزن؟**

**کوردۆ عومەر:** وەزارەتی ناوخۆ وەک وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی نییە کە ساڵانە بە سەدان دکتۆر و مامۆستای دەرچووی ئافرەتانی هەبێت. شوێنەکەمان زۆرتر سەربازییە، دەوەستێتە سەر ئەوەی تا چەند ئافرەت ئارەزووی هەیە، بۆیە دەبێت بە چاوێکی دیکەوە تەماشای وەزارەتی ناوخۆ بکرێت. وەزارەتی ناوخۆ ساڵانە داوا دەکات ژمارەیەکی باش ژنان وەربگیرێن، بەڵام ژنان زۆر بەشداری لە خولەکان ناکەن، یان وەرناگیرێن، ئەویش بەهۆی مەرجەکانی وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا ژمارەیەکی باش ژنان لە خولەکانی ئەفسەری وەزارەتی ناوخۆ وەرگیراون. بۆ نموونە پار ساڵ لە کۆلێژی پۆلیس 80 ژنی مفەوەز وەرگیراون. داوامان کردووە خول بۆ مفەوەزەکانمان بکرێتەوە تاوەکو ببنە ئەفسەر. هەرچەندە ژنە مفەوەزمان هەیە لێکۆڵەرە، ئەفسەری ژنمان هەیە لێکۆڵینەوە دەکات، بەڵام ئەوە تموحی ئێمە نییە، چونکە ئێمە دەمانەوێت 50%ی کارمەندان و ئەفسەرانمان ژن بن.

**ڕووداو: بۆچی بەشێک لە ئەفسەرانی ژن لە بەڕێوەبەرایەتییەکەتان کار ناکەن؟**

**کوردۆ عومەر:** چونکە کاری ئێمە ورد و قورسە، پێویستی بە ئێشکگرییە، بۆیە هەموو ئەفسەرێک نایەت بۆ لای ئێمە.

**ڕووداو: عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بوو لە گەرمیان، بۆچی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە؟**

**کوردۆ عومەر:** هیچ یاسایەکمان نییە بڵێت ئەوە ژنە یان ئەو پیاوە پێویستە بۆ هەمیشە لە پۆستەکەی بمێنێتەوە، ئێمە گۆڕانکاریمان لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی شار و شارۆچکەکان کرد.

**ڕووداو: هیچ ئەفسەرێکی ژن نەبوو لە شوێنەکەی دابنێن؟**

**کوردۆ عومەر:** ئێمە حەزمان دەکرد لە گەرمیان ژنێک ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵام ئەفسەری ژنمان نەبوو کە پلەکەی لەو ئاستەدا بێت ئەو پۆستە وەربگرێت.

**ڕووداو: بەڵام عەقید لەمیعە دەڵێت هۆکاری لادانەکەی حیزبی بووە؟**

**کوردۆ عومەر:** عەقید لەمیعە یەکێک بوو لە کادیرە باشەکانی ئێمە. نووسراوی حیزب و کەسم بۆ نەهاتووە بۆ گۆڕینی، گوێ لە نووسراوی هیچ کەسیش ناگرم، کێشەی لەمیعە خان لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان بوو، ئەوان (ئیدارەی گەرمیان) بۆ ماوەی ساڵێک داوایان لە وەزارەتی ناوخۆ کردبوو بیگۆڕن، من فەرمانەکەم ڕاگرتبوو. ئیدارەی گەرمیان دووبارە داوای گۆڕینی لەمیعە خانیان کرد. گۆڕانکارییەکەش ئیداری بووە نەک حیزبی و کەسی.

> **کێشەمان لەگەڵ دادوەرەکان هەیە کە هەندێکیان بە میزاج کار دەکەن**

**ڕووداو: لەو ئامارانەی بڵاوی دەکەنەوە، هۆکاری کوشتن و ناسنامەی کوژراو و پەیوەندی بە بکوژەوە دەشاردرێنەوە، هۆکارەکەی چییە؟**

**کوردۆ عومەر:** پۆلیس لێکۆڵینەوە لە کەیسەکاندا دەکات، ئێمە تەنیا بەدواداچوون دەکەین. بۆ نموونە ژنێک لە شوێنێک دەکوژرێت ئێمە دەچین دەپرسین دۆسیەکە بە کوێ گەیشت. ئەگەر دواکەوتووە بۆچی دواکەوتووە، تۆمەتبار بۆچی نەگیراوە؟ بەڵام ئێمە کێشەمان لەگەڵ دادوەرەکان هەیە کە هەندێکجار دۆسیەکانمان نادەنێ. بۆ ئەمەش ئەنجوومەنی دادوەریمان ئاگادار کردووەتەوە کە هەندێک لە دادوەرەکان بە میزاج کار دەکەن. زۆرجار ئامارەکان لە پۆلیس وەردەگرین، ئەو فۆڕمانەی بۆ ئێمەی پڕدەکەنەوە بەو جۆرە نییە کە ئێمە دەمانەوێت، چونکە ئێمە دەمانەوێت هەموو زانیارییەکان لە فۆڕمەکاندا هەبێت. جاری وا هەیە بکوژ گیراوە کەچی لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکانی زانیاری ناگەڕێنەوە سەر ئەوەی ئەو کەسە پلەی خێزانی لەگەڵ کوژراوەکە چییە. هۆکاری کوشتنەکە چی بووە. ئەوان دەڵێن ئەوە کاری ئێمە نییە و تەنیا ژمارەمان بۆ دەنێرن.

**ڕووداو: تا چەند هیوا هەیە توندوتیژیی خێزانی کەمتر ببێتەوە؟**

**کوردۆ عومەر:** تاوەکو بە وریایی و وشیارییەوە ئامێرەکانی پەیوەندی بەکارنەهێنرێن، بە تەمای کەمبوونەوەی توندوتیژی مەبن، چونکە 80%ی ئەوانەی توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت بەهۆی مۆبایلەوەیە.

> **کوشتن لەسەر "شەرەف" کەم بووە**

## کچەکەی پەنجەی تۆمەت بۆ باوکی درێژ دەکات

# تەرمی ژنێک لە ماڵەکەیدا بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە



هاوژینی شادیە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2019/9/4 لە گەڕەکی 32ـی پارک لە هەولێر تەرمی ژنێک بە هەڵواسراوی لە ماڵەکەیدا دۆزرایەوە. پۆلیس دەڵێ ژنەکە خۆی خنکاندووە و بنەماڵەکەشی گومانیان لە مێردەکەیەتی هەڵیواسیبێت. کچە گەورەی ئەو ژنە داوا لە دەزگا ئەمنییەکان دەکات بە وردی چاودێریی کامێرای دراوسێکانیان و پەیوەندییە تەلەفۆنیەکانی چەند ڕۆژی پێش ڕووداوەکەی نێوان دایک و باوکی بکەن، چونکە باوکی هەڕەشەی کوشتنی لە دایکی کردووە.

شادیە سابیر، تەمەن 38 ساڵ، نزیکەی 16 ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ (ر.ع) هاوسەرگیری کرد. خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچ بوو. کوڕە بچووکەکەیان تەمەنی کەمتر لە شەش ساڵە و کەمئەندامە. ماوەی چەند ساڵێکیشە کەسوکاری شادیە هاتوچۆیان ناکەن. نەوزاد سابیر، برا گەورەی شادیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چەند ساڵێک لەمەوبەر (ر) لە خوشکەکەمی دابوو ئەویش زیز بوو، بەڵام خاڵێکی مێردەکەی بەناوی (غ) هاتە ماڵمان و بووە کەفیلی کە مێردەکەی جارێکی دیکە مامەڵەی خراپ لەگەڵ خوشکەکەم ناکات، لەدوای ئەوەوە ئێمە هاتوچۆمان نەدەکرد".

مێردەکەی شادیە بەنهێنی ژنێکی دیکەی هێناوە. سابیر ئیبراهیم، باوکی شادیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو پیاوە بەنهێنی و بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی کچەکەم ژنێکی دیکەی بەناوی (س) هێناوە. دوای پێنج مانگ ئاشکرا بوو، کچەکەم ڕازی نەبوو ژنی بەسەربێنێ، بەڵام لەبەر منداڵەکانی لەسەر ماڵ دانیشت".

بەپێی قسەی کچە گەورەکەی شادیە کە بۆ باپیری باس کردووە، پێش ڕووداوەکە (ر) گوتوویەتی بەیانی ژنە تازەکەی دەهێنێتەوە ماڵەوە و ئەویش ڕازی نەبووە، شەوی ڕووداوەکە بووە بە دەمەقاڵەیان. بۆ بەیانییەکەی کچە گەورەکەی شادیە، دایکی خۆی بە هەڵواسراوی بینیوە، پەیوەندی بە باوکییەوە کردووە و پێیگوتووە دایکم خنکاوە، کەچی لە وەڵامدا گوتوویەتی خوا بکا وابێت!

ئیمان، تەمەن 15 ساڵ و کچی گەورەی شادیە، باسی مامەڵەی باوکی دەکات لەگەڵ ئەوان و دەڵێت: "باوکم کەسێکی توندوتیژە، ئەشکەنجەی دایکمی دەدا و قسەی ناشیرینی پێدەگوت. جارێک هێندە بەخراپی لێیدا ئەژنۆی شکاند و تاوەکو مردیش پلاتین لە ئەژنۆیدا بوو. لە ئێمەشی دەدا، دەیویست ژنێکی دیکە بێنێت، بەڵام دایکم ڕازی نەدەبوو، زۆر جار پێیدەگوت خۆت و منداڵەکانیشت دەکوژم. زۆر جاریش ئێمە و دایکمی لە ماڵەوە بەند کردووە".

> **باوکم لێیدەداین و لە ژوورەوە بەندی دەکردین**
>
> کچی ژنەکە

بەگوتەی ئیمان، باوکی 9 مانگ لەمەوبەر ژنێکی دیکەی بە نهێنی هێناوە و نزیکەی چوار مانگە ئەوان پێیانزانیوە: "دوای ئەوەی زانیمان ژنێکی دیکەی هێناوە، باوکم چی خراپە بەرامبەر دایکم و ئێمە دەیکرد، دەیگوت ژنەکە دەهێنمە ماڵەوە و دەبێت خزمەتی بکەن. هەفتەیەک پێش ڕووداوەکە زۆر بە خراپی لە دایکمی دا، دوو شەو پێش ڕووداوەکە باوکم بە تەلەفۆن هەڕەشەی کوشتنی لە دایکم کرد".

لەبارەی ڕۆژی ڕووداوەکەش ئیمان دەڵێ: "تاوەکو سەعات دووی شەویش هەڕەشەی کوشتنی لە دایکم دەکرد. دەمگوت بابە دایکم شتێک لە خۆی دەکات کە تۆ ئەوەندە ئازاری دەدەی. دەیگوت با خۆی بکوژێت. بە دایکمی دەیگوت خۆت بکوژە یان من دەتکوژم، ئەو شەوە ئێمە خەوتین و بەیانی کە لەخەو هەستام بینیم دایکم بە لەچکەکەی خۆی بە دەرگای چێشتخانەوە هەڵواسرابوو".

ئیمان گومانی هەیە لەوەی دایکی خۆی خنکاندبێت: "ئەو لەچکەی دایکمی پێ هەڵواسرابوو زۆر تەنک بوو، دایکیشم قەڵەو بوو. ئەو لەچکە هی ئەوە نەبوو بتوانێت خۆی پێ هەڵواسێت و نەپسێت، دراوسێکانیش دەڵێن بەیانییەکەی باوکت سەعات 9:10 خولەک دەرچووە، دووبارە گەڕاوەتەوە و پاشان ڕۆیشتووە. ئەمانە هەمووی جێی گومانن، بۆیە داوا لە لایەنە ئەمنییەکان دەکەم کامێرای دراوسێکان تەماشا بکەنەوە و پەیوەندی دوو سێ ڕۆژ پێشتری نێوان دایک و باوکم گوێ لێبگرن، ئەوکاتە زۆر شت ڕوون دەبێتەوە".

ئێستا ئیمان و دایک و باوکی شادیە سکاڵایان لەدژی (ر) تۆمار کردووە. لەوبارەیەوە ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو ئافرەتە لە گەڕەکی 32ـی پارک خۆی خنکاندووە، هاوژینەکەشی خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و بەپێی ماددەی 408 و بە بڕیاری دادوەر دەستبەسەر کراوە، جارێ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

(ر) لە وتەکانیدا بۆ پۆلیس گوتوویەتی: "من ئاگاداری ڕووداوەکە نیم، هاوژینەکەم نەخۆشیی دەروونی هەبووە و خۆی خنکاندووە". بەڵام نەوزاد سابیر کە برای گەورەی شادیەیە، دەڵێ: "ئەو پیاوە بوختان دەکات، خوشکەکەم هیچ نەخۆشییەکی نەبوو".

# پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ژیانی وێران کرد

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێک "بە هەڵە" تەلەفۆن بۆ شیرین دەکات، بەڵام تەلەفۆنەکە کارەساتی بەدوادا هات و گەنجێک لەو نێوانەدا کوژرا. شیرینیش سووتا، بەڵام سووتانەکەی جێی گومانە کە ئایا خۆی سووتاندووە، یان سووتێنراوە. پۆلیس بەدوای بەڵگەوەیە تاوەکو ئەو گومانە نەهێڵێ.

ئەو ڕووداوە لە مانگی سێی ئەمساڵدا لە گوندێکی دەوروبەری شاری هەولێر ڕوویدا، کاتێک گەنجێک بەناوی سەربەست، بە گوتەی خۆی "بە هەڵە" تەلەفۆن بۆ شیرینی تەمەن 27 ساڵان دەکات، بەڵام دوای ئەوە چەند جارێکی دیکە پەیوەندی تەلەفۆنی و نامە لە نێوانیاندا هەبووە. کاتێکیش شیرین باسی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە لەلای مێردەکەی دەکات، شەڕ لە نێوان ماڵی خەزووری شیرین و ماڵی سەربەست ڕوودەدات، بەو هۆیەوە کەسێک دەکوژرێت و ڕۆژی دواتریش شیرین لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا دەسووتێ.

شیرین کە ڕۆژی 2019/4/7 لە نێو ماڵەکەیدا سووتاوە، بەرلەوەی بمرێ دوو جار ئیفادەی لێ وەرگیراوە. جاری یەکەم گوتوویەتی شەقیقەی هەبووە و بەردەوام ژانەسەری قورسی گرتووە، بۆیە خۆی سووتاندووە. بەڵام دوو سەعات بەرلەوەی بمرێ، دووبارە ئیفادەی داوە و ئەمجارەیان گوتوویەتی "سکاڵام لەسەر سەربەست هەیە".

شیرین لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "سەربەست وازی لێنەهێنام، بەردەوام پەیوەندی پێوە دەکردم، منیش بە هاوژینەکەمم گوت کە ئەو پیاوە واز ناهێنێ. ماڵی خەزوورانم پەیوەندییان پێوەکرد بۆ ئەوەی بیبینن، بەڵام ئەو هەڵات، دواتر چوونە سەر ماڵی باوکی و شەڕ لە نێوان هەردوولا ڕوویدا. کەسێک لە بنەماڵەی خەزوورم کوژرا و یەکێکی ئەوانیش بریندار بوو".

شیرین کە دایکی دوو کوڕ بوو، لە دووەم ڕۆژی پرسەی خزمەکەیاندا بە کوڕە گەورەکەی خۆی گوتووە کە ئەو بەجێیاندێڵێ، بۆیە دەبێ زۆر ئاگاداری براکەی بێ، پاشان چووەتە حەمام و ئاگری لە خۆی بەرداوە.

شیرین چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەیەوە لە 2019/4/11 مرد. لەسەر مردنی شیرین کەس دەستگیر نەکراوە، تەنیا سکاڵایەک لەسەر سەربەست هەیە، ئەویش هەڵاتووە. بەڵام لەسەر کوژرانی (س.م) کە خزمی ماڵی خەزوورانی شیرینە، باوک و برا و ئامۆزایەکی سەربەست گیراون.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری کێشەکەی شیرین بووە بە (ڕووداو)ی گوت: "شیرین ژنێکی گەنج بوو، زۆر هێمن و تێگەیشتوو بوو، ڕاستە ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە هەبووە، بەڵام دواتر خۆی مێردەکەی ئاگادار کردووەتەوە کە کەسێک بێزاری کردووە".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، دوای زانینی ناو و ناونیشانی ئەو کەسەی تەلەفۆنی بۆ شیرین کردووە، ماڵە خەزوورانی شیرین داوایان لە باوکی سەربەست کردووە کوڕەکەیان تەسلیم بکەن بۆ ئەوەی بە گوتەی خۆیان "عاقڵی بکەن"، بەڵام باوکی سەربەست ڕازی نەبووە.

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "دوای ئەوەی ماڵی باوکی سەربەست ڕازی نەبوون کوڕەکەیان تەسلیم بە ماڵی خەزووری شیرین بکەن، شەوێک بەسەر ماڵی باوکی سەربەستیاندا دا. ئیدی شەڕە تەقە لە نێوانیاندا دروست بوو، بەو هۆیەوە خزمێکی ماڵی خەزووری شیرین کوژرا و کەسێکیش لە بنەماڵەی سەربەست بریندار بوو. دواتر ماڵی باوکی شیرین کەسێکیان لە بنەماڵەی سەربەست ڕفاند، بەڵام بە گوشاری هێزە ئەمنییەکان ناچار بوون ئازادی بکەن".

سەبارەت بە شیرینیش کە ئەو سەرچاوەیە بە "قوربانیی هەوەسبازەکان"ی دەزانێت، دەڵێت: "شیرین لە دوای ڕووداوەکە ژیانی کەوتە مەترسییەوە، هەڕەشەیان لێکردبوو. دڵنیام ئەگەر شیرین پەیوەندی لەگەڵ سەربەست هەبووایە، لەلای هاوژینەکەی باسی نەدەکرد، بۆیە خۆسووتاندنی شیرین جێی گومانە، دڵنیام لە ژێر هەڕەشەدا ئەو کارەی کردووە. گومانم هەیە شیرین بۆ خۆی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابێت و لەپێناوی منداڵەکانی و کەسوکاریدا، بێدەنگی و خۆتاوانبارکردنی هەڵبژارد".

موقەدەم فەرهاد عەزیز، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی بنەسڵاوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە لە نێوان دوو بنەماڵە کە هەر یەکێکیان لە گوندێکن. لە ڕووداوەکەدا کوژراو و بریندار هەبوو. فەرمانی دەستگیرکردن بۆ پێنج کەس دەرچوو. سێیان دەستگیرکران و دوو کەسیش هەڵاتوون".

لەبارەی پەیوەندیی نێوان شیرین و سەربەستیش، موقەدەم فەرهاد گوتی: "بەپێی ئەو زانیاریانەی لە کۆمپانیای کۆڕەک تلیکۆم وەرگیراون، چەند جارێک پەیوەندیی تەلەفۆنی لە نێوان ئەو ئافرەت و پیاوەدا هەبووە، بەڵام زۆرترین پەیوەندی لەلایەن پیاوەکەوە کراوە".

سەبارەت بە سووتانی شیرینیش کە سەرچاوەیەک گومان دەخاتە سەر سووتانەکەی، موقەدەم فەرهاد گوتی: "تەنیا بەڵگە لەبارەی سووتانی ئەو ئافرەتە قسەی خۆیەتی کە دەڵێت خۆم سووتاندووە".



## لە سۆران کوڕێک بە دەستی براکەی دەکوژرێت

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2019/9/6 لە ڕواندز بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە برایەک بە چەقۆ برایەکی خۆی دەکوژێت و لەلایەن پۆلیسی ڕواندزەوە دەستگیر دەکرێت. مقەدەم شەماڵ دێوالی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان دووبرا بووە. بووەتە دەمەقاڵێیان و یەکێکیان بە چەقۆ ئەوەی دیکەی کوشتووە". گوتەبێژی پۆلیسی سۆران گوتیشی: "کوژراوەکە دانیشتووی ڕواندزە بەناوی (هـ.ع.ق)، تەمەنی 32 ساڵە و پیشەی کاسبە، دوای ڕووداوەکەش تۆمەتبارەکە بەناوی (هـ.ع.ق) دەستگیرکراوە و لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە، لەسەر فەرمانی دادوەر بەپێی ماددەی 405 بەندکراوە".

# گەنجێک لە هەولێر دەکوژرێت و ماڵی خەزووری هەڵدێن



یونس قاسم پێش ئەوەی بە گوللە بکوژرێت، ئەشکەنجە درابوو

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

یونس قاسم، تەمەن 26 ساڵ، ماوەی سێ ساڵ بوو لەگەڵ ڕوخسار، تەمەن 28 ساڵ کە خاڵۆزا و پوورزان، هاوسەرگیری کردبوو، باوکی کوڕێک بوو، بەڵام لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا بەردەوام کێشەی لەگەڵ ژنەکەی هەبوو. ڕۆژی 2019/8/27 تەرمی یونس لە چۆڵەوانییەکی نزیک کەسنەزان دۆزرایەوە. کەسوکاری گەنجەکە ماڵی خەزووری تۆمەتبار دەکەن.

ڕازیە قادر، تەمەن 63 ساڵ، هێندە بۆ کوڕەکەی گریاوە، چاوەکانی دەتگوت گۆمی خوێنن. دەڵێت: "کاتێک باوکیان شەهید بوو، کوڕەکەم زۆر بچووک بوو. بە هەژاری و دەردەسەری گەورەم کرد، کاتێک ڕوخساری کچە برامی خواست، من ڕازی نەبووم، چونکە دەمزانی بەکەڵکی کوڕەکەم نایەت".

ڕازیە کە لە خانووێکی بچووکی گەڕەکی عارەبان لە هەولێر لەگەڵ یونس و بووکەکەی دەژیا، ئێستا ماڵەکەی چۆڵ بووە و کچەکانی هاتوون بۆ لای. ئەو دەڵێ: "ئێمە لەو خانووە کۆنە کرێچین و کوڕەکەم شوفێری تاکسی بوو. مەمرە و مەژی ژیانمان بەڕێدەکرد، بەڵام بووکەکەم کەسێکی دونیایی بوو، هەر لە سەرەتاوە بەو ژیانە ڕازی نەبوو، خوشکەکانیشی بەردەوام هانیان دەدا داوای ماڵی خۆی بکات، بۆیە بەردەوام کێشەی لەگەڵ کوڕەکەم هەبوو".

ڕازیە دەشڵێت: "ئێمە دەستمان بۆ ئەو ژنە ڕاگرتبوو، بەڵام ئەو پیاسە و گەڕانی بەردەوامی دەویست و کوڕەکەشم نەیدەتوانی ئەوەی بۆ بکات، بۆیە کە دەگەڕایەوە دەبوو بە شەڕ و کێشەیان. نزیکەی ساڵێک و دوو مانگ لەمەوبەر کوڕێکیان بوو، گوتم ڕەنگە باشتر بێت، بەڵام هەر وەکو خۆی بوو، ژیانی لێ تاڵ کردبووین، تا کار گەیشتە ئەوەی کوڕەکەم ویستی لێی جیابێتەوە. بەڵام براکەم هەڕەشەی کوشتنی لە کوڕەکەم کرد کە نابێت لە کچەکەی جیاببێتەوە".

یونس لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لە چۆڵەوانییەکی نزیک کەسنەزان دەکوژرێت. ڕازیەی دایکی باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "ڕۆژی 2019/8/27 یونس منی برد بۆ لای یەکێک لە کچەکانم و خۆی ڕۆیشت، ئیدی نەمبینییەوە. ئەو شەوە من لە ماڵی کچەکەم بووم. ڕۆژی دواتر تەرمی کوڕەکەمیان لە چۆڵەوانییەک دۆزیبووەوە کە بەشێوەیەکی دڕندانە کوژرابوو".

ئاریان قاسم کە خوشکی یونسە، پێیوایە براکەی بە پلان کوژراوە و دەڵێ: "ماڵی خاڵم ڕقیان لە یونس بوو، چونکە ویستبووی ڕوخسار تەڵاق بدات، هەفتەیەک پێش ڕووداوەکە هەڕەشەی کوشتنیان لێکردبوو". گوتیشی: "ئەو شەوە کە زانیبوویان بە تەنیایە، دەرفەتیان لێی هێنابوو بە پیلان کوشتبوویان. بەیانییەکەی ڕوخسار تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی یونس لەکوێیە. منیش گوتم لەگەڵ تۆ بووە دەبێت تۆ بزانی، بەڵام ئەو هیچ قسەیەکی نەکرد و تەلەفۆنەکەی داخست".

دایکی یونس لەبارەی بکوژانی کوڕەکەی دەڵێ: "براکەم کە باوکی ڕوخساریشە، لە کۆمپانیایەک پاسەوانە، ئەو شەوە بە فێڵ یونسیان بردووە بۆ ئەوێ. ئەوان تاوەکو نزیک ئەو شوێنە لە کامێراکانی چاودێریدا دەرکەوتوون، بەڵام لەوێ دیارنامێنێ. بە فێڵ کوڕەکەمیان بردووەتە چۆڵەوانییەک و لەوێ کوشتوویانە".

ئاریان دەڵێت: "بەپێ ڕاپۆرتی پزیشکی کە بۆ تەرمی براکەم کراوە، پێش کوشتنی ئەشکەنجە دراوە. هەروەها گوللەیەک لە پێی چەپی دراوە و شادەماری بڕیوە، بەو شێوەیە بەجێیانهێشتووە".

دایکی یونس سکاڵای لەدژی شەش کەس تۆمار کردووە. ڕازیە دەڵێ: "دوای ڕووداوەکە ڕوخسار نەوەکەمی بردووە و لەگەڵ ماڵی باوکی هەڵاتوون، کەس نازانێت لەکوێن. لە بنکەی پۆلیسی کەسنەزان سکاڵام لەسەر براکەم و بووکەکەم و خوشکەزا و برازاکانم تۆمار کردووە و هەموویان دەستیان لە تاوانەکەدا هەیە. سوڵحیشیان لەگەڵ ناکەم و دەمەوێ تاوانباران دەستگیر بکرێن و بەتوندترین شێوە سزا بدرێن".

> **کوڕەکەم بە دەستی براکەم کوژراوە**
>
> دایکی کوژراوەکە

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەو کەیسە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2018/8/27 لەلایەن بنکەی پۆلیسی کەسنەزان لە دۆزینەوەی تەرمێک لەنزیک هەزەی سەر ڕێگەی کەسنەزان ئاگادار کراینەوە. تەرمەکە ڕەوانەی پزیشکی داد کرا و پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتیشی: "بنەماڵەی کوژراوەکە سکاڵایان لەدژی هاوژینی پیاوەکە و بنەماڵەکەی تۆمار کردووە، بەڵام هەموویان هەڵاتوون. لە هەوڵەکانمان بەردەوامین بۆ دەستگیرکردنیان".

(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی بە ڕوخسار و بنەماڵەکەیەوە کرد، بەڵام هەموو ژمارەکانیان داخراون.

# لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە خنکێنرا



ئەرکان ئەحمەد عومەر

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

دایکی چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ کردبوو بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆن، بەڵام ئەرکان وەڵامی نەدابووەوە. کاتێک باوکی چوو بوو بۆ شوقەکەی، بینیبووی دەست و قاچی کوڕەکەی بەستراونەتەوە و خنکێنراوە.

شەوی 2019/8/30 گەنجێکی تەمەن 30 ساڵ بەناوی ئەرکان ئەحمەد عومەر، دانیشتووی شوقەکانی غازی لە شاری کەرکووک، بە لەچکێک خنکێنرا، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت بکوژەکەی هاوڕێیەکی خۆیەتی.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی میقداد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "باوکی ئەو گەنجە نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/8/31 ئێمەی ئاگادارکردەوە، پۆلیس چوون بۆ شوێنی ڕووداوەکە. دەست و قاچی گەنجەکە بەسترابوونەوە، بە لەچکێک خنکێنرابوو، پۆلیس تەرمەکەی بۆ پشکنین نارد بۆ نەخۆشخانە".

پۆلیس سەیری کامێراکانی دەوروبەری شوقەکەی کردووەتەوە، بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، لە کامێراکان دەرکەوتووە ئەو گەنجە سەعات هەشت لەگەڵ هاوژینەکەی چووەتە دەرەوە، سەعات 10ی شەو لەگەڵ هاوڕێیەکی گەڕاوەتەوە شوقەکەی.

سەرچاوەکەی پۆلیس دەڵێت: "هاوڕێکەی ئەرکان دوای ئەوەی ئەرکانی خنکاندووە، بەنێو ماڵەکەدا گەڕاوە، بەڵام هیچ شتێکی دەستنەکەوتووە، تەنیا مۆبایلەکەی ئەرکانی بردووە".

ئەرکان کارمەندی کۆمپانیای غازی باکوور بوو لە کەرکووک، شەش مانگ بوو ژنی هێنابوو. ئەو شەوە هاوژینەکەی بردووەتەوە ماڵی باوکی، پاشان لەگەڵ هاوڕێکەی گەڕاوەتەوە شوقەکەی. پۆلیس دەڵێت تاوەکو ئێستا بکوژی ئەرکان دەستگیر نەکراوە.

ناهیدە سەید کە دایکی ئەرکانە، دەڵێت کوڕەکەی شەش مانگ لەمەوبەر ژنی هێناوە و لەگەڵ هاوژینەکەی لە شوقەکانی غازی دەژیان.

بە گوتەی دایکی، ئەرکان لە مانگێکدا هەفتەیەک شەو و ڕۆژ لە دەوام بوو، بۆیە کاتێک دەوامی هەبووایە، هاوژینەکەی دەبردەوە ماڵی باوکی.

ناهیدە باسی ڕۆژێک پێش خنکاندنی کوڕەکەی کرد و گوتی: "ڕۆژی چوارشەممە هاتە ماڵمان تازە مووچەی وەرگرتبوو، هەندێک لە مووچەکەی گێڕایەوە و ئەوەی دیکەشی لەلای من دانا، چونکە زۆر متمانەی بە شوقەکە نەبوو".

ئەرکان بە دایکی گوتبوو ئەم هەفتەیە دەوامی هەیە، هاوژینەکەی دەباتەوە ماڵی باوکی و سبەی نیوەڕۆش لەلای ئەو نان دەخوات، بەڵام دایکی ئەرکان، کوڕەکەی لەسەر سفرەی نان خواردن نەبینی.

دایکی ئەرکان گوتی: "ڕۆژی هەینی تا سەعات یەک و نیو چاوەڕێم کرد، ئەرکان هەر نەهات، تەلەفۆنم بۆ کرد مۆبایلەکەی داخرابوو. باوکیم ئاگادار کردەوە و ئەویش گوتی ئێستا دەچمە شوقەکەی کلیلم پێیە، کەچی ئەویش ڕۆیشت و نەهاتەوە، چەند جارێک تەلەفۆنم بۆ کرد، بە گریانەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەرکان خنکێنراوە".

ناهیدە و ئەحمەد کە چەندین ساڵە هاوژینی یەکدین، تەنیا ئەو تاقە کوڕەیان هەبوو، بۆیە قەت دڵیان نەشکاندووە و دەڵێن هەر شتێکی داوا کردبێ، بۆیان جێبەجێ کردووە.

ئەحمەد عومەر باوکی ئەرکان، باسی ئەو ساتە دەکات کە تەرمی کوڕەکەی بینیوە و دەڵێت: "زۆرم لە دەرگای شوقەکە دا، دەرگای نەکردەوە. کلیلی شوقەکەم پێبوو، دەرگاکەم کردەوە، بینیم ماڵەکە هەموو پەرشوبڵاو بوو. چووم بۆ ژووری نووستنەکەی. ئەرکان لەسەر جێگاکەی کەوتبوو، دەست و قاچی بەسترابوونەوە، لەچکێکی لە مل بوو".

کاتێک ئەحمەد زانیبووی کوڕەکەی گیانی دەرچووە، یەکسەر پۆلیسی ئاگادار کردبووەوە. ئەحمەد دەڵێت: "لە کامێراکان دەرکەوتووە ئەحمەد لەگەڵ هاوڕێیەکی گەڕاوەتەوە ماڵەوە. وا دیارە ئەو کەسە ویستوویەتی زێڕ و پارەکەی ماڵی ئەرکان ببات، بەڵام هیچی دەستنەکەوتبوو، تەنیا مۆبایلەکەی ئەرکانی دەستکەوتبوو، ئەویشی بردبوو".

بەپێی ئاماری پۆلیسی کەرکووک، لە سەرەتای مانگی تەممووزی ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ڕابردوو 12 حاڵەتی کوشتن لەلای پۆلیس تۆمارکراون کە چوار لەو کوژراوانە ئافرەت بوونە.

# عەلی بووە قوربانیی تاوانێکی کۆن



عەلی شەریف لەلایەن سێ ماتۆرسکێلەوە تەقەی لێ کرابوو

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

عەلی هێندە دڵی بە ئاژەڵەکانی خۆشبوو، تەنانەت کە گوندەکەشی جێهێشت دەستبەرداریان نەبوو، لەگەڵ خۆی هێنانی بۆ ناحیەی شۆڕش. لە کاتێکدا لە نزیک ماڵەکەیان لەگەڵ خاڵۆزاکەی خەریکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکان بوون، لەلایەن سێ کەسەوە تەقەی لێکرا و کوژرا، خاڵۆزاکەشی بریندار بوو.

ئێوارەی ڕۆژی 2019/8/31 لە گەڕەکی قادرکەرەمییەکانی ناحیەی شۆڕشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، تەقە لە دوو گەنج کرا، بەو هۆیەوە عەلی شەریف، تەمەن 20 ساڵان کوژرا و سۆران مارف، تەمەن 22 ساڵ کە خاڵۆزای بوو، بریندار بوو.

ڕائید سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو ڕووداوە لە نزیک یەکێک لە بنکەکانی پۆلیسی سنووری قەزای چەمچەماڵ ڕوویداوە، دەستبەجێ پۆلیس گەیشتووەتە شوێنەکە، تەرمەکە و بریندارەکەیان ڕەوانەی نەخۆشخانە کردووە. سێ کەس کە ئەو کاتە لە شوێنی ڕووداوەکە بوون، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون".

هاوکات فەرمانی گرتن بۆ سێ کەسی دیکەش دەرچووە کە دانیشتووی ناحیەی لەیلانی سەر بە شاری کەرکووکن، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراون.

باوکی عەلی دوو ژنی هێنابوو، ساڵی 2015 دایکی عەلی مرد و دواتر باوکیشی مرد. ئیدی عەلی لەگەڵ دوو لە براکانی و خوشکێکی و زڕدایکەکەی تا ئەمدواییەش هەر لە گوند مابوونەوە، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوی گوندەکەیان ناچار بوون جێیبهێڵن و بچنە ناحیەی شۆڕش.

ئەحمەد شەریف کە زڕبرای عەلییە، دەڵێت: "مانگێک بەر لە ئێستا دایکم گوتی گوندەکەمان ئاوی زۆر کەمە، بۆ ماوەی چەند مانگێک دێین بۆ چەمچەماڵ، 10 ڕۆژ پێش ئێستا دایکم لەگەڵ عەلی و منداڵەکانی دیکە هاتنە گەڕەکی قادرکەرەمییەکان لە ناحیەی شۆڕش".

ئەحمەد دەڵێت عەلیی برای لە گوند هەر شوان بووە، کاتێکیش گوندی جێهێشت داوای لە زڕدایکی و براکانی کردبوو ئاژەڵەکان نەفرۆشن و ئەو بەخێویان دەکات، بۆیە لەبەر خاتری ئەو ئاژەڵەکانیش دەهێنن بۆ ناحیەی شۆڕش.

عەلی هەموو ڕۆژێک دوای سەعات چواری ئێوارە بۆ ماوەیەک ئاژەڵەکانی دەبردنە دەرەوەی ناحیەکە و دەیلەوەڕاندن، بەر لەوەی ڕۆژ ئاوا ببێ دەیگەڕاندنەوە نێو ئەو حەسارەی لە تەنیشت ماڵەکەیان بۆی دروستکردبوون.

ئەحمەد دەڵێت: "عەلی زۆر دڵی بە ئاژەڵەکان خۆش بوو، هەر خۆیشی بە تەنیا خزمەتی دەکردن، دواجاریش هەر لەلای ئاژەڵەکانی کوژرا".

لە پشت کوشتنی عەلییەوە چیرۆکێک هەیە کە بۆ پێنج ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێک خاڵێکی عەلی بەناوی محەممەد مارف، لە بەردەم ماڵەکەی خۆی لە ناحیەی لەیلان دەکوژرێ.

ئەحمەد گوتی: "محەممەد لە هیچ و خۆڕایی کوژرا، بنەماڵەی بکوژ داوای سوڵحیان کرد، ئەوانیش داوای 100 ملیۆن دیناریان کرد، بەڵام ڕێکنەکەوتن و سوڵحەکە نەکرا".

ماوەیەک دوای کوژرانی محەممەد، برای یەکێک لەوانەی دەستیان لە کوشتنەکەیدا هەبوو، کوژرا. تاوانەکە خرایە ئەستۆی ئەوان.

ئەحمەد باسی کوژرانی عەلی کرد و گوتی "دەوروبەری سەعات 5:30 خولەکی ئێوارە بوو. عەلی لەگەڵ خاڵۆزاکەم چووبوونە پشت بنکەی پۆلیسی شۆڕش کە شوێنێکی چۆڵە، لەوێ مەڕ و ماڵاتیان دەلەوەڕاند. لەو کاتەدا سێ ماتۆڕسکیل، دەستڕێژی گوللەیان لێدەکەن. عەلی پێنج گوللەی بەردەکەوێ و هەر لەوێ دەمرێ، خاڵۆزاکەشی بریندار دەبێ".

بە گوتەی ئەحمەد، جگە لەو سێ کەسە، سێ کەسی دیکەش لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا چاوەڕێیان کردوون، بەڵام ئەوان دەستگیر نەکراون. سەبارەت بەو سێ کەسەی پۆلیس دەستگیری کردوون، ئەحمەد دەڵێت: "ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە تاوانەکەوە نییە و خزمی خۆمانن، یەکێکیان خاڵۆزای خاڵۆزاکەمە کە بریندار بووە. ئێمە لە پۆلیس ئیفادەمان دا گوتمان ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بەو تاوانەوە نییە".

ئەحمەد گوتیشی: "ئەو سێ کەسە ئەو کاتە شڵەژابوون و لە خۆیانەوە لە بنکەی پۆلیس ئیفادەیان داوە، ئێمە سکاڵامان لەسەریان نییە، نازانین چۆن بێ بەڵگە پۆلیس بەپێی مادە 406 دەستگیری کردوون".

بەڵام ڕائید سەرکەوت ئەحمەد دەڵێت: "ئەو سێ کەسە لەخۆڕایی دەستگیر نەکراون، بەڵکو لەسەر سکاڵای کەسوکاری کوژراوەکە گیراون". ئەحمەد شەریف پشتڕاستی کردەوە کە سکاڵایان لەسەر ئەو سێ کەسە تۆمار کردووە، بەڵام دوای ئەوەی زانیویانە بێتاوانن، سکاڵاکەیان کشاندووەتەوە.

بە گوتەی ئەحمەد "تا ئێستا هیچ کەسێک لە کەسوکاری تاوانبارەکان پەیوەندییان نەکردووە بۆ ئەوەی سوڵح بکەن. گوتیشی "جارێ نازانین سوڵحیان لەگەڵ دەکەین یان نا".

## دۆسیەکەی لە دادگا 17 جار دواخراوە

# پێنج ساڵە کێشەی پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون لە سلێمانی چارەسەر نەکراوە

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

لە سلێمانی پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون ماوەی پێنج ساڵە ڕاگیراوە، بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی سلێمانی دەڵێت هۆکارەکە کۆمەڵەی کرێنشینانن کە نەیانتوانیوە کڕیار بۆ یەکەکان پەیدا بکەن. بەڵام وەبەرهێنەرەکە دەڵێ سەرۆکی پێشووی دەستەی وەبەرهێنان هۆکاری شکستی پڕۆژەکەیە.

پڕۆژەی (مینا ستی) لە سلێمانی ساڵی 2014 مۆڵەتی وەرگرتووە و هێشتا تەواو نەکراوە. عەزیز سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە سلێمانی دەڵێت: "پڕۆژەکە مۆڵەتی هەیە، دەبوو کۆمەڵەی کرێنشینان هەزار کڕیار بۆ ئەم پڕۆژەیە پەیدا بکەن، بەڵام تەنیا 62 کەسیان پێ ئامادەکرا، ئەمەش گرفتی پڕۆژەکە بوو، بۆیە پڕۆژەکەمان هەڵوەشاندەوە، بەشداربووانی پڕۆژەکە لە شوێنی دیکە قەرەبوو دەکەینەوە".

وەبەرهێنانی سلێمانی سکاڵایان لەسەر وەبەرهێنەری پڕۆژەکە تۆمار کردووە، بەڵام وەبەرهێنەری پڕۆژەکە دەڵێ بەڵگەی هەیە کە وەبەرهێنانی سلێمانی کێشەیان بۆ درووست کردووە.

ئازاد جەلال، بەڕێوەبەری کۆمپانیای گوڵی ژاڵە، جێبەجێکاری پڕۆژەی مینا ستی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "لە لە 2014/9/3 مۆڵەتی مەرجدارمان بۆ پڕۆژەکە لە پارێزگای سلێمانی وەرگرت و لە 2017/8/9ـش مۆڵەتی وەبەرهێنانمان وەرگرت. پارێزگا و وەبەرهێنانی سلێمانی زەوییان بۆ تەرخان نەکردین، پارێزگاری ئەوکاتی سلێمانی کە بەهرۆز حەمەساڵح بوو، گوتی ئێوە زەوییەکان لە جووتیارەکان بکڕنەوە دواتر پارەکەتان دەدەینەوە. نووسراویشی بۆ کردم، زەوییەکە کە 80 دۆنم بوو بە 480 هەزار دۆلار لە جووتیارانم کڕییەوە، بەڵام تا ئەم ساتە پارەی زەوییەکانم وەرنەگرتووەتەوە".




وەبەرهێنەرەکە لە 2015/6/1 دەستی بە پڕۆژەکەی کرد و بە گوتەی خۆی لەماوەی پێنج مانگ و نیودا 10%ی تەواو کرد "350 ملیۆن دینارم بۆ راکێشانی کارەبا و 120 هەزار دۆلاریشم بۆ ڕاکێشانی جادە بۆ پڕۆژەکە خەرج کرد، بەڵام فەرمان غەریب کە ئەوکات بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی بوو، ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە و داوای لە کرێنشینان کردبوو بەهیچ جۆرێک پارەی قیست نەدەن بە کۆمپانیاکەمان، گوایە مۆڵەتمان نییە و پڕۆژەکە وەهمییە، لەکاتێکدا خۆی بەردی بناغەی پڕۆژەکەی دانابوو، دواتر هەر خۆی تۆمەتەکانی سەر کۆمپانیاکەمانی ڕەتکردەوە و گوتی کۆمپانیاکە هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە".

خاوەنی کۆمپانیاکە پێیوایە بەڕێوەبەری گشتی پێشووی وەبەرهێنانی سلێمانی بەمەبەست و بۆ لەکەدارکردنی وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکە ئەو کارەی کردووە. ئازاد جەلال دەڵێ: "دوای ئەو ئاگادارییە خەڵک متمانەی بە پڕۆژەکە نەما، ئێمە لەو ڕۆژەوە بەدەست ئەم بابەتەوە دەناڵێنین".

ئازاد جەلال ڕەتیکردەوە کە کۆمەڵەی کرێنشینان هۆکاری شکستی پڕۆژەکەی بن و گوتی: "دەستەی وەبەرهێنان و خودی فەرمان غەریب هۆکاری شکستی پڕۆژەکەن، نەک کۆمەڵەی کرێنشینان، چونکە ژمارەیەکی زۆر کرێچی بەنیاز بوون گرێبەستمان لەگەڵ بکەن بۆ کڕینی شوقە، بەڵام وەبەرهێنانی سلێمانی ڕێگرییان لێکردن و پارەکانیشمان لە بانک بلۆک کران".

کڕیارەکان سکاڵا لەسەر کۆمپانیای گوڵی ژاڵە تۆمار دەکەن. خاوەنی کۆمپانیاکە گوتی: "دەمانویست کار لە پڕۆژەکە بکەین، بەڵام وەبەرهێنانی سلێمانی لە ساڵی 2015 پڕۆژەکەی ڕاگرت و لە 2017 مۆڵەتی پێداین. کڕیارەکانیشی هاندەدا سکاڵا لەدژی ئێمە تۆمار بکەن، 17 سکاڵامان لەسەر تۆمار کرا. ئێمەش سکاڵامان لەسەر پارێزگای سلێمانی، وەبەرهێنانی سلێمانی و دەستەی وەبەرهێنان تۆمار کرد، تائێستا 10 لەو سکاڵایانەی لەسەرمان تۆمار کرابوون هەڵوەشاونەتەوە و 7 سکاڵاکەی دیکەش لەسەر هەڵوەشانەوەن".

لەبارەی دانەوەی پارەی ئەو کەسانەش کە پارەیان دابوو بە کۆمپانیاکە، ئازاد جەلال دەڵێ: "وەبەرهێنانی سلێمانی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان لە پڕۆژەیەکی دیکە قەرەبوویان دەکەنەوە. ئەوە ڕاست نییە. هەموو ئەوانەی پارەیان لە بانک دانابوو پارەکەی خۆیان وەرگرتەوە و واژووشم پێکردوون".

دوو ساڵە دۆسیەی سکاڵای کۆمپانیاکە لە دادگایە. ئازاد جەلال دەڵێ: "تائێستا لەسەرووی 8 ملیار دینارم لەم پڕۆژەیە خەرج کردووە و 10%ی پڕۆژەکە تەواو بووە. دوای ئەو دژایەتییەی کرام. هیوام نەما و لە 2017/7/20 داوای سەرفکردنی پارەکەم لە پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی کرد، بەڵام نەیانکرد، بۆیە لە دادگای بەرایی دووی سلێمانی سکاڵام لەسەر تۆمارکردن. ماوەی دوو ساڵە دۆسیەکە لە دادگایە و تائێستا 17 جار دانیشتنی دادگایان دواخستووە".

یەکێتی وەبەرهێنەران دەڵێن لە دەستەی وەبەرهێنان کێشە بۆ پڕۆژەکە دروستکراوە. مەلا یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "هەندێک کەس لەنێو دەستەی وەبەرهێناندا بەئاشکرا دژایەتی وەبەرهێنەر دەکەن، ئێمە ئەو کەسانە دەناسین و ئەگەر حکومەت داوامان لێبکات بۆیان دەستنیشان دەکەین و بە بەڵگەوە گەندەڵییەکانیان دەخەینەڕوو".

## دۆسیەکەی لە دەستەی دەستپاکییە

# زەوییەکی خزمەتگوزاری دەکرێتە 276 یەکەی نیشتەجێبوون

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

رووبەری 25 دۆنم زەوی لەنێو پڕۆژەی شاری زەیتوون لە هەولێر کە بۆ درووستکردنی مۆڵ و مارکێت و چەند خزمەتگوزارییەکی دیکە تەرخانکراوە، لەلایەن کۆمپانیایەکەوە دەکرێتە یەکەی نیشتەجێبوون، خەڵکی شارەکەش لە پەرلەمانی کوردستان و دەستەی دەستپاکی سکاڵایان لە دژی وەبەرهێنەرەکە تۆمار کردووە.

پڕۆژەی شاری زەیتوون دەکەوێتە نێوان ناحیەی دارەتوو و قەزای بنەسڵاوە. ساڵی 2009 مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنانی وەرگرتووە، رووبەری ئەو زەوییەی بۆ پڕۆژەکە تەرخانکراوە 823 دۆنمە، بڕیار بوو وەبەرهێنەرەکە 10 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی لەسەر دروست بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا 2821 یەکە لەنێو پڕۆژەکە دروستکراون.

شیرین ئەمین، سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی و سکاڵا لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "لەسەر سکاڵای چەند کەسێکی خاوەن یەکە لە پڕۆژەکە، لیژنەی دەستپاکی و سکاڵا بەدواداچوونی بۆ کێشەکە کرد. 25 دۆنم زەوی لە نێو پڕۆژەکە، بەپێی سایدپلانەکە دەبوو بکرێ بە مۆڵ و مارکێت و چەند خزمەتگوزارییەکی دیکە، بەڵام کۆمپانیاکە خەریکە دەیکات بە یەکەی نیشتەجێبوون".

سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی گوتیشی: "کۆمپانیاکە دەستی بە دروستکردنی یەکەکان کردووە و بڕیارە دوای تەواوبوونیان بە هاووڵاتیانی بفرۆشێتەوە، ئەمەش نادادپەروەرییە. بەشداربووانی پڕۆژەکە مافی خۆیانە ئەو خزمەتگوزاریانە لەسەر ئەو زەوییە دروستبکرێن نەک بکرێن بە یەکەی نیشتەجێبوون و لەسەر حیسابی ئەوان کۆمپانیاکە خۆی دەوڵەمەند بکات".

لیژنەی دەستپاکی بە نووسراوی فەرمی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی لە کێشەکە ئاگادار کردووەتەوە. شیرین ئەمین دەڵێ: "لە هەنگاوی یەکەمدا بە وێنە و دۆکیۆمێنتی تەواو سەرۆکایەتی پەرلەمانمان لە زێدەڕۆییەکانی کۆمپانیاکە و کێشەکانی پڕۆژەکە ئاگادار کردەوە، چاودێریی دۆسیەکەش دەکەین و پێویستە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە کۆمپانیاکە، ناشبێت ئەم نادادپەروەرییە بەسەر کۆمپانیاکەدا تێپەڕێ و مافی خەڵکیش بخورێت".

سەرچاوەیەک لە دەستەی وەبەرهێنان سەبارەت بە پڕۆژەکە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو زەوییە 25 دۆنمیەی لەنێو پڕۆژەی شاری زەیتوون بۆ دروستکردنی مۆڵ و مارکێت تەرخان کراوە، مۆڵەتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر وەرنەگرتووە، بەڵام نەخشەدانانی ئاوەدانی پەسەندی کردووە و ڕەزامەندی لەسەر داوە کە بکرێت بە 276 یەکەی نیشتەجێبوون، مامەڵەکەشی نێردراوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڵام تاوەکو ئێستا فەرمانی کۆتایی بۆ دەرنەچووە".

ئەو سەرچاوەیەی دەستەی وەبەرهێنان گوتیشی: "کۆمپانیاکە 37 خانووی دیکەشی بە زێدەڕۆیی لەنێو پڕۆژەکە دروست کردووە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر بە فەرمی ئاگادارکردنەوەی بۆ کۆمپانیاکە ناردووە

> **کۆمپانیاکە 37 خانووی دیکەشی بە زێدەڕۆیی دروستکردووە**
>
> دەستەی وەبەرهێنان

کە بەزووترین کات زێدەڕۆییەکان هەڵبگرێت، ئەگەرنا ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر".

ئێستا دۆسیەی پڕۆژەی شاری زەیتوون لە دەستەی دەستپاکییە. ئەو سەرچاوەیە دەڵێ: "بەشێک لە بەشداربووانی پڕۆژەکە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سکاڵایان لە دژی کۆمپانیاکە تۆمار کردووە و ئێستا دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان دۆسیەی بۆ هەموو کێشەکانی پڕۆژەکە کردووەتەوە و لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت".

گۆڕینی سایدپلانی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە وەبەرهێنان یەکێکە لە کێشە زەقەکان. دابان محەممەد، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی و سکاڵا لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "بڕوا ناکەم هیچ پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون کە لە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی پێدراوە، بەپێی یەکەم سایدپلان دروستکرابێت، هەموویان سایدپلانەکەیان گۆڕیوە".

دابان محەممەد گوتیشی: "گۆڕینی سایدپلان هەمووی لە بەرژەوەندی وەبەرهێنەر و خاوەن پڕۆژەکان بووە، بەشێک لە پڕۆژەکان لە سایدپلانی یەکەمیاندا زەوییەکی فراوانی نێو پڕۆژەکە بۆ خزمەتگوزارییەکانی وەک قوتابخانە، مزگەوت، سەوزایی و خزمەتگوزاری دادەنێن، بەڵام دوای گۆڕینی سایدپلانەکە کراوە بە یەکەی نیشتەجێبوون، بەمەش وەبەرهێنەر لەسەر حیسابی خەڵکە خۆی دەوڵەمەند دەکات".

لەبارەی کێشەی گۆڕینی سایدپلانی پڕۆژەکان، سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "سایدپلانێک کە پەسند بکرێت ناگۆڕدرێت، تەنیا بە ڕەزامەندی دەستەی وەبەرهێنان نەبێت، بەڵام بەشێک لە پڕۆژەکان کە کاتی خۆی مۆڵەتیان وەرگرتووە، سایدپلانی پەسەندکراویان نەبووە، ئەمەش بەشێکی بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەت بووە کە جددی نەبووە لەو مەسەلەیە، بەشێکیشی پەیوەندی بە یەکلانەبوونەوەی زەوییەکان و نەکوژاندنەوەیانەوە هەیە، چونکە دەستنیشانکردنی سنووری زەوییەکان لەڕێگەی نەخشەی کادیسترۆی بوو کە لە ئاسمانەوە گیراوە، بۆیە سایدپلانەکان کێشەیان تێدا هەبووە".

سامان عارەب گوتیشی: "بەڵام لە ساڵی 2014ـەوە کە من هاتوومەتە وەبەرهێنانی هەولێر، هیچ پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوونمان قبوڵ نەکردووە بەبێ پەسەندکردنی سایدپلان، ڕەزامەندی ژینگە، ئاوەدانکردنەوە، نەخشەدانانی ئاوەدانی، بەرگریی شارستانی و هەموو لایەنەکانی دیکە وەردەگیرن ئینجا پەسەندی دەکەین".

# کرێنشینانی سلێمانی 10 ساڵە چاوەڕێی دوو پڕۆژەی نیشتەجێبوونن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

زیاتر لە 10 ساڵە 1500 یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشینان لە سیتەک و زڕگوێز تەواوکراون، بەڵام بەهۆی دابیننەکردنی خزمەتگوزارییەوە بۆ پڕۆژەکە، دابەش ناکرێن. سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینان دەڵێت ترسیان هەیە یەکەکان بدرێنە خەڵکی دیکە.

بەرهەم سەردار قەرەداغی، سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕایگەیاند: "لە ساڵی 2011 بڕیاردرا ساڵانە 250 ملیار دینار بەپێی سیستەمێک دابنرێت بۆ ئەو پڕۆژانە، بەڵام بەهۆی هەندێک دەستتێوەردانی حیزبییەوە ڕاگیرا، دواتر قەیرانی دارایی هات و سیستەمەکە هەڵوەشایەوە. لە سلێمانی بڕیاری دروستکردنی 3620 یەکەی نیشتەجێبوون درا، بەڵام تەنیا 564 یەکەیان لە کەنەکەوە تەواوبوون، کە تا ئێستا تاکە پڕۆژەیە لە کوردستان کرێنشینان لێی سوودمەند بووبن".

> سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینان:
>
> **یەکەکانی هەردوو پڕۆژەی سیتەک و زرگوێز بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە دابەش ناکرێن**

بەرهەم قەرەداغی ئاماژە بە پڕۆژەی سیتەک و زڕگوێز دەدات کە بڕیار بوو بدرێتە کرێنشینان و گوتی: "لەو دوو پڕۆژەیە بڕیار بوو 1500 یەکەی نیشتەجێبوون بەسەر کرێنشیناندا دابەشبکرێ. 597 یەکە لە سیتەک و 903 یەکەش لە زڕگوێز، بەبێ پێشەکی و بە ماوەی 25 ساڵ پارەکەیان لێوەربگیرێ، لە ساڵی 2009ـوە یەکەکان تەواوکراون، بەڵام خزمەتگوزارییان بۆ دابین نەکراوە".

بە گوتەی سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینان تاوەکو ئێستا چەند جارێک هەوڵدراوە یەکەکان بدرێنە خەڵکی دیکە، بەڵام ئەوان نەیانهێشتووە. ئەو دەڵێت "لە سەرەتای 2015 بە لێشاو ئاوارەی عەرەب هاتنە هەرێمی کوردستان. حکومەتیش ڕێگەی پێدابوون خانوو و زەوی بکڕن، بۆیە هەوڵیاندا یەکەکان بە خەڵکی عەرەب بفرۆشن، بەڵام ئێمە نەمانهێشت".

لەبارەی تەواونەکردنی خزمەتگوزارییەکانیش، سەرۆکی کۆمەڵەکە گوتی: "کۆمپانیای نەبەز کە پڕۆژەکە جێبەجێ دەکات، دەڵێ حکومەت بودجەمان ناداتێ، حکومەتیش کۆمپانیاکە تۆمەتبار دەکات کە چەند سولفەیەکیان پێداون، بەڵام کاریان نەکردووە، ئێستا خەڵکەکە باجەکەی دەدەن، دواتر بەهۆی قەیرانی داراییەوە پڕۆژەکە بەتەواوەتی ڕاگیرا، بەڵام ماوەیەکە بە بڕیاری سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران دەست بە کار کراوەتەوە".

سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینان ترسی لەوە هەیە یەکەکان نەدرێنە کرێنشینان و دەڵێ: "ئێستا مەترسییەکی دیکە هەیە، ئەویش گۆڕینی ناوی ئەو کەسانەیە کە لە پڕۆژەکە سوودمەند دەبن، پێنج ساڵ لەمەوبەر لە دەستەی ئامار ناوەکان جیاکرانەوە و بڕیار بوو لەماوەی سێ مانگدا ناوەکان ڕابگەیەندرێن، بەڵام ڕانەگەیەنران".

بەڵام پارێزگاری سلێمانی، کرێنشینان دڵنیا دەکاتەوە کە ئەو یەکانە تەنیا بۆ ئەوان دەبێ. هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە لە هەنگاوی یەکەمدا مامەڵە لەگەڵ ئەو فۆرم و کەسانە دەکەین کە لە ڕابردوودا بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی ئیشی لەسەرکردوون، بەڵام ئەوانەی لەدوای 2013 سوودمەند بووبن یان ئاستی بژێوییان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێ و لانەیەکیان بۆ خۆیان دۆزیبێتەوە، ئەوە دەگۆڕێت بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان بە وەرگرتنی یەکەی نیشتەجێبوون هەیە".

لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 90 هەزار کرێنشین ئەندامی کۆمەڵەی کرێنشینانن و ناسنامەیان بۆ کراوە کە 30 هەزاریان لە سلێمانی و بەشێک لە قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری سلێمانین. بەرهەم قەرەداغی دەڵێ: "حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی بە 191 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون داوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پلانەوە هێشتا کێشەی نیشتەجێبوونی کرێنشینان وەکو خۆیەتی و چارەسەر نەکراوە".

کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان مژدەیەکی دیکەی بۆ کرێنشینان و خەڵکی کەمدەرامەت لە سلێمانی پێیە و سەرۆکەکەیان لەڕێی (رووداو)ـەوە ڕایدەگەیەنێت: "ئێستا لە هەوڵی دروستکردنی دوو پڕۆژەی تازەداین لە سلێمانی بۆ کرێنشین و کەمدەرامەتان. پڕۆژەکان ئاراستەی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان و دەستەی وەبەرهێنان کراون، لەگەڵ کۆمپانیایەک ڕێککەوتووین کە بە قیستی درێژخایەن و بە پارەی کەمتر لەوەی حکومەتیش بدرێت بە خەڵکی شایستە، چاوەڕوانین لە کابینەی نوێدا پشتیوانیمان بکەن و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە".

بەرهەم قەرەداغی ئامادەنییە باسی وردەکاری ئەو دوو پڕۆژەیە بکات، چونکە دەڵێ: "هەر پڕۆژەیەک بۆ کەسانی کەمدەرامەت لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت، بەربەستی بۆ دروست دەکرێت، بۆیە ترسمان هەیە لەو دوو پڕۆژەیەش بەربەستمان بۆ دروست بکەن، بۆیە وردەکارییەکەی باس ناکەین و کەی حکومەت ڕەزامەندی لەسەردا ئەوکاتە ڕایدەگەیەنین".

# ئەو خۆراکانەی دەم و ددان دەپارێزن



ڕووداو- 123 دێنتیست

دەم و ددان گرنگییەکی ئێجگار زۆریان هەیە، هەم لە ڕووی تەندروستییەوە هەمیش لە ڕووی جوانیی ڕوخسارەوە، بۆ تەندروست هێشتنەوەی دەم و ددانیش جگە لە پاکڕاگرتنیان، دەبێت گرنگی بەو خۆراکانەش بدرێت کە ڕۆڵیان هەیە لە پاراستنی دەم و ددان. ئەو خۆراکانەش بریتین لە:

### - پیاز:

تایبەتمەندیی دژە هەوکردنی هەیە و دەبێتە هۆی لەنێوچوونی بەکتریا زیانبەخشەکانی نێو دەم، بەمەش مەترسیی کلۆربوونی ددانەکان کەمدەبێتەوە، هەوڵبدە ڕۆژانە لەنێو خواردنەکانت بە تایبەتی زەڵاتە، پیاز هەبێ.

### - چای سەوز:

چای سەوز بە دژە ئۆکسێنەکان دەوڵەمەندە، بەمەش هەوکردن لە جەستەدا کەمدەکاتەوە. یەکێک لە ماددە دژەئۆکسێنەکان تێیدا ماددەی (کاتێچین)ە. ئەم ماددەیە هەوکردنی پووک کەمدەکاتەوە. ڕۆژانە خواردنەوەی کوپێک چای سەوز ڕۆڵی هەیە لە تەندروست هێشتنەوەی دەم و ددان.

### - سەرچاوەکانی ڤیتامین C:

بیبەر، شلیک، کیوی، ئەناناس و پرتەقاڵ بە ڕێژەیەکی زۆری ڤیتامین C دەوڵەمەندن، ئەم ڤیتامینە لە جەستەدا ڕۆڵی دژە ئۆکسێنی هەیە، بۆیە بە خواردنی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی دەتوانرێت ڕێگە لە نەخۆشکەوتنی پووک بگیرێت.

### - بەرهەمە شیرەمەنییەکان:

بەهۆی دەوڵەمەندییان بە کالیسیۆم، یارمەتی بەهێزبوونی ئێسک و ددانەکان دەدەن. ئەمانە ماددەی (کاسین)یان تێدایە کە ترشیی نێو دەم کەمدەکاتەوە و بەمشێوەیە بەکتریاکان لەنێودەچن، خواردنەوەی کوپێک شیر یان ماست گرنگە بۆ پاراستن و بەهێزبوونی ددانەکان.

### - ماسی:

جگە لەوەی ڕێژەیەکی زۆری ئۆمێگا سێی تێدایە کە بۆ جەستە بە گشتی پێویستە، بەڵکو ماسی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ڤیتامین Dیە، ئەم ڤیتامینەش بۆ پاراستنی ئێسکەکان و ددانەکان گرنگە.

# ئەو پێنج خۆراکەی دەبنە هۆی خەواڵوویی

ڕووداو- ناشناڵ سلیپ فاوندەیشن

بەشێکی خەڵکی تەنانەت دوای ئەوەی لە شەواندا 7-8 کاژێر دەخەون، بەڵام لە ڕۆژدا هەمیشە هەست بە بێهێزی و خەواڵوویی دەکەن. هەستکردن بە خەواڵوویی زۆر هۆکاری لە پشتەوەیە، یەکێک لە هۆکارەکان ڕەنگە خۆراک بێت، بۆیە بۆ ئەوەی لە ڕۆژدا هەست بە خەواڵوویی نەکەی، هەوڵبدە لە خواردنیان دووربیت و لە شەواندا زیاتر بیانخۆیت. ئەو خۆراکانەی دەبنە هۆی خەواڵوویی بریتین لە:

### - شیرەمەنییەکان:

شیرەمەنییەکان ڕێژەیەکی زۆری ماددەی (تریپتۆفان)یان تێدایە. ئەم ماددەیە کاردەکاتە سەر هۆرمۆنی (میلاتۆنین) و هانی خەوتن دەدات، بۆیە پزیشکان دەڵێن باشتر وایە لە شەواندا بەر لە خەوتن بەرهەمە شیرەمەنییەکان بخورێن بۆ ئەوەی هانی خەوێکی قووڵ بدەن.

### - بادەم و گوێز:

بەهۆی دەوڵەمەندییان بە (تریپتۆفان) هەستی خەواڵوویی دەبەخشن، هەروەها بەهۆی ئەوەی مەگنیسیۆمیان تێدایە یارمەتی خاوبوونەوەی ماسولکەکان دەدەن.

### - مۆز:

بە شەکر، پۆتاسیۆم و مەگنسیۆم دەوڵەمەندە. هەموو ئەوانەش ڕۆیشتنی ماددەی تریپتۆفان بۆ مێشک ئاسان دەکەن و ئەمەش دەبێتە هۆی خەواڵوویی.

### - برنج:

دوای 3-4 کاژێر لە خواردنی، مرۆڤ هەست بە خەواڵوویی دەکات، لە جۆرەکانی برنجیش پزیشکان دەڵێن برنجی سپی کاریگەرییەکەی زیاترە وەک لە برنجی بۆر.

### - ڕۆنی ماسی:

ڕۆنی ماسی بەگشتی و ماسی سەلەمون و توونا بەتایبەتی، هەندێک جۆری ترشە ئەمینییەکانیان تێدایە کە یارمەتی زیاتر دەردانی هۆرمۆنی میلاتۆنین دەدەن. ئەم ترشە ئەمینییانە ڕێژەی هۆرمۆنی گوشار لە خوێندا کەمدەکەنەوە، بۆیە دوای خواردنی ماسی، ڕاستەوخۆ هەست بە خەواڵوویی دەکەی.



# هەوکردنی گوێی ناوەڕاست لە منداڵاندا



گوێ، جگە لەوەی دەنگ وەردەگرێت و دەیناسێتەوە، ڕۆڵێکی گرنگیش لە هاوسەنگیی مرۆڤدا دەگێڕێت، گوێ لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە گوێی دەرەوە، گوێی ناوەڕاست و گوێی ناوەوە. هەوکردنی گوێی ناوەڕاست یەکێکە لە گرفتە بەربڵاوەکان لەنێو منداڵاندا کە تێیدا شلە کۆدەبنەوە و منداڵەکە هەست بە ئازار دەکات و لەگەڵیشیدا تووشی تا دەبێت. جگە لەو دوو نیشانە بەربڵاوانە، نیشانەکانی دیکەی ئەم هەوکردنە بریتین لە بێهێزی، تێکچوونی خەو، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و ڕشانەوە.

هۆکاری هەوکردنی گوێی ناوەڕاست دەکرێ بەکتریا یان ڤایرۆس بێت، بەڵام هەوکردنی ڤایرۆسی بەربڵاوترە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەستووربوونی جۆگەی ئۆستاکی (ئەم جۆگەیە گوێی ناوەڕاست بە گەرووەوە دەبەستێتەوە).

پزیشک بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە پشت بە ماوەی نەخۆشییەکە دەبەستێ، دواتر بە ئامێرێکی تایبەت کە پێی دەڵێن (ئۆتۆسکۆپ) گوێی منداڵەکە دەپشکنێ، بەم ئامێرە پزیشک دەتوانێ پەردەی گوێ ببینێت چونکە لە هەوکردنی گوێی ناوەڕاستدا پەردەی گوێ هەڵدەئاوسێ.

بەشێوەیەکی گشتی چارەسەری هەوکردنی گوێی ناوەڕاست پشت بە تەمەنی منداڵەکە و توندیی نەخۆشییەکە دەبەستێ، ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە شەش مانگ زیاترە و حاڵەتەکەیان توند نییە، دەرمانی دژە ئازاریان دەدرێتێ. ئەگەر دوای 48 کاژێر نیشانەکانی باشتر نەبوو، پزیشک دەرمانی دژە زیندە بە منداڵەکە دەدات.

ڕاپۆرتە پزیشکییەکان دەریدەخەن نزیکەی 75%ی منداڵان تووشی هەوکردنی گوێی ناوەڕاست دەبن و هەر بە هەستکردن بە نیشانەکانیشی باشتر وایە پزیشکی پسپۆڕی قوڕگ، لووت و گوێ منداڵەکە ببینێ.

# ئەو خووانەی زیان بە قژ دەگەیێنن

ڕووداو- برایت ساید

قژ یەکێکە لە نیشانەکانی جوانی بە تایبەت بۆ خانمان، بۆیە ئەوان بایەخێکی زیاتر بە قژیان دەدەن. بەشێکی زۆری ئەو زیانانەی بەر قژ دەکەون لە ئەنجامی ئەو کارە هەڵانەن کە ڕۆژانە دەیکەن. لەوانەش:



### - شامپۆ:

بەکارهێنانی شامپۆیەکی کواڵیتی نزم، یەکێکە لەو هۆکارانەی بەهۆیەوە زیان بە قژ دەگات، دەبێت شامپۆی قژ لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی پێست، بەپێی جۆری قژەکەت دیاری بکرێت.

### - زۆر شووشتنی قژ:

ئەو کەسانەی زوو زوو قژیان دەشۆن، زۆرتر تووشی هەڵوەرین و وشکبوونی قژ دەبن، بۆیە دەبێت هەفتانە لە دووجار زیاتر قژ نەشۆرێت، هەروەها لەکاتی شۆردنیشی پلەی گەرمیی ئاوەکە گونجاو بێت.

### - بۆیەکردن:

ئەو خانمانەی قژیان زۆر بۆیە دەکەن، زیاتر تووشی گرفتەکانی قژ دەبن، چونکە ئەو بۆیانە ماددەی کیمیایی جۆراوجۆریان تێدایە کە مەترسییان لەسەر پێستی سەر و قژ هەیە. باشتروایە بەر لە بۆیەکردن سپڕایەکی پاراستن لە قژ بدرێت.

### - خۆراکی نادروست:

خۆراکە نادروستەکان بڕێکی زۆر شەکر و چەوریی زیانبەخش و ڕێژەیەکی کەمی ڤیتامین و کانزا گرنگەکانیان تێدایە کە هەموو ئەوانەش کاردەکەنە سەر قژ، لەبری خۆراکە سوورەوەکراوەکان و شیرینییەکان ئەو خۆراکانە بخۆن کە بە زینک و کالیسیۆم دەوڵەمەندن وەک ئاڤۆکادۆ، ماسی، هێلکە و چەرەس.

### - تیشکی خۆر:

تیشکی سەروبنەوشەیی نەک تەنیا کاردەکاتە سەر پێست، بەڵکو زیانی بۆ قژیش هەیە، بۆ خۆپاراستن دەبێت کڵاو لەسەر بکرێت و دژەخۆری تایبەتیش بەکاربهێنرێ.

# چاو لە خانمانی ژاپۆن بکەن

ڕووداو- برایت ساید

ژنانی ژاپۆنی جوانییەکی تایبەتیان هەیە و هەمیشە گەنجتر لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەکەون و تەمەندرێژن، یەکێک لەو هۆکارانەی وادەکات هەمیشە گەنجتر و جوانتر دەربکەویت ڕێکیی لەشە، خانمانی ژاپۆنی بایەخێکی زۆر بە کێشی جەستەیان دەدەن، بۆیە زۆر بە کەمی خانمێکی ژاپۆنی قەڵەو دەبینیت، نهێنیی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە:

### - خۆراکی دروست:

بڕ و کواڵیتی خۆراک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕێکخستنی کێش، بەشێکی خەڵکی وا بیردەکەنەوە ژاپۆنییەکان تەنیا سووشی دەخۆن، بەڵام لەڕاستیدا خانمانی ژاپۆنی ڕژیمێکی خۆراکی هاوسەنگیان هەیە و هەریەکە لە سەوزە، خۆراکە دەریاییەکان، برنج و میوە لە ژەمەکانیاندا دەخۆن، لە خۆراکی سوورکراوە و شیرینی دووردەکەونەوە.

### - کولتووری خواردن:

جگە لە بڕ و جۆری خۆراک، شێوازی خواردن یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی یارمەتیدەرە لە ڕێکخستنی کێش، ژاپۆنییەکان بەوە ناسراون کە ژەمی بچووک هەڵدەبژێرن و شێوازی خواردنی ژەمەکانیشیان هێواشە، چونکە هێواش خواردنی خۆراکەکان، هۆکارە بۆ باشتر جوینیان و سەرئەنجام باشتربوونی پرۆسەی هەرسکردن.

### - برنج:

برنج خۆراکێکی سەرەکی ژاپۆنییەکانە، ئەوان لەبری نان برنج دەخۆن، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ بڕێکی خوێ و ڕۆنی تێبکرێت.

### - ژەمی بەیانیان:

لە ژاپۆن ژەمی بەیانیان بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و پشتگوێ ناخرێت، توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەوانەی ژەمی بەیانی دەخۆن مەترسیی قەڵەوبوونیان کەمترە، ئەمەش چونکە خواردنی ژەمی بەیانیان یارمەتی چالاکبوونی زیندەکردارەکانی جەستە دەدات و ڕێگە لە زۆرخۆری دەگرێت.





عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# گۆڕەبەکۆمەڵەکان بێننەوە، نەک ڕوفاتەکانی

ئەنفال لە ڕۆژگارێکی تەمومژاوی و هەلومەرجێکی دژوار، لە پەراوێزی جەنگێکی گەورە و لە پرۆسەیەکی خێرا و دوور لە چاوی میدیا بە شاراوەیی ئەنجامدرا. هەر بۆیە تا ئێستاش زۆرینەی ڕەهای مرۆڤایەتی لێی بێئاگان و کورد نەیتوانیوە سەرنجی مرۆڤایەتی بخاتە سەر و قەناعەت بەجیهان بهێنێت بۆ ئەو تاوانە. بەتایبەتیش لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا هێشتا زۆر زۆرن ئەوانەی پێیانوایە سەدام تاوانی کوشتنی ژن و منداڵی ئەنجام نەداوە.

ڕاپەڕینی ساڵی 1991 کە کەمتر لە سێ ساڵ دوای تاوانی ئەنفال هات، دەرفەتێک بوو بۆ کورد کە جیهان لەم تاوانە بەئاگابێنێ. بەڵام کورد هەموو ئەو بەڵگە و دۆکیۆمێنتانەی دەربارەی ئەم پرۆسەیە و کۆی تاوانەکانی تری سەدام بەردەستی کەوت، لەبری ئەوەی بەجیهاندا بڵاوی بکاتەوە، بەنهێنی گواستییەوە بۆ ئەمریکا و تا ئێستاش وێنەیان لێ بڵاونەکردەوە. بۆیە ئەو دەرفەتە ڕۆیی و هەنگاوەکانی ئاشناکردنی دونیا بەم کۆمەڵکوژییانە و ناسینی تاوانی ئەنفال ئەستەمتر بوو.

قۆناغی کەوتنی سەدام و هاتنەناوەوەی جیهان بۆ عێراق دەرگایەکی گەورەتری بەڕووی کورددا کردەوە بۆ ناساندنی ئەم تاوانە، ئەویش لەڕێگەی دەستبردن بوو بۆ گۆڕەبەکۆمەڵەکان. بەتایبەت کە بابەتی چەکی کۆکوژ لە عێراق بووە مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو، دەکرا پرسی گۆڕەبەکۆمەڵەکان وەک دەرئەنجامی کۆمەڵکوژی بکرێتە بابەتێک جیهانی نووستووی لێ بەئاگا بهێنرێتەوە. هەرچەندە ئەوکات لە ئیدارەی سلێمانی دوو تیم و لە هەولێر تیمێک پێکهێنران بۆ گەڕان بەدوای چارەنووسی ئەنفالکراوان و دۆزینەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، نزیکەی 300 گۆڕی بەکۆمەڵ دەستنیشان کران، بەڵام بەهۆی پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکان و پاشان دەرکردنی یاسای تایبەت بە پاراستنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، ئەم پرۆسەیە ڕاگیرا و بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرا و نەتوانرا ئەو ئامانجە بهێنرێتە دی کە تیمەکانی لەپێناودا دروستکران.

بەشێک لە ڕوفاتی ئەو گۆڕەبەکۆمەڵانەی وەک پێویستییەک بۆ کەیسی دادگا هەڵدرانەوە و لەچەند ناوچەیەکی تریش ژمارەیەکی کەمیان هێنرانەوە بۆ کوردستان و لە گەرمیان و چەمچەماڵ و لە بارزان لە مۆنیۆمێنتی تایبەت بەخاک سپێردرانەوە. بەڵام وەک هەر پرسێکی تری ئاسایی نەبووە مایەی ڕاکێشانی سەرنج و تەنانەت لە مۆنیۆمێنتەکانیش ئەو بایەخەیان پێنەدرا کە ببنە ئامرازێک بۆ خزمەتی ئەم کەیسە، لانیکەم کە هەر وەفدێک بهاتایەتە ئەم وڵاتە، سەرنجیان بۆی ڕاکێشرایە. بۆیە تا ئێستا بابەتی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی کورد لە عێراق وەک کەیسێکی پەراوێزخراو ماوەتەوە، لەکاتێکدا کورد دەیتوانی تەنها بەم پرسە بەئەندازەی هەموو ڕێگا و ئامرازەکانی تر، پرسی کوردی پێ ببردایەتە پێشەوە.

ماوەیەکە بەهۆی خراپیی ئەدای ئیداری و سیاسی، نادادپەروەری و نەبوونی خزمەتگوزاری، گەندەڵی و نەبوونی یاسا لە بەشێک لە پارێزگاکانی عێراق، ناڕەزایەتی خەڵک لە دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق گەیشتووەتە ئاستێک کە خەڵکانێک لە میدیاکانەوە خۆزگە بە دەسەڵاتی سەدام بخوازن. پێدەچێت لەبەر ئەم هۆکارەبێت کە دەسەڵاتدارانی عێراق کەوتوونەتە ورووژاندنی پرسی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و خستنەوەڕووی تاوانەکانی سەدام. لەم چوارچێوەیەدا هەواڵی دۆزینەوەی ژمارەیەک گۆڕی بەکۆمەڵیان لە پارێزگای سەماوە بڵاوکردەوە و ئیدارەی پارێزگاکە و دەسەڵاتدارانی بەغدا بەبایەخەوە بەرەوپیری ئەم هەواڵە چوون. لەکاتێکدا ئەم گۆڕەبەکۆمەڵانە لە ساڵی 2009 دۆزرابوونەوە و لە هەموو ئاستەکاندا دەسەڵاتدارانی بەغدا لێی ئاگادار بوون و فەرامۆشیان کردبوو.

دوور نییە بایەخپێدانی ئێستای بەغدا بەم پرسە ئەو ئامانجەی لە پشتەوە بێت بە گەلانی عێراق بڵێن ئەوە بەرهەمی ئەو دەسەڵاتەیە کە ئێوە خۆزگەی بۆ دەخوازن. نیەتی بەغدا هەرچییەک بێت لەم بابەتە، ورووژاندنەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بۆ کورد گرنگە. دەبێت ئیدارە و دەسەڵاتداریێتی کورد ئەمجارە بەنەخشە و پلانێکی وردتر و ئامانجدارترەوە بەرەوپیری ئەم دەرفەتە بڕوات و نابێت وەک قۆناغەکانی پێشتر لە دەستی بدات. لە ڕابردوودا نەمانتوانی بابەتی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بەنێودەوڵەتی بکەین کە دەکرا لە ڕێگەی میدیا و ناوەندە تایبەتمەندەکانی پرسی جینۆساید و تیمە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان ئەو ئامانجە بەدی بهێنین. هەروەک نەشمانتوانی لە مۆنیۆمێنتەکانیش بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ بکەین کە یارمەتیدەر بێت لە ناسین و خستەڕووی تاوانەکە. وەک پێشتر نەمانکرد، با ئێستا بەکەڵکوەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردوو، ڕێگا دروستەکە بگرینە بەر.

یەکێک لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان لەلایەن تیمی خۆماڵی هەڵدرانەوە و دوای کۆتایی پرۆسەکە دەرکەوت هێشتا ئێسک و پروسک و فیشەک و قەوان و زەنگیانەی ملی منداڵە کوژراوەکان لەناو خاک و خۆڵ مابوونەوە، پێویستە بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ بکرایە هەموو بەڵگەکان بپارێزرێن. تازە زەمەن ناگەڕێتەوە، بەڵام دەکرێت بۆ ئەو گۆڕانەی تر کە ماون و بڕیار وایە بەهەمان شێواز و پرۆسە هەڵبدرێنەوە، هەڵوەستەیەکی لەئاستدا بکەین و بیر لەوە بکەینەوە کە دەکرێت ئەم پرۆسەیە بەو جۆرانەی پێشتر نەڕوات. دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین ئایا بە دەرهێنانەوەی ڕوفاتەکان لەناو گۆڕی بەکۆمەڵ، واتا دەرهێنانی لە ژێر خاک و جارێکی تر ژێرخاک خستنەوەیان چ خزمەتێک بە پرسی ناساندنی ئەنفال دەکەین؟

ئەگەر تەماشای ئەو وێنە و ڤیدیۆیانە بکەین کە لە ساتی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان دەرکەوتوون، باوەش بەیەکداکردنی ژن و منداڵ و لە ئامێزگرتن و بەسەریەکدا ڕۆح دەرچوونی ئەندامانی خێزانەکان، دیمەنی زۆر سەرنجڕاکێشن. بەڵام کە تۆ لە پرۆسەیەکدا ئەم ئێسک و پروسکانە لەیەک جیادەکەیتەوە و لەتابووتدا دەیاننێژیت، ئەو دیمەنانەی پێویستە هەموو جیهان بیانبینێ تۆ دەیانشاریتەوە. هیچ کتێب و وێنە و فیلم و جلوبەرگ و بەڵگەیەک بەو ئەندازیە خزمەت ناکات کە خەڵک بە چاوی خۆی دیمەنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان ببینێ. ئەنفال بەشاراوەیی ئەنجامدرا، ژن و منداڵەکان بەدزیی چاوی دونیاوە کۆمەڵکوژکران، پێویستە ئێمە بۆ هەمیشە بەکراوەیی و بەئاشکرا بیانهێڵینەوە. دەبێت گۆڕەبەکۆمەڵەکان بهێنینەوە نەک ڕوفاتەکان. ئەمڕۆ لە دونیادا کۆمپانیای جۆراوجۆر هەن بۆ هەموو بوارەکان، دەتوانرێت کەڵک لە تەکنەلۆژیا وەربگیرێت، بێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێبگات گۆڕەبەکۆمەڵەکان وەک خۆی بە خاکەوە بگوازرێنەوە بۆ کوردستان و پێویستە لە هەریەک لە مۆنیۆمێنتەکان لە گەرمیان و لە چەمچەماڵ و لە بارزان و لە هەولێر لانیکەم گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە شووشەبەند دابنرێت، حسابی ئەوە بکرێت بە تیشکی خۆر و بەهۆی سەرما و گەرماوە تێکنەچن. دەبێ بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ گۆڕەبەکۆمەڵەکان بکرێت تا هەر کەس دەچێتە سەردانی، دیمەنی کوشتنەکان وەک خۆی ببینێ.

ساڵانی شەڕی داعش هەرێمی کوردستان بوو بە ترافیکی سیاسی، ڕۆژانە وەفدی جیاجیای وڵاتان دەهاتنە کوردستان، چەند گرنگ بوو لە هەولێری پایتەخت مۆنیۆمێنتێکی تایبەت بە جینۆساید هەبووایە و گۆڕێکی بەکۆمەڵی ژن و منداڵەکان لەوێ دابنرایە و میوانەکان تاجە گوڵینەیان بخستایەتە سەر. ئەمە یارمەتیدەرێکی باش دەبوو بۆ ناسینی ئەنفال، هەروەها ئەو ڕێگا درێژەی کورت دەکردەوە کە پێویستە کورد بۆ بەجینۆسایدناسینی ئەم تاوانانە لە داهاتوودا بیگرێتە بەر.



سیروان ڕەحیم

# بەچۆکداهاتن و هەستانەوە

یەکی ئەیلوول هەشتا ساڵ بەسەر شەڕی دووەمی جیهانیدا تێپەڕی.

شەڕێک کە پێنج ساڵ بەردەوام بوو، نزیکەی شەست دەوڵەت، 110 ملیۆن چەکدار تێیدا بەشدار بوون، ئەنجامیش برکوژانێکی گەورە و لەبیرنەکراو: کوژرانی زۆرتر لە شەست ملیۆن مرۆڤ و کاولکردنی بەشێکی فراوانی ئەم ئەستێرە گیرۆدەیەی دەستی مرۆڤ.

لەو شەڕەدا بەشێکی زۆر لەماڵوێرانی بەر وەڵاتانی ئەوروپا کەوت، بەڵام ئەوروپا پاش ئەو پشتشکاندنەیش هەستایەوە سەرپێ. ئایا ئەوروپا چۆن هەستایەوە سەرپێ؟

***

فرانک ـ ڤاڵتەر شتاینمایەر، سەرۆکی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا، ڕۆژی 2019/9/1 لە شاری وارشۆی پۆڵۆنیا بە زمانی پۆڵۆنی و ئەڵمانی داوای لێبوردنی کرد و گوتی: ئەو شەڕە تاوانێک بوو هی ئەڵمانیا.

ئەوە یەکەمجار نییە لە وارشۆ، بەرپرسی گەورە یان ژمارە یەکی کۆماری ئەڵمانیا داوای لێبوردن دەکات.

پێشتر ڕۆژی 1970/12/7 سەرۆکوەزیرانی ـ ئەودەمی ـ ئەڵمانیا ڤیلی براند لە وارشۆ بەرانبەر بە قوربانیانی دەستی نازی بەچۆکدا هات. دیمەنی بەچۆکداهاتنی براند یەکێکە لە ڕووداوە سیاسییە گرنگەکانی ئەوروپا و جیهان. لێبوردن خواستنی بەردەوامی بەرپرسان و دیپلۆماتکارانی پلە یەکی ئەڵمانی لە پۆڵۆنیا و لە هەموو ئەوانی تر کە ئاگری شەڕ سووتاندنی یان پریشکیان بەرکەوت، هۆکاری هەستانەوەیە. بەچۆکداهاتنی لەو چەشنە، لەو "بەچۆکداهاتنانەن" پێکەوەژیان دەستەبەر دەکەن و پێکەوەهەڵکردن لە خەیاڵەوە دەکەن بە کاری کردە. نەک هزری تۆڵەسەندن یان خۆگێلکردن بەرانبەر بە تاوانکاری و داننەنان بەتاواندا، وەکو لە زۆر شوێنی ڕۆژهەڵات یان وردتر لەو ناوچەیەی ئێمە دەیبینین و دەژین.

***

بەرەبەیانی یەکی مانگی نۆی ساڵی 1939 هێزەکانی سوپای ئەڵمانیا بە فەرمانی هیتلەر، هەڵیانکوتایە سەر پۆڵۆنیای دراوسێ. لە هێرشێکدا، کە هیتلەر و هاوکارانی دەیانویست "بروسکەئاسا و ماڵوێرانکار" بێت، سەرەتا وەڵاتی پۆڵۆنیایان هاڕی، بەرهەمی شەڕیش تەنها لە پۆڵۆنیا کوژرانی شەش ملیۆن مرۆڤ بوو.

هەشتا ساڵ بەسەرهەڵگیرسانی شەڕدا تێپەڕ بوو، ئەوروپا وێران بوو، بەڵام لێبوردەیی و بەچۆکداهاتن بەرانبەر بە قوربانیان ئەوروپای هەستاندەوە. ئەوروپا کاری بە بنەمای "تۆڵەسەندنەوە"، یان کوشتن بەرانبەر بە کوشتن یاخود هێرش بەرانبەر بە هێرش نەکرد. بەڵکو لێبوردەیی و دەستپێکی نوێی کردە بنەمای کار و پێکەوەژیان.

بەرهەمی لێبوردەیی زۆرن لە ئەوروپا، گرنگترینیان جووڵە و هاتوچۆیە، تۆ دەتوانیت لەمسەری ئەو سەرزەوینەوە بۆ ئەوسەری گەشت بکەی، بجووڵێی، بێیت و بچیت، بێ کێشە و لە ئامێزی ئارامی و دڵنیاییدا.

***

ئایا لەو ناوچەیەی ئێمەیش کەی ئەو هزرە، ئەو قەناعەت و ئەو باوەڕە دروست دەبێت کە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بێن و داوای لێبوردن لە کوشتنی مرۆڤەکان بکەن، بە چۆکدا بێن و دان بە داگیرکاری و بە پرۆسەکانی تواندنەوە و بە تاوانەکاندا بنێن؟

بێن و بە کوردی، بە ئەرمەنی دان بە تاوانەکاندا بنێن و داوای لێبوردن بکەن. بێن و لە ڕیتوالی ئێزیدی، کاکەیی و عەلەوییاندا، بەچۆکدا بێن و بڵێن: "با کەس خۆی نەخاپێنێت، لێرە کورد و ئەرمەن و عەلەوی بەکۆمەڵ و بەشێوەی سیستەماتیک لەنێوبران". بێن و بڵێن: "بەناوی شتە پیرۆزەکانەوە خاکی میللەتانمان داگیر کرد و مرۆڤەکانمان ئەنفال کرد". ئێستا ئەو کار و ئەو بوێرییە نائامادەیە، ئەوەیشی باسی بکات سەردەستەکان غەزەبی لێدەگرن. بۆیە ناوچەکە لە کەوتن و لە نسکۆی بەردەوامدایە. کەوتنێک دیار نییە کەی وزەی هەستانەوەی دێتەوە بەر.

نە چەک و نەشەڕ، ئەو ناوچەیە و هیچ شوێن و سەرزەوینێک ناپارێزێت، نە کڕینی فڕۆکەی هەرە مۆدێرن و نە مووشەکە زەبەلاحەکان ناتوانن ببن بە سەرچاوەی ئارامی و دڵنیایی. تەنها ئەو لێبوردەیی و دانپێدانانەیە ناوچەکە لەم جەنگەڵستانەوە بەرەو کەناری شارستانی دەبات.

ئێستایش کەس نییە ئەمە بکات، نها ئەمە خەیاڵە، خەیاڵێکی ڕووت و تەنها. هیچ دەسەڵاتدار و هیچ لایەک نییە هەڵگری ئەو فەرهەنگە بێت کە لە دەروونیدا هەڵگری پەیڤ و دەستەواژە و کەرەستەی لێبوردن بێت.

ئاخر داوای لێبوردن و بەچۆکداهاتن گەورەیی دەوێت، گەورەیی لە هەرە ئاستی باڵای خۆیدا. ئەڵمانەکان دەزانن داخوازیی لێبوردن و ئەو بەچۆکداهاتنە چ سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن. لەبەرئەوەیش گەورەیی، دنیابینی و ئاوەزیان لە ئاستی پێویستدایە، دەتوانن بۆ هەستانەوە و بەپێوەڕاگرتنی خۆیان و ئەوروپا بەچۆکدا بێن و داوای لێبوردن بکەن.

بەڵام لە ڕۆژهەڵات هەموو هەوڵ و تەقەلاکان لە لای دەسەڵاتدارانی بەردەوام برسی بۆ هێز و هەژموونی زۆرتر، بۆ ئەوەن مووشەک و جبەخانەی زۆرتر وەدەست بخەن، بۆ چی؟ بۆ چۆکشکاندنی دەوروبەر و چۆکشکاندنی میللەتەکانی خۆیان و پاشانیش چۆکشکاندنی خۆیان.

***

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی ڕابوونەوەی ئەوروپا، بەخشین و لێبوردەیی بوو، بەخشین و لێبوردەیی بەشێوەیەکی کردەیی و لە دڵەوە، بێ هیچ فرتوفێڵێک، بێ هیچ جۆرە خاپاندنێک، نە خۆخاپاندن و نە ئەوانی تر لەو بوارەدا.

سەقامگیری، پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن بە کڕینی مووشەک و دروستکردنی جبەخانە دەستەبەر نابێت، تەنها بە لێبوردەیی و یەکترپەسەندکردن دەبێت. ئەمەیش مخابن لە ئاوەزی دەسەڵاتداری ڕۆژهەڵاتدا نییە!



ئازاد وەڵەدبەگی

# سەرژمێری بە تامی تەعریب

بەپێی بەندی 110/ بڕگەی نۆیەم لە دەستووری عێراق، ئامار و سەرژمێری گشتیی دانیشتووان بە یەکێک لە دەسەڵاتە پاوانکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی دادەنرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، حکومەتی فیدراڵی بڕیاریداوە لە مانگی ئۆکتۆبەری 2020 سەرژمێریی گشتی بۆ دانیشتووان و خانووبەرە لەژێر دروشمی سەرژمێری بۆ گەشەپێدان لە سەرانسەری عێراقدا بەڕێوە بچێت. لە ساڵی 1987ەوە تاکوو ئێستا کە دەکاتە 33 ساڵ، هیچ سەرژمێرییەکی گشتگیر و ورد و دروست لە عێراقدا نەکراوە، کە دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ دۆخی نائارام و ناسەقامگیری عێراق دەگەڕێتەوە لەم ساڵانەدا. ئەم سەرژمێرییەی ئێستا لەژێر تیشکی یاسای سەرژمێری گشتیی دانیشتووان و خانووبەرە ژمارە (40)ی ساڵی 2008 بەڕێوە دەچێت و سەرەتا بڕیار بوو لە ساڵی-2009 2010 ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوکات دۆخی ناسەقامگیری عێراق بووە بیانوو بۆ دواخستنی. بەڵام بە دووریش نازانرێت باڵادەستیی کورد لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەو سەردەمە یەکێک لە هۆکارەکانی دواخستنی سەرژمێری بووبێت.

بەپێی یاسای ئاماژە بۆکراو، سەرژمێری بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییەکانی تایبەت بە دانیشتووان. ئامارەکان بریتین لە هەموو ژمارە و زانیارییەکانی تایبەت بە لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری و تەندروستیی دانیشتووان کە زانیارییەکانی خوێندن، ئاستی بژێوی، نەتەوە، ئایین و شوێنی دانیشتن و زانیارییەکانی تر لەخۆدەگرێت.

هەرچەندە پرۆسەی سەرژمێری لە بنەڕەتدا کارێکی تەکنیکی و زانستییە و دەبێ بەپێی پێوەر و بنەما زانستی و نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی وەدەستهێنانی زانیارییە پێویستە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنیرییەکان و هتد، ئەنجام بدرێت و بەرچاوڕوونی بداتە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی داڕشتنی پلانی گەشەپێدانی گشتگیری وڵات، بەڵام لە وڵاتێکدا کە هەموو شتێک تام و بۆنی سیاسەتی گرتووە و بە سیاسی کراوە، بڕیاری سەرژمێری لەم دۆخە ناسەقامگیرەی عێراقدا ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، کە ئەمەش جۆرێک لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی لای کورد دروست کردووە. ڕێکخراوی UNFPA کە وەک لایەنێکی ڕاوێژکاریی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق کار دەکات، یەکێک لە مەرجەکانی سەرکەوتنی سەرژمێریی گشتی دەبەستێتەوە بە فەراهەمبوونی دۆخێکی ئارام و ئاسایی و سەقامگیریی سیاسی لە وڵات.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، لە دۆخێکی ناسەقامگیر و نائارامی لەم جۆرە کە لە بەشێک لە ناوچەکانی عێراق و بە تایبەت لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا هەیە و، بە سەرنجدان لە دۆخی کورد لەو ناوچانە پاش 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و ئاوارەبوونی بەشێک لە دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچانە و باڵادەستی سیاسی- سەربازیی عەرەب لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، ئایا ئەنجامدانی سەرژمێری لەو ناوچانە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئایندەی کورد نابێت لەو ناوچانەدا؟

ئایا ئەنجامەکانی ئەم سەرژمێرییە گرفت لەبەردەم چارەسەری دادپەروەرانەی کێشەی کورد دروست ناکات لە عێراقدا؟ ئەگەر سەرنج بدەین، لە گفتوگۆ و پرسە سیاسی- یاساییەکاندا لە عێراق، کورد بەردەوام پشت بە سەرژمێریی ساڵی 1957 دەبەستێ کە بە یەکێک لە سەرژمێرییە دروست و زانستییەکان بە دوور لە کاریگەریی سیاسەت دادەنرێت لەم وڵاتەدا. بە ئەنجامدانی سەرژمێری ساڵی 2020 ئیدی سەرژمێریی ساڵی 1957 بەهای خۆی لەدەست دەدات و دوا سەرژمێری دەبێتە پێوەر و بنەما لە هەر بڕیارێکی حکومەتی فیدراڵی و، دوور نییە تای تەرازوو لەو ناوچانە بە قازانجی لایەنی عەرەبی گۆڕانی بەسەردا بێت. چ گەرەنتییەک هەیە کە ئەو سەرژمێرییە بە شێوەیەکی دروست و پیشەیی و دوور لە کاریگەریی لایەنە باڵادەستە سیاسی و سەربازییەکان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئەنجام دەدرێت؟ لە دۆخی ناسەقامگیری ئەو ناوچانەدا پرۆسەی سەرژمێری تا چەند دەتوانێ سەرکەوتوو بێت؟

لەلایەکی ترەوە، یەکێک لە نیگەرانییەکانی کورد لە بابەتی سەرژمێری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە دەرکەوتنی ڕێژەی ڕاستەقینەی کورد، پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق کەم ببێتەوە. هەروەک دەزانین پێشتر ڕێککەوتنێکی نەنووسراو لەنێوان لایەنە عەرەبی و کوردییەکان هەبووە کە هەتا سەرژمێری گشتیی دانیشتووان پشکی کورد لە بودجەی عێراق 17% بێت، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لە ساڵی 2014 بەدواوە پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق بە 12.67% دانراوە و ئیدی ئەستەمە جارێکی تر ڕێژەی 17% بگەڕێتەوە، تەنیا ئەگەر لە سەرژمێری دەربکەوێت کە ژمارەی دانیشتووانی هەرێم دەگاتە 17% ئەوکات دەکرێت کورد پێداگری لەسەر 17% لە بودجەی عێراق بکاتەوە. پێموایە ئەم نیگەرانییە لە جێی خۆیدا نییە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو ڕێژەیە بە کردەوە نەماوە، جگە لەوەش ئەگەر لە سەرژمێری ساڵی 2020 ڕێژەی ڕاستەقینەی کورد دەربکەوێت، پێداگری لەسەر 17% شتێکی یاسایی و لۆژیکی نییە و کورد هەر لە سەرەتاوە دەچێتە ناو جەنگێکی دۆڕاوەوە.

بە سەرنجدان لەوەی کە پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان و خانووبەرە لە عێراق بە دوور لە ڕەهەندی زانستی و تەکنیکی دەتوانێ ڕەهەندێکی سیاسیشی هەبێت، واباشە ئەم پرسە بخرێتە ناو چوارچێوەی گفتوگۆکانی بەغدا+ هەولێر و ڕێگەچارەیەکی دروست و گونجاو دابنرێت بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، کە ئەویش بریتییە لە ئاساییکردنەوەی خێرا و بە پەلەی دۆخی ئەو ناوچانە و تەنانەت ناوچە نائارامەکانی تری عێراق بۆ ئەوەی هەم ئاوارە کوردەکان بتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و، هەم ئاوارە عەرەبەکانیش لەو ناوچانە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، هەتا کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەکە نەبێت. لە ئەگەری ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە، دەکرێت کورد پلانی B هەبێت و هەوڵی دواخستن یا بایکۆتکردنی پرۆسەکە بدات، هەتا دەرفەتی لەبار دەڕەخسێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



دەیڤید ڕۆمانۆ*

# هەنگاوە ئەرێنییەکەی حکومەتی هەرێم

هەفتەی رابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوردەکردنی تەماتەی قەدەغە کرد. وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستانیش رایگەیاند کە هاوردەکردنی پەتاتە قەدەغە دەکات و ئەو بڕیارە لە رۆژی 10ی ئەیلوولەوە کاری پێدەکرێ.

ئەو بڕیارانە بۆ پشتگیریی ژمارەیەکی زۆری بەرهەمهێنەرانی خۆماڵییە لە بەرامبەر بەرهەمهێنەرانی تورکیا و ئێران. بەم دواییە، نرخی تەماتە بە تایبەتی ئەوەندە دابەزیبوو کە لە کۆمەڵێک ڤیدیۆدا بەرهەمهێنەرانی نێوخۆیی بە تووڕەییەوە بەرهەمەکانی خۆیان فڕێدەدا. ئەم دیمانە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە، هەر ئەوەش وای لە حکومەت کرد هەست بکات پێویستە هەنگاوێک بنێ.

راستە راگرتنی هاوردە و سەپاندنی تەعریفەی گومرگی لەسەر ئەو کاڵایانەی بەرهەمهێنەرانی نێوخۆیی و دەرەکیی کێبڕکێیان لەسەری هەیە نرخی ئەو بەرهەمانە لەسەر بەکارهێنەری هەرێمی کوردستان زیاد دەکات، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی پێویست و چاک لەم بارەوە پەیڕەو دەکات. ئۆتۆنۆمی هەر ئۆتۆنۆمیی سیاسی نییە. زۆر کەس رۆژانی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستانیان لە 2017 لە یادە، کاتێک ئێران سنوورەکانی خۆی لەسەر هەرێمی کوردستان داخست. رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیاش، هەڕەشەی گرتنەوەی "بۆڕی نەوت" و داخستنی سنوورەکانی لە هەولێر دەکرد.

دابەزینی نرخەکانی نەوت لە 2014 و ئەو قەیرانە داراییەی بەدوایدا هات، بیری سەرکردە و دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی خستەوە کە پێویستە ئابووریی کوردستان فرەجۆر بێ. توێژینەوەکان لەبارەی ئەو ئابوورییانەی پشت بە سەرچاوە سروشتییەکان دەبەستن، وا دەردەخەن دیموکراسی لەو وڵاتانەدا باشتر گەشە دەکات کە ئابوورییەکەیان بە تەواوەتی لە ژێر هەژموونی داهاتی نەوتدا نییە.

سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان لە مێژە بەوەیان زانیوە، بە لایەنی کەمەوە ئەوە 15 ساڵە باسی زیندووکردنەوەی کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام تەحەداکان و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی رابردوو رێگر بوون. سەردەمانێک هەرێمی کوردستان سەوەتەی نانی عێراق بوو، بەڵام کەرتی کشتوکاڵی کوردستان لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو وێران بوو.

هەشتاکان جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقی بە خۆوە بینی و بەشێکی بەرچاوی ئەو جەنگە کوردستانی گرتەوە. لە ساڵانی کۆتایی جەنگەکە، رژێمی سەدام حوسێن هەڵمەتی ئەنفالی لە دژی کورد دەستپێکرد، کە تێیدا ناوچەیەکی بەرچاوی کوردستان و خەڵکی کورد و ناوچە گوندییەکانی پاکتاو کرد. بەم هۆیەوە، نزیکەی چوار هەزار گوند لەو هەڵمەتەی رژێمی پێشوودا وێران بوون.

ئەگەر ئەمە بەس نەبووبێ، ئەوە پرۆگرامی "نەوت بەرامبەر خۆراک"ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 1995، بزماری دیکەی لە دارەمەیتی کەرتی کشتوکاڵی کوردستان دا. ئەگەرچی پرۆگرامەکە نیازپاکانە بوو - واتە بەکارهێنانی داهاتی نەوت بۆ دابینکردنی خۆراکی رۆژانە بۆ هەموو کەسێک -، بەڵام ئەو خۆراکە "بە خۆڕایی"یە لە ناوخۆ بەرهەم نەدەهات. لەبەر ئەوەی هەموو کەسێک لە عێراق لە رێگەی ئەو پرۆگرامەوە هێلکە، پەنیر و نان و کەلوپەلی دیکەی تورکی، ئەورووپی و ئەمریکییان بەدەست دەگەیشت، فرۆشی بەرهەمی کشتوکاڵیی خۆماڵی داتەپی.

بووژاندنەوەی کشتوکاڵی کوردستان لە پاش ئەو گورزە سەختانەی بەر ئەو کەرتە کەوتووە، پێویستی بە پێداگری و هەوڵێکی ورد هەیە. رووداوەکانی هەشتاکان و نەوەدەکان بوونە هۆی لێشاوێکی بەرچاوی کۆچ لە ناوچە گوندییەکانەوە بەرەو شار، ئێستاش ئاسان نییە ئەو خەڵکە وەها لێبکرێ بگەڕێنەوە ناوچە گوندییەکان، لە کاتێکدا وەبەرهێنانی حکومەت لە کۆمەڵگە کشتوکاڵی و گوندییەکان لە ئاستی پێویستدا نییە. ئەو خەڵکە کەمەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە گوندەکانیان، هەتا ئێستا کارەبا و خزمەتگوزارییەکانی دیکەیان نییە. ئەگەر وەبەرهێنانی زیاتر لە ئاودێری و تەکنیکەکانی کشتوکاڵدا نەکرێ، ئەوە جووتیارانی نێوخۆیی ناتوانن بە رکابەرە تورکی و ئێرانییەکانیان بگەنەوە.

ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک هەنگاوی لەم بوارەدا ناوە، بەڵام ئەو هەوڵانە کەموکوڕییان تێدایە، بە تایبەتیش دوای قەیرانی بودجە لە 2014، شەڕی دژی داعش و بارگرانیی لێشاوی ئاوارە و کۆچبەران کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ناچار کرد فۆکەسی لەسەر ئەو پرسانە بێ. بەپێی توێژینەوەیەکی ناوەندی توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە زانکۆی لوندی سویدی، وێنەکانی مانگی دەستکرد دەریدەخەن کە بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان لە ساڵی 2000 بەدواوە بە بەردەوامی روو لە دابەزین بووە. کەواتە ئەوە هەواڵێکی خۆشە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر ئەوەی دۆخەکە پێچەوانە بکاتەوە وجارێکی دیکە کوردستان بکاتەوە بە سەوەتەی نان. وڵاتانی دیکە، لەوانەش ئیسرائیل شارەزایی لە ئاودێریی دڵۆپە هەیە، دەتوانن لە رێگەی لێزانی خۆیانەوە یارمەتی بەرەنگاربوونەوەی تەحەداکانی بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بدەن. وەبەرهێنانی راستەقینە لە ژێرخانی ناوچە گوندییەکان (لەوانەش قوتابخانەکان، رێگاوبان، ئینتەرنێت و کارەبای گوندەکان) دەبێ وەک بەشێک لە پلانەکە بمێننەوە. دامەزراندنی بنکەکانی پێگەیاندنی بەرهەمە نێوخۆییەکانیش دەتوانێ بەهای ئەو کەرتە زیاتر بکات و بەشێک لە کێشەی بێکاری لە ناوچە شارییەکان چارەسەر بکات. قەرزی کشتوکاڵی و پشتیوانی بۆ کڕینی تۆو، دابینکردنی تراکتۆر و کەرەستە پێویستەکانی دیکەش دەتوانێ یارمەتیدەر بێ.

لە کۆتاییدا، کۆنترۆڵکردنی هاوردەی ئەو کەلوپەلانەی کە رکابەرییان لەسەرە، دەتوانێ رۆڵێکی سەرەکی لە ژیاندنەوەی کشتوکاڵی کوردستاندا بگێڕێ، نموونەی ئەوەش بڕیارەکەی هەفتەی رابردووە. هەڵبەت نابێ کۆنترۆڵی هاوردە و دانانی تەعریفە هەمیشەیی بێ، بەڵکو وەک چۆن کۆریای باشوور، تایوان و زۆر وڵاتی دیکە کەرتە ئابوورییە نێوخۆییە دڵخوازەکانی خۆیان دامەزراند، بە هەمانشێوە لە کوردستانیش دەبێ بەربەستە بازرگانی و تەعریفەکان بەکاربهێنرێ بۆ ئەوەی بەرهەمهێنەرانی نێوخۆیی کاتی پێویستیان لەبەر دەست بێ تاوەکو ئەوانیش بگەنە ئەو ئاستەی رکابەرییان پێ بکرێ. هەڵبەت دەبێ سەقف و ئامانج بۆ جووتیاران دیاری بکرێ و خشتەیەکی کاتیشیان بۆ دابنرێ تاوەکو دیار بێ ئەوان بۆ چ ماوەیەک دەتوانن چاوەڕێی کۆنترۆڵی هاوردە لە حکومەت بکەن.

ئەگەر حکومەت ستراتیژێکی فرەلایەنی هەبێ، ئەوە کەرتی کشتوکاڵی کوردستان چانسی ململانێی هەیە، نەک هەر بۆ ئەوەی پێویستییەکانی بازاڕی نیوخۆ دابین بکات، بەڵکو بۆ ئەوەش کە هەندێک لە بەرهەمەکانی هەناردەی دەرەوە بکات.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شیش و کەبابەکانی عێراق

لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروستکراوە، هیچ سەرۆکوەزیرانێکی هێندەی عادل عەبدولمەهدی بە باشی باسی نەکرابوو، کەچی لەسەر ئەویش هانی هانی دروستبووە. بەتایبەتیش کە دەگوترێت لە سەردەمی ئەودا هیچ کێشەیەکی عێراق چارەسەرنەکراوە و هەموویانی هەڵپەساردووە، خەریکە ئەو دەنگانە بەرز دەبنەوە کە دەڵێن کاتی گۆڕینی هاتووە. بەڵام دوو پرسیار پێویستیان بە وەڵامە: یەکەم، کاتەکە گونجاوە بۆ گۆڕینی و دووەمیش، ئەگەر گۆڕدرا، کێ جێگەی دەگرێتەوە؟

لە بەغدا پێیدەڵێن زۆر نەرمە بەرامبەر کوردستان. دەڵێن بۆ رازیکردنی دڵی بارزانی هیچ گوشارێک ناکات و لەبەرامبەریشدا هەولێر پابەند نییە بەو رێککەوتنەی لەگەڵی هەیەتی. خەڵکی بەسرە دەڵێن هیچیەک لەو کێشانەی هەیانە و بەهۆیەوە رژانە سەرشەقام، چارەسەری نەکردوون و تەنیا خەڵکەکەی بە قسەی خۆش سڕکردووە. ئاراستە زۆر ئێرانی و توندەکەی نێو حەشدی شەعبی دەڵێن ئیسرائیل بە چاوساخیی ئەمریکا سەرووەریی ئاسمانی عێراقی پێشێل کرد و حەشدی شەعبیی کردە ئامانج، کەچی تاوەکو ئێستا عادل عەبدولمەهدی لێدوانێکی توندی لەوبارەیەوە نەداوە و لە میدیادا تەنیا دەڵێت "لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن"! ئەوانەی دۆستی ئەمریکان، دەڵێن مەهدی موهەندیس رۆژانە خەریکی کەمکردنەوەی رۆڵی عەبدولمەهدییە وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق و هەوڵدەدات حەشد لەژێر فەرماندەیی ئەو دەربهێنێت. بەکورتییەکەی بە چاویلکەی هەریەک لە ئاراستە دژبەیەکەکانی عێراق سەیری بکەیت، هەموویان شتێکی ئەو پیاوەیان بەدڵ نییە.

وەک دەزانین عەبدولمەهدی سەرۆکی حیزبێک یان ئاراستەیەکی سیاسی نییە لە عێراق و هیچ کورسییەکیشی لە پەرلەمان نییە. پیاوێکە، هەرچەندە بۆ دروستکردنی تەوافوق لەنێوان شیعەکان و رێگەگرتن لە پەرتەوازەتربوونی نێومالّیان دانرا، بەڵام هەر ئەو کەسەشە کە وایکردووە سەرۆک بارزانی (واتە کوردستان) لە قۆناخی پۆست گشتپرسییەوە بەهێزەوە بگەڕێتەوە بەغدا و هەر ئەویش وایکرد سوننە ئومێدێکیان بە دەوڵەتێک بەناوی عێراقەوە پەیدابێتەوە. ئەمەش شتێکە کە هەم ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێ، هەم تورکیا و ئێران و رەنگە وڵاتانی عەرەبیش پێیان باش بێت کە لەم قۆناخەدا لە ناوچەکە بپارێزرێ.

عێراق بەرەو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەچێت، کە لە مانگی ئەپریلی ساڵی داهاتوو دەکرێت. بۆیەش لەئێستاوە بانگەشەی ناڕاستەوخۆ و موزایەدەی لایەنەکان بەسەر یەکدییەوە دەستیانپێکردووە. بۆ ئەمەش هیچ شتێک ئاسانتر نییە لە هێرشکردنە سەر عەبدولمەهدیی بێ حیزبی سیاسی و جەماوەر و رەخنەگرتن لە حکومەتەکەی و تۆمەتبارکردنی بە بەرپرسیاربوون لە هەموو ئەو نەهامەتییانەی لە عێراقدا هەن و لەڕاستیدا کەڵەکەبووی نزیکەی بیست ساڵ خراپ بەڕێوەبردنی عێراقن لە قۆناخی پاش سەدام حوسێندا. دەنا هەمووان دەزانن ئەو نە بەرپرسیارە لەو هەموو قەرزە کەڵەکەبووەی لەسەر عێراقە و سەرۆکوەزیرانەکانی پێش ئەو کردوویانە، نە سیاسەتی تائیفەگەرایانەی پەیڕەو کردووە و سوننەکانی کردووەتە دژی دەوڵەت، نە سیاسەتی تۆڵەکردنەوە و سزادانی لەگەڵ هەولێر پەیڕەو کردووە کە وابکات کوردستان لە بەغدا دوورکەوێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەو کەسەیە کە وایکردووە جارێکی دیکە هەمووان (بە پێکهاتەکانی نێوخۆی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتیش کەنداو) وەک یەک رووبکەنەوە بەغدا. ئەمەش بەرهەمی تێگەیشتنیەتی لە واقیعی عێراق و هەمان ئەو شتەشە کە هەم وەک بیرمەندێکی ئابووری و هەم پێشتریش وەک سەرکردەیەکی نێو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و هەم وەک وەزیری پێشتری نەوت و کاربەدەستی باڵای حکومەتەکانی پێشوو، بە ئەزموون لەسەر عێراق بۆی دەرکەوتووە.

بەڵام گریمان لە نێوخۆی عێراق شیعەکان و سەرۆک بارزانی (وەک کوردستان) و لایەنە سوننەکانیش، ئینجا دوای ئەوان ئەمریکا و ئێران و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش کۆک بوون لەسەر گۆڕینی ئەو پیاوە، کێی لە جێگە دادەنێن کە بتوانێ لە عێراقێکی لەبنەڕەتدا فشۆڵ وابکات نە ئەو هەموو شیشە بسووتێن، نە ئەو هەموو کەبابە؟



د.زوبێر ڕەسوڵ
biyar_zubir@yahoo.com

# ڕێگای سێیەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا

بۆ کورد چۆنیەتی مەمەڵەکردن و دانوستاندن لەگەڵ بەغدا و رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق چ لە پێش راپەڕین یان لە دوای راپەڕین یەکێک بووە لە گەورەترین ئاڵنگارییەکان، تا رووخاندنی بەعس لە 2003 کورد و بەغدا نەیانتوانی بگەنە میکانیزمێک بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ یەکتر، ئەگینا نە عێراق و نە رژێمی سەدامیش بەو دەردەی ئێستا دەگەیشتن. ئەمە جگە لەوەی پێوەندییەکانی بەغدا و کورد هەمیشە کێشەی خستووەتە ناوماڵی کوردیش، بە جۆرێک بەشێکی زۆری ململانێکانی نێوان پارتی و یەکێتی لە 1984، 1991 ، 1996 تاوەکو 16ی ئۆکتۆبەریش کێشە سەرەکییەکە هەر لەسەر میکانیزمی مەمەڵەکردن لەگەڵ بەغدا بووە. لە دوای نەمانی رژێمی بەعس و پرۆسەی نووسینەوەی دەستووریش لە 2005 کێشەکانی بەغدا و هەرێم هەر بەردەوامن. بە جۆرێک لەگەڵ هاتنی مالیکی بۆ سەر دەسەڵات لە خولی دووەمیدا، واتا دوای 2010، کێشەی نێوان بەغدا و هەرێم لە چوارچێوە دستوورییەکەش دەردەچێت. لەڕاستیدا دەرچوون لەناو قەفەسی بەغدا چەندە زەحمەتە، مانەوەش لەگەڵ بەغدا بە ئەندازەیەکی زیاتر. بۆیە کێشەی گەورەی هەرێمی کوردستان تا چەند ساڵێکی تریش نە لەگەڵ تورکیا دەبێت و نە لەگەڵ ئێران، بەڵکو لەگەڵ بەغدا و نوخبەی حوکمڕان لە بەغدا دەبێت. بۆیە سەرکردایەتی کورد دەبێت زیاتر لە رێگایەکی هەبێت و هیوای زۆر هەڵنەچنێت لەسەر رێککەوتنی درێژخایەن لەگەڵ بەغدا.

ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا بیڵێم، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە ئابووری و دارایی بەغدا هەرگیز لە دەستێکی ئەمیندا نییە، بەغدا نە دەوڵەتێکی دامەزراوەیی تۆکمەیە، نە وڵاتێکی بێ کێشە. هەرێمی کوردستان دەبێت ئەو راستییە بزانێت کە قەیرانەکانی عێراق زۆر لەوە قووڵترن بە 10 ساڵی تریش چارەسەر بکرێن. ئەوە 16 ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر گۆڕینی رژێمی بەعس لە عێراقدا کەچی قەیرانەکان رۆژ بە رۆژ قووڵتر دەبن. یەکێک لە سەرەکیترین ئەو کێشانەی عێراقی دوای 2003 بریتیە لە کۆبوونەوە یان گواستنەوەی بڕیاری سیاسی بۆ دەرەوەی دامەزراوەی حکومەت و ئەنجوومەنی وەزیران. واتا بوونی دوو دەسەڵات، یەکێکیان رووکەشە و خۆی لە ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی کۆمار و کۆمەڵە گرووپێک لە پەرلەمانتاردا دەبینێتەوە کە دابەشبوون بەسەر بەرژەوەندیی تایبەتی و هەرێمی و دوور نییە هەر لە بنەڕەتدا پۆستەکانیان پێشوەختە کڕدرابن. دووەمیش دەسەڵاتە راستەقینەکەیە کە لەژێر دەستی کۆمەڵێک گروپ و پارتی ئایدیۆلۆژیست و سەرکردەی سەربازیدایە و راستەوخۆ بەستراونەتەوە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و بەرژەوەندیی عێراق لە چاوی ویلایەتی فەقیهەوە دەبینن.

ئێران تا دێت قووڵتر شۆڕدەبێتەوە ناو جومگەکانی حوکمڕانی لە عێراق. دەسەڵاتی ئەوانەی پشتگیری لە شەریکایەتی لەگەڵ ئێران دەکەن زۆر بەهێزترە لەوانەی دژایەتی ئەو هەژموونەی ئێران دەکەن. عێراق بە تێپەڕبوونی کات خەریکە دەبێتە شەریکێکی زۆر ستراتیجی بۆ ئێران، بە جۆرێک گەرەنتی مانەوە و بەردەوامیی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژتر دەکاتەوە. لە سەروبەندی جەنگی ساردی ئەمریکا و ئێراندا ئەو گرنگیەی عێراق بۆ ئێران خەریکە دەردەکەوێت. بە جۆرێک خەریکە ئاگری جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی تاران لە بەغدا هەڵدەگیرسێ. چەک و جبەخانەکانی حەشدی شەعبی کە سەرۆک وەزیرانی عێراقیش نازانێت لە کوێن، خەریکە لەلایەن ئیسرایلەوە دەکەونە بەر هێرش. لەڕاستیدا رژێم و سیستمی سیاسی لە عێراق خەریکە رۆژ بە رۆژ نزیکدەبێتەوە لە رژێمێکی هاوشێوەی ئێران کە پارێزەرەکەی بریتیە لە پاسەوانانی شۆڕش. عێراقیش خەریکە لە هەمان مۆدێل نزیک دەبێتەوە، بە تایبەت لە دوای کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سەربازی و عەسکەری لە دەستی حەشدی شەعبیدا. عێراق رۆژ بە رۆژ لە ستراتیجیەتی ئێراندا پێگەی گرنگتر دەبێت، بە تایبەتی لە هاوکێشەی بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەشێک لە پسپۆڕانی ئەو بوارە پێیانوایە ئێستا "ئێران لەڕێی سپییەکانی عێراقەوە هەناسە دەدات". چەند رۆژێک لەمەوبەر وەزیری بەرگریی ئێران گوتی: "بەهێزکردنی بونیادی بەرگریی سوپای عێراق یەکێکە لە ستراتیجە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران"، ئەم لێدوانەی وەزیری بەرگریی ئێران ئەو وابەستەییەی عێراق بە ئێرانەوە دووپات دەکاتەوە. هێشتا سوپای عێراق نەبووەتە هێزێکی نیشتمانی، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەندێک لە سەرکردە شیعەکان وای دەبینن کە تا زووە دەبێت سوپا لەناو حەشدی شەعبیدا بتوێتەوە، چونکە بە پارە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دروستکراوە و بەرگری ناکات. بۆیە زۆر هەڵەیە ئەگەر هەرێمی کوردستان پێیوابێت کێشەکانی هەرێم و بەغدا تەنیا رادەستکردنی چەند سەد هەزار بەرمیلێکە و ئیتر هەرێم دەتوانێت بەپارەی بەغدا بژی. ئابووریی هەرێم هەرگیز سەقامگیر نابێت تا پشت بەخۆی نەبەستێ. هیچ رێککەوتنێک لەگەڵ عێراقدا گەرەنتی نییە، چونکە نە خودی بڕیاری سیاسی لە عێراق سەقامگیرە نە نوخبەی حوکمڕانیش نوخبەیەکی عێراقیە.

دوای 16 ساڵ لە گۆڕینی رژێمی سەدام، تا ئێستا عێراق لە لیستی هەرە گەندەڵترین و فاشیلترین وڵاتانی دونیادایە، تا ئێستا هەولێر و دهۆک و سلێمانی شوێنی سەرەکی گەشتیارانی عێراقن کە پێیانوایە زۆر لە ناوچەکانی خۆیان باشترن. راستە بەغدا بە حوکمی پێگەی سیاسی و یاسایی و دارایی دۆخی لە هەرێم باشترە، بەڵام هەرگیز ئەو وڵاتە سەقامگیرە نییە کە هەرێمی کوردستان بتوانێ تاسەر پشتی پێ ببەستێ. بۆیە لەم چوار ساڵەی حوکمڕانی، ستراتیژی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بریتی بێت لە پێداچوونەوە بە فۆرمی کارگێڕی و ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان، جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازی و بنیاتنانەوەی دامەزراوەکان کە بتوانێت بەرگەی چەند ساڵێک مانەوە بگرێت بەبێ بەغدا. راستە بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان لە تاران و ئەنکەرە باشترە و دەبێت لەم چەند سەڵەدا بە ناچاری رووی لە بەغدا بێت، بەڵام ئەمە چارەسەرێکی کاتیە و نابێت پشتی پێ ببەسترێ. هەرێمی کوردستان دەبێت وەک دەرفەتێکی کاتی سەیری بەغدا بکات کە ئەگەری هەیە لە هەر کاتێکدا نەمێنێ. بارودۆخی مووچەی هەرێمی کوردستان باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو ناسەقامگیریە. بە جۆرێک لە حاڵەتی نەمانی سەرۆک وەزیرانی ئێستادا (کە ئەگەرێکی دوور نییە)، تەواوی گفتوگۆکانی هەرێم و بەغدا شکست دێنن. هێزی ناوچەیی رژێمی ئێران لەسەر ئەوە بنیاتنراوە کە تا دەکرێت کێشە و قەیرانەکان بەکراوەیی جێبهێڵێت بۆ ئەوەی لەلایەک بتوانێت دەست لە کاروباری ئەو وڵاتانە وەربدات، لەلایەکی تریش ئەجێندای وڵاتانی نەیاری خۆی ئاڵۆز بکات. ئێستا ئێران لە هەریەکە لە عێراق و لوبنان و یەمەن رێک ئەو کارە دەکات ، بۆیە هەرێمی کوردستان دەبێت تا زووە خەریکی بنیاتنانەوەی ناوماڵی خۆی بێت، لە رێگای بنیاتنانەوەی دامەزراوە سیاسی و ئابووری و یاساییەکان بۆ ئەوەی بتوانێ لە کاتی روودانی قەیرانی لە ناکاودا بەرگە بگرێت و نەبێتە قوربانیی ململانێ هەرێمییەکان. هیچ دوور نییە بەیانیەک لەخەو هەستین و لە چاوتروکانێکدا سەرۆکوەزیران و سەرۆک کۆمار لادرابن، یان لە پەرلەمانی عێراق متمانە لە سەرۆکوەزیران وەرگیرابێتەوە. گشت ئەم ئەگەرانە بۆ ئێستای دۆخی عیراق فالگرتنەوە نین، بەڵکو ئەگەری زۆر نزیکن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

RÛDAW



# ئایسەڵ بوراک: ئێستا لە باکووری کوردستان ڕێ بە کۆنسێرتی کراوە نادرێت

« 10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12

rudaw@rudaw.net









